فەرموودە سیانییەکان

(١٤٥) فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ
هاوتا لەگەڵ بڕیارەکانی ئیمامی ئەلبانی
لەسەر فەرموودەکان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی
مسعود رمضان جوهر

پێداچوونەوەی
ماموّستا سیروان ئەشقەر

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

فەرموودە سیانییەکان

فەرموودە سیانییەکان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: مسعود رمضان جوهر

پێداچوونەوەی : مامۆستا سیروان ئەشقەڕ

بابەت : فەرموودە

نەخشەسازی : جمعە صدیق کاکە

چاپی یەکەم ٢٠٢١

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان/هەولێر

ژمارەی سپاردنی (٨٢٨)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

فەرموودە سیانییەکان

{١٤٥}

فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ

هاوتا لەگەڵ بڕیارەکانی ئیمامی ئەلبانی لەسەر فەرموودەکان

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی

مسعود رمضان جوهر

پێداچوونەوەی

مامۆستا سیروان ئەشقەڕ

کۆکردنـەوەی چـەند فەرموودەیـەکی پێغەمبـەری خوا ﷺ کە تێیدا باسی سێ شت دەکـات: سـێ نیشـانەی دوو ڕووەکـان، سـێ لـە ڕەوشـتی پێغەمبەران، سێ کەس نوێژیان وەرناگیرێت، سـێ کەس دوعایان وەردەگیرێت، سـێ کـەس دوعایـان وەرناگیرێت، سێ کردەوە لەناوبەرن، سێ کردەوە تاوانەکانت دەسڕنەوە، سـێ کـەس خـوای گـەورە دەیانپارێزێت، سێ کەس خوای گـەورە خۆشـیانی دەوێن، سێ کـەس مەلائیکـەت نزیکیـان نابنـەوە، جنۆکـە سـێ جـۆرن، سـێ کـەس چـاویان دۆزەخ نابینێت، سێ کەس بەهەشت تامەزرۆیانە.

پێشەکی

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله رب العالمين، أمرنا باتِّباع رسوله، والدّعوة إلى سبيله، والصلاة والسلام على نبيِّنا محمد وعلى آله وأصحابه ومن اتبعهم بإحسان إلى يوم الدين ...

خوێنەری بەڕێز.. ئەم کتێبەی بەردەستت چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوایە ﷺ، سوپاس بۆ خوای گەورە کە هەستام بە کۆکردنەوەی ئەم فەرموودانە، فەرموودەکانیش بریتین لەو فەرموودانەی کە تێیدا پێغەمبەری خوا ﷺ سێ ڕەوشت باس دەکات، یان فەرمان بە سێ کردەوە دەکات وسێ کردەوە قەدەغە دەکات، یان فەرموودە هەیە جۆری شتەکان دیاری دەکات ودابەشیان دەکات بۆ سێ جۆر، ...هتد، گشت فەرموودەکان بەمشێوەن؛ بۆیە ناوم ناوە (**فەرموودە سیانییەکان**)، وە لە گشت فەرموودەکانیش حوکمی ئیمام وزانا وفەرموودەناسی سەردەم شێخ (**محمد ناصر الدين الألباني**)ـم رَحِمَهُ ٱللَّهُ هێناوە.

هیودارم ببێتە مایەی سود گەیاندن بە موسڵمانان، خوای گەورە لە کەم وکوڕیەکانم خۆش ببێت وئەم هەوڵ وکۆششە کەمەم بە ئیخلاصی لێ قبوڵ بکات وبیکاتە زەخیرەیەک بۆ قیامەتم.

مسعود رمضان جوهر

١٠/ ذو القعدة/ ١٤٤١

٢٠٢٠/٧/١ز

هاندان بۆ ئە نجامدانی کردەوە
لە پێناو خوای گەورە وترسناکی ریاء

١/ **لە ئەبو هورەیرەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەیفەرموو:** «إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى فِيهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثَلَاثَةٌ: رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ، فَعَرَفَهَا، فَقَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى قُتِلْتُ. قَالَ: كَذَبْتَ، (وفي رواية الترمذي: وَتَقُولُ لَهُ الْمَلاَئِكَة :كَذَبْتَ). وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِيُقَالَ: هُوَ جَرِيءٌ، فَقَدْ قِيلَ. ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ، فَعَرَفَهَا، فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ فِيكَ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ، وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ. فَقَالَ: كَذَبْتَ، (وفي رواية الترمذي: وَتَقُولُ لَهُ الْمَلاَئِكَة :كَذَبْتَ). وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ لِيُقَالَ: هُوَ عَالِمٌ، فَقَدْ قِيلَ، وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ: هُوَ قَارِئٌ، فَقَدْ قِيلَ. ثُمَّ أَمَرَ بِهِ، فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، فَقَالَ: مَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ. قَالَ: كَذَبْتَ، (وفي رواية الترمذي: وَتَقُولُ لَهُ الْمَلاَئِكَة :كَذَبْتَ). وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ: هُوَ جَوَّادٌ، فَقَدْ قِيلَ.

ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ».[1] زاد في رواية الترمذي: ثُمَّ ضَرَبَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ عَلَى رُكْبَتِي فَقَالَ: «يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، أُولَئِكَ الثَّلَاثَةُ أَوَّلُ خَلْقِ اللَّهِ تُسَعَّرُ بِهِمُ النَّارُ يَوْمَ القِيَ َ ِ».

واتە: یەکەم کەس کە حوکمی بەسەر دەدرێت ولێ پرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لە ڕۆژی قیامەتدا سێ جۆرە کەسن: پیاوێك لە جیهاددا بەرامبەر بە کافران شەهید بووە، دەیهێنن، خوای گەورە ئەو نیعمەتانەی پێ دەناسێنیتەوە وبەبیری دەهێنێتەوە لەو نیعمەتانەی کە پەیوەندی بە جیهادکردنەوە هەیە لە پێدانی هێز وجەستەیەکی تەندروست، پیاوەکە نیعمەتەکان دەناسێنێتەوە ودانی پێ دادەنێت کە خوای گەورە نیعمەتی زۆری لەگەڵ کردووە.

خوای گەورە لێی دەپرسێت: چیت کرد بەو نیعمەتانەی کە پێم بەخشیت وچۆن بەکارت هێنا؟ پیاوەکە دەڵێت: لە پێناو تۆدا جیهادم کرد، بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی تۆ وبە ئومێدی پاداشت وەرگرتن لە تۆ جیهادم کرد تا شەهیدم بووم.

(جیهاد کردن وکوژرانی لە جیهاددا ئەو بیروباوەڕەی لای خەڵك دروست کرد کە شەهید بووە، واتە لە تێڕوانین وباوەڕی خەڵکی وابووە کە شەهید بووە لە پێناو خوای گەورە، بەڵام لە ڕاستیدا لە پێناو خوای گەورە شەهید نەبووە).

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٨٢٧٧) واللفظ له، ومسلم (٤٩٥٨)، والترمذي (٢٣٨٢)، وقال: هذا حديث حسن غريب، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٣٥١٨).

خوای گەورە کە زانایە بە نیەت وهەموو ئەو کار وکردەوانەی کە بە نهێنی وئاشکرا ئەنجامی دەدەین، وەلامی بانگەشەی ئەو پیاوە دەداتەوە وپێی دەفەرموێت: درۆت کرد، درۆت کرد لەو بانگەشەیەت. لە ڕیوایەتی الترمذي هاتووە: مەلائیکەتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد.

خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بەڵام شەڕت کرد وجەنگایت؛ بۆ ئەوەی خەڵکی باست بکەن وبڵێن: فلان کەس بە جورئەت وئازا وچاونەترسە، ئەوەی مەبەست وئامانجت بوو کە خەڵکی باست بکەن خەڵکی باسیان کردیت وهیچ پاداشتێکت لای من نیە.

پاشان فەرمان دەکرێت کە بیخەنە جەهەننەم، لەسەر ڕوخساری ڕادەکێشرێت، تا دەخرێتە ناو جەهەننەم.

وە پیاوێک دەهێنن کە زانست فێربووە وخەڵکیشی فێرکردووە وقورئانی خوێندووە، نیعمەتەکانی بیردەخەنەوە ودان بەو نیعمەتانە دەنێت کە پێی بەخشراوە.

خوای گەورە لێی دەپرسێت: چیت کرد بەو نیعمەتانەی کە پێم بەخشیت وچۆن بەکارت هێنا؟ پیاوەکە دەڵێت: فێری زانست بووم وخەڵکیم فێر کرد وقورئانم خوێندەوە لە پێناو تۆ.

خوای گەورە پێی دەفەرموێت: درۆت کرد. لە ڕیوایەتی الترمذي هاتووە: مەلائیکەتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد.

خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بەڵام فێری زانست؛ بووی بۆ ئەوەی پێت بوترێت: عالم وزانایە، وە قورئانت خوێندەوە بۆ ئەوەی پێت بوترێت: قورئان خوێنە، ئەوا وترا.

پاشان فەرمان دەکرێت کە بیخەنە جەهەننەم، لەسەر ڕوخساری ڕادەکێشرێت، تادەخرێتە ناو جەهەننەم.

وە پیاوێك دەهێنن کە خوای گەورە مالّ وسامانێکی زۆری پێ بەخشیوە لە هەموو جۆرەکانی مالّ وسامان، نیعمەتەکانی بیردەخەنەوە ودان بەو نیعمەتانە دەنێت کە پێی بەخشراوە.

خوای گەورە لێی دەپرسێت: چیت کرد بەو نیعمەتانەی کە پێم بەخشیت وچۆن بەکارت هێنا؟ پیاوەکە دەڵێت: هیچ ڕێگایەکم نەهێشتەوە کە تۆ پێت خۆشبێت مالّی تێدا ببەخشم ئیللا مالّم تێیدا بەخشیوە لە پێناو ڕەزامەندی تۆ وبە ئومێدی پاداشت وەرگرتن لە تۆ. خوای گەورە پێی دەفەرموێت: درۆت کرد. لە ڕیوایەتی الترمذي هاتووە: مەلائیکەتەکانیش پێی دەڵێن: درۆت کرد.

خوای گەورە پێی دەفەرموێت: بەڵام بەخشیت؛ بۆ ئەوەی پێت بوترێت: بەخشندە وسەخیە، ئەوا وترا.

پاشان فەرمان دەکرێت کە بیخەنە جەهەننەم، لەسەر ڕوخساری ڕادەکێشرێت، تا دەخرێتە ناو جەهەننەم.

لە ڕیوایەتی الترمذي هاتووە: پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەردوو دەستی لە ئەژنۆمدا وفەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە! ئەو سێ جۆرە کەسانە یەکەم کەسانن لە دروست کراوەکانی خوای گەورە کە ئاگری دۆزەخیان پێ خۆش دەکرێت لە ڕۆژی قیامەت.

ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی
بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە

٢/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «إِنَّ اللَّهَ يَرْضَى لَكُمْ ثلاثاً، ويسخط لكم ثلاثاً؛ يَرْضَى لَكُمْ: أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَأَنْ تَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا، وَأَنْ تَنَاصَحُوا مَنْ وَلَّاهُ اللَّهُ أَمْرَكُمْ، وَيَكْرَهُ لَكُمْ: قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةَ السُّؤَالِ، وإضاعة المال».[١]

واتە: خوای گەورە بۆتان ڕازیە بە ئەنجامدانی سێ کردار، وە بە سێ کرداریش ڕازی نییە بۆتان و تووڕە دەبێت، بۆتان ڕازیە کە: تەنها خوای گەورە بپەرستن بەتاك و تەنیایی و هیچ هاوبەش و شەریکێکی بۆ بڕیار نەدەن، وە هەموتان دەست بگرن بە حەبلی خوای گەورە، وە ئامۆژگاری ئەو کەسە بکەن کە خوای گەورە کردوویەتی بە فەرمانڕواتان.

وە لە سێ شت بۆتان ڕازی نییە وتووڕە دەبێت: وادەڵێن و وایان وت، وە زۆر پرسیار کردن، وە بەفیڕۆدانی مالّ وسامان.

ئیمامی نەوەوی رَحِمَهُ اللَّهُ دەفەرموێت: "دەست گرتن بە (حبل الله) واتە: دەست گرتن وپەیوەست بوون بە پەیمانەکەیەوە کە شوێن کەوتنی قورئانی

---

(١) أخرجه البخاري في الأدب المفرد (٤٤٢) واللفظ له. ومسلم (٤٥٠٢).

پـیرۆز وڕەچـاوکردن ونەبەزانـدنی سـنوری خـوای گـەورە وجـێ بـەجێکردنی ڕەوشت وئاکارەکانی ئیسلامە...

بەڵام ئەو وتەیەی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ کە دەفەرموویت: (وَلاَ تَفَرَّقُوا) ئەمـە فەرمانێکـە بـۆ موسـڵمانان بـەوەی کـە پەیوەسـت بـن بەیـەک کۆمـەڵ وجەماعەتی موسڵمانانەوە، وە هۆگری یەکتر بن، ئەمەش یەکێکە لە بنەماکانی ئیسلام"[1].

(١) شرح النووي على مسلم (١٢/١١).

ئەو سێ شتەی نابێت دڵی موسڵمان
ڕق وقینەی بەرامبەریان هەبێت

٣/ لە زەیدی کوڕی ثابتەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: «ثَلَاثُ خِصَالٍ لَا يَغِلُّ عَلَيْهِنَّ قَلْبُ مُسْلِمٍ أَبَدًا: إِخْلَاصُ الْعَمَلِ لِلَّهِ، وَمُنَاصَحَةُ وُلَاةِ الْأَمْرِ، وَلُزُومُ الْجَمَاعَةِ، فَإِنَّ دَعْوَتَهُمْ تُحِيطُ مِنْ وَرَائِهِمْ».(١)

واتە: سێ ڕەوشت هەن هەرگیز دڵی موسڵمان خەشم وقینی بەرامبەریان نییە: ئیخلاص وئەنجامدانی کار وکردەوە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە، ئامۆژگاری پێشەوا وکاربەدەستی موسڵمانان، پابەند بوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە؛ چونکە دوعا وپاڕانەوەی پێشەوایان لە پشتەوە دەوری موسڵمانان دەدات ودەیانپارێزێت.

سەبارەت بەم دوو فەرموودەیە شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە رَحِمَهُ اللَّهُ دەفەرموێت: "دەبینین پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەم فەرموودانەدا سێ سیفەتی کۆ کردووەتەوە:

یەکەم: ئیخلاص وتەنها ئەنجامدانی کردەوە لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢١٥٩٠) واللفظ له. والترمذي (٢٦٥٨)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٤٠٤).

دووەم: ئامۆژگاری کاربەدەستان.

سێیەم: دەست گرتن بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە.

وە ئەم سێ سیفەتەش هەموو بنەما وڕێساکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگرێتەوە، ومافەکانی خوای گەورە وبەندەکانی کۆدەکاتەوە، لەگەڵ ڕێکخستنی بەرژەوەندیەکانی دونیا وئاخیرەت.

ڕوون کردنەوەی ئەمەش بەو شێوەیەیە کە مافەکان دوو جۆرن:

یەکەمیان: مافی خوای گەورە: کە پێویستە بێپەرستین وهیچ شەریکێکی بۆ بڕیار نەدەین، هەروەک لە یەکێك لە فەرموودەکان هاتووە (أَنْ تَعْبُدُوهُ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)، وە ئەمەش مانای ئیخلاص وئەنجامدانی کردەوەکانە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە.

دووەمیان: مافی بەندەکان: کە ئەمیشیان دوو بەشە: تایبەت وگشتی.

تایبەتیەکەیان: وەکو چاکەکاری هەموو مرۆڤێك لەگەڵ دایك وباوکی، وە مافدانی هاوسەر ودراوسێکەی، ئەمانە لە بەشەکانی دینن (فروع الدین)؛ چونکە لەوانەیە کەسی پێ سپێردراو پێویستیەکەی لەسەر بکەوێت، یان بەرژەوەندیەکەی تاکەکەسی وتایبەتە، بەڵام مافە گشتیەکان ئەوا خەڵکی دەبن بە دوو جۆر: کاربەدەستان وژێر دەستەکان.

مافی کاربەدەستانیش ئامۆژگاری کردنیانە، وە مافی ژێر دەستەکانیش دەست گرتنە بە کۆمەڵی گەورەی موسڵمانانەوە؛ چونکە بە کۆبوونەوەیان نەبێت بەرژەوەندیەکانیان تەواو نایەتە دی، وئەوانیش لەسەر گومڕایی کۆنابنەوە، بەڵکو بەرژەوەندی دین ودونیایان لە کۆبونەوە ودەست گرتن بە پەتی خوای

گەورە دایە (حبل الله)، ئەم سیفەتانەش هەموو بنەماکانی ئایینی لە خۆ گرتووە"[١].

سەبارەت بە ئامۆژگاری کردنی کاربەدەستان شێخ عبدالرحمن ناصر سەعدی رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: "سەبارەت بە ئامۆژگاری کردنی پێشەوای موسڵمانان، ئەوانەی والی نشینن –لە سوڵتانی گەورە تا ئەمیر، یان قازی یان هەموو ئەو کەسانەی کە والین وولایەتیان هەیە جا ولایەتەکەی بچوک بێت یان گەورە– ئەوانە لەبەر ئەوەی کار وئەو پێویستیانە کە لەسەریانە بیکەن گەورەترە لە غەیری خۆیان، بۆیە پێویستە بۆیان کەوا ئامۆژگاری بکرێن بە گوێرەی پلە وپایە ودەسەلاتیان، ئەمەش بە بڕوابوون بە پێشەوایەتیان، وە ئیعتراف کردن بە ولایەتیان، وە واجبێتی گوێڕایەڵی کردنیان لە چاکە، وە دەرنەچوون لەسەریان، وە هاندانی ژێردەستەکان بۆ گوێڕایەڵی کردنیان، وە پابەندبوون بە فەرمانەکانیان ئەو فەرمانانەی کە پێچەوانەی فەرمانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی نییە ﷺ، وە ئینسان بە گوێرەی توانای هەوڵی خۆی بدات بۆ ئامۆژگاری کردنیان، وە ڕوونکردنەوەی ئەوشتانەی کە لێیان شاراوەیە، لەو شتانەی کە پێویستیان پێیەتی لە چاودێریکردنیان، جا هەرکەسێك بە گوێرەی بار ودۆخەکەی، وە دوعا کردن بۆیان بە چاکبون وتەوفیق بوون، چونکە چاك بوونیان چاکبوونە بۆ ژێردەستەکانیان، وە دوورکەوتنەوە لە جوێندان پێیان وزەمکردن وباسکردنیان لە پاشە ملە،

(١) مجموع الفتاوى (١/١٨-١٩).

وبڵاوکردنەوەی قسەی ناڕاست وئابڕو بردنیان، بێگومان ئەم کارانە خراپەکاری وزەرەر وزیان وفەسادی زۆر گەورەی تێدایە.

وە لە ئامۆژگاریان: پێویستە ئاگاداربن وئاگادارکردنەوە بدەن لەسەری، ئەگەر لە کەسێك شتێکتان بینی کە دروست نییە، پێویستە بە نهێنی ئاگاداریان بکەنەوە نەك بە ئاشکرا وعەلەنی، وە بەنەرم ونیانی، وە بە شێوازێك بێت کە لەگەڵ کات وشوێنەکە بگونجێت، وئەوەی کە مەبەستە بگەیەنرێت، ئەمە لە ئامۆژگاری کردنی هەموو کەسێك داواکراوە، بەتایبەت فەرمانڕەوایان، ئاگادار کردنەوەیان بەمشێوەیە سود وخێری زۆری دەبێت، وە ئەمەش نیشانەی ڕاستگۆیی وئیخلاصە.

وە ئاگاداربە ئەی کەسی ئامۆژگاریکار بۆیان بەمشێوەیە ئامۆژگاری کردنیان ستایشکراو وسوپاسکراوە -واتە: نهێنی ونەرم ونیانی- بەڵام ئاگاداربە ئامۆژگاریەکەت تێك مەدە بەوەی لای خەڵك بە مەدح باسی بکەیت، لەناو خەڵکی بڵێیت: من کاربەدەستانم ئامۆژگاری کردووە ووام پێیان وت وئاوام وتووە؛ ئەمە نیشانەی ڕیاء ونا دڵسۆزی وکەمی ئیخلاصە، وە زیانی تریشی هەیە"[1].

وە دەفەرموێت: "پێویستە لەسەر خەڵکی کە چاو دابگرن لە ئاست هەڵە وخراپەکانیان، وخۆیان سەرقاڵ نەکەن بە جنێودان پێیان، بەڵکو داوا لە خوای گەورە بکەن کە تەوفیقیان بدات، چونکە بێگومان جنێودان وقسە وتن بە مەلیك وفەرمانڕوایان خراپەکاری زۆر گەورەی تێدایە، وە زەرەری بۆ تاك تاك

---

(١) الرياض الناضرة (ص٤١).

وگشت خەڵکی هەیە، وە لەوانەیە ئەو کەسەی کە جوێن بە کاربەدەستان دەدات ڕۆژێك لە ڕۆژان ئامۆژگاری کاربەدەستی نەکردبێت!، ئەمەش نیشانەی غەش وفێڵکردنە لە کاربەدەستان وژێردەستە"[١].

کەواتە ئینسانی موسڵمان نابێت خەشم وقینی لە دڵدا هەبێت بەرامبەر بەم سێ سیفەت وکردارە، بەڵکو دەبێت پێی ڕازی بێت؛ خوای گەورە بە ئەنجامدانی ئەم سیفەتانە ڕازیە، ڕازی نەبوون پێی بێگومان خەشم وقین وخیانەت وتاوانە، وە چۆن موسڵمان بە شتێك ڕازی نابێت کە خوای گەورە پێی ڕازیە(!!).

(١) نور البصائر والألباب (ص٦٦).

فەرمانڕەوایان لە قوڕەیشن

٤/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الْأُمَرَاءُ مِنْ قُرَيْشٍ مَا عَمِلُوا فِيكُمْ بِثَلَاثٍ: مَا رَحِمُوا إِذَا اسْتُرْحِمُوا، وَأَقْسَطُوا إِذَا قَسَمُوا، وَعَدَلُوا إِذَا حَكَمُوا».[١]

واتە: فەرمانڕەوایان لە قوڕەیشن، تا سێ شت لەناو ئێوەدا ئەنجام دەدەن: بەڕەحم وبەزەیی بن ئەگەر داوای بەزەییان لێکرا، وە دادپەروەربن لە کاتی دابەش کردندا، وە دادپەروەربن لە حوکم کردندا.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الحاكم في المستدرك (٨٥٢٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٢٧٨٨).

سەبارەت بە گەورەیی تاوانی ئەو سێ کەسە پرسیاریان مەکەن

٥/ لە فوضالەی کوڕی عوبەیدەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویێت: «ثَلَاثَةٌ لَا يُسْأَلُ عَنْهُمْ: رَجُلٌ فَارَقَ الْجَمَاعَةَ، وَعَصَى إِمَامَهُ فَمَاتَ عَاصِيًا؛ فَلَا تَسْأَلْ عَنْهُ، وأَمَةٌ أَوْ عَبْدٌ أَبِقَ مِنْ سَيِّدِهِ فماتَ. وَامْرَأَةٌ غَابَ زَوْجُهَا، وَكَفَاهَا مَؤُونَةَ الدُّنْيَا فَتَبَرَّجَتْ وَتَمَرَّجَتْ بَعْدَهُ. وَثَلَاثَةٌ لَا يُسْأَلُ عَنْهُمْ: رَجُلٌ نَازَعَ اللهَ رداءَه؛ فَإِنَّ رِدَاءَهُ الْكِبْرِيَاءُ، وَإِزَارَهُ عِزَّهُ. وَرَجُلٌ شَكَّ فِي أَمْرِ اللَّهِ، وَالْقُنُوطُ مِنْ رحمة الله».[1]

واتە: سەبارەت بە گەورەیی تاوانی سێ کەس پرسیار مەکە چونکە لەوانەن کە بەهەلاکەت داچوونە: کەسێك خۆی جیاکردبێتەوە لە کۆمەڵی موسڵمانان وسەرپێچی پێشەواکەی بکات وبەو تاوانەوە بمرێت؛ پرسیار لە خراپی وتاوانی مەکە. کەنیزەیەك یان کۆیلەیەك یاخی بووبێت ولە گەورەکەی هەڵاتبێت ومردبێت.

---

(١) أخرجه البخاري في الأدب المفرد (٥٩٠)، وابن حبان في صحيحه (٤٥٤١)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٥٤٢)، وصحيح الأدب المفرد (٥٩٠)، والتعليقات الحسان (٤٥٤١).

وە ئافرەتێك كە پیاوەكەی بڕوات ودوورکەوێتەوە لێی وهەموو پێداویستیەکی دونیایی بۆ دابین کردبێت لە دوای پیاوەکەی خۆی دەربخات وخراپەکاری بکات (لە لەفزی تردا خیانەت بکات) پرسیار لە خراپی وتاوانی مەکە.

وە سەبارەت بە گەورەیی تاوانی سێ کەسیتر پرسیار مەکە: پیاوێك ناکۆکی وململانێی گەورەیی ومەزنی وشکۆمەندی لەگەڵ خوای گەورە بکات، بێگومان گەورەیی ومەزنی تەنها بۆ خودایە وئەم دوو سیفەتە تایبەتن بە خوای گەورە وبۆ هیچ بەندەیەك نییە کەوا خۆی بە گەورە بزانێت.

وە پیاوێك کە گومانی لە بوونی خوای گەورە هەبێت، وە کەسێك کە بێ ئومێد بێت لە ڕەحمەت وبەزەیی خوای گەورە.

ئەو کەسانەی تام وچێژی ئیمانیان چەشتووە

٦/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ: مَنْ كَانَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لاَ يُحِبُّهُ إِلاَّ لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ بَعْدَ أَنْ أَنْقَذَهُ اللَّهُ مِنْهُ، كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ».[١] وفي لفظ: «وَمَنْ كَانَ أَنْ يُلْقَى فِي النَّارِ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ أَنْ يَرْجِعَ فِي الْكُفْرِ بَعْدَ أَنْ أَنْقَذَهُ اللَّهُ مِنْهُ».[٢]

واتە: سێ شت هەیە لە هەرکەسێکدا هەبێت تام وشیرینی ئیمانی چەشتووە: کەسێك خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو شتێك خۆشتر بوێت، وە کەسێك کەسێکی خۆشبوێت، خۆشی نەوێت تەنها لە پێناو خوای گەورە نەبێت، وە کەسێك وەك چۆن پێی ناخۆشە بکرێتەوە ناو ئاگرەوە ئاوا پێی ناخۆش بێت کە بگەڕێتەوە سەر کوفر وبێباوەڕی پاش ئەوەی خوای گەورە لە بێباوەڕی دەری هێناوە.

---

(١) متفق عليه: البخاري (١٦)، ومسلم (٧٤) واللفظ له.

(٢) أخرجه مسلم (٧٥).

لە لەفزێکی تر: وە کەسێك کە فڕێدانە ناو ئاگری پێ خۆشتربێت لەوەی بگەڕێتەوە سەر بێباوەڕی پاش ئەوەی خوای گەورە لە بێباوەڕی دەری هێناوە.

٧/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ، وَجَدَ بِهِنَّ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ، وَطَعْمَهُ، أَنْ يَكُونَ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ فِي اللَّهِ، وَأَنْ يُبْغِضَ فِي اللَّهِ، وَأَنْ تُوقَدَ نَارٌ عَظِيمَةٌ، فَيَقَعُ فِيهَا أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ أَنْ يُشْرِكَ بِاللَّهِ شَيْئًا».[1]

واتە: سێ شت هەیە لە هەرکەسێکدا هەبێت تام وشیرینی ئیمانی چەشتووە: کەسێك خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە هەموو شتێك خۆشتر بوێت، وە کەسێك تەنها لە پێناو خوای گەورە کەسێکی خۆشبوێت، وە کەسێك تەنها لە پێناو خوای گەورە ڕقی لە کەسێك بێت، وە کەسێك لای خۆشەویسترە کە بکرێتە ناو ئاگرێکی گەورەوە نەك شیرك وهاوبەش بۆ خوای گەورە بڕیار بدات.

٨/ عبدالله ی کوڕی موعاویەی غاضیری رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثٌ مَنْ فَعَلَهُنَّ فَقَدْ طَعِمَ طَعْمَ الإِيمَانِ: مَنْ عَبَدَ اللَّهَ وَحْدَهُ وَأَنَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَعْطَى زَكَاةَ مَالِهِ طَيِّبَةً بِهَا نَفْسُهُ، رَافِدَةً عَلَيْهِ كُلَّ عَامٍ، وَلاَ يُعْطِي الْهَرِمَةَ، وَلاَ الدَّرِنَةَ، وَلاَ الْمَرِيضَةَ،

---

(١) أخرجه النسائي (٤٩٨٩)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٣٤٢٣).

وَلاَ الشَّرَطَ اللَّئِيمَةَ، وَلَكِنْ مِنْ وَسَطِ أَمْوَالِكُمْ، فَإِنَّ اللَّهَ لَمْ يَسْأَلْكُمْ خَيْرَهُ، وَلَمْ يَأْمُرْكُمْ بِشَرِّهِ». (١)

واتە: سێ شت هەیە هەرکەسێك ئەنجامیان بدات بێگومان تام وچێژی ئیمانی کردووە: هەرکەسێك خوای گەورە بە تاك وتەنیا بپەرستێت وشەریکی بۆ بڕیار نەدات وە بڕوای وابێت کە هیچ پەرستراوێکی حەق نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە، وە کەسێك دڵ خۆش بێت بەوەی کە زەکاتی ماڵەکەی بدات کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە وبە خۆشحاڵی ودڵفراوانیەوە زەکاتەکەی دەدات، وە لە زەکاتی مەڕ ومااڵت ئاژەڵێکی زۆر پیر وگەڕی لاواز ونەخۆش وسوکترین وخراپترین نەبێت، بەڵکو لە چینی مام ناوەندی ماڵەکەتان بێت؛ چونکە خوای گەورە داوای باشترین ئاژەڵتان لێ ناکات، وە فەرمانیشتان پێ ناکات بەوەی کە خراپترین ئاژەڵ بدەن.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه أبي داود (١٥٨٢)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي دادود (١٥٨٢)، والصحيحة (١٠٤٦).

ئەو کەسانەی دوو جار پاداشت وەردەگرن

٩/ لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثة يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ: رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَاب، آمَنَ بِنَبِيِّه، وَأَدْرَكَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَآمنَ بِه، وَاتَّبَعَهُ، وَصَدَّقَهُ، فَلَهُ أَجْرَانِ؛ وَعَبْدٌ مَمْلُوكٌ، أَدَّى حَقَّ اللهِ تَعَالَى، وَحَقَّ سَيِّدِه، فَلَهُ أَجْرَانِ؛ وَرَجُلٌ، كَانَتْ لَهُ أَمَةٌ، فَغَذَّاهَا، فَأَحْسَنَ غِذَاءَهَا، ثُمَّ أَدَّبَهَا، فَأَحْسَنَ أَدَبَهَا، ثُمَّ أَعْتَقَهَا، وَتَزَوَّجَهَا، فَلَهُ أَجْرَانِ».(١)

واتە: سێ کەس هەن دووجار پاداشت وەردەگرن: پیاوێك لە ئەهلی کیتاب ئیمانی بە پێغەمبەرەکەی هێنابێت وبە پێغەمبەر بگات صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ئیمانی پێ بهێنێت وشوێنی بکەوێت وبەڕاستی بخاتەوە، دوو جار پاداشتی بۆ هەیە، وە بەندەیەکی کۆیلە، ئەگەر مافی خوای گەورە بدات، وە مافی گەورەکەی بدات، دوو جار پاداشتی بۆ هەیە، وە پیاوێك ئافرەتێکی کۆیلەی هەبێت وخواردنی پێ بدات، پاشان بەباشترین شێوە پەروەردەی بکات وبەباشترین شێوە فێری بکات، پاشان ئازادی بکات ومارەی بکات، دوو جار پاداشتی بۆ هەیە.

---

(١) متفق عليه: البخاري (٩٧، ٣٠١١)، ومسلم (٣٠٤) واللفظ له.

ئیمان هێنان پاش ڕوودانی ئەم سێ شتە سوودی نییە

١٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثٌ إِذَا خَرَجْنَ لاَ يَنْفَعُ نَفْسًا إِيمَانُهَا لَمْ تَكُنْ آمَنَتْ مِنْ قَبْلُ، أَوْ كَسَبَتْ فِي إِيمَانِهَا خَيْرًا: طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا، وَالدَّجَّالُ، وَدَابَّةُ الأَرْضِ».(١)

واتە: سێ شت ئەگەر دەرکەوتن ئیمان هێنان لەو کاتەدا هیچ سودی پێناگەیەنێت ئەگەر پێشتر ئیمانی نەهێنابێت، یان کردەوەی چاکی لەگەڵ ئیمانەکەیدا نەکردبێت: هەڵاتنی خۆر لە خۆرئاواوە، وە دەرکەوتنی دەججال، وە دەرکەوتنی ئاژەڵێك لە زەوی.

سەبارەت بەو ئاژەڵەی کە لە زەویەوە دەردەچێت خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ۞ وَإِذَا وَقَعَ ٱلْقَوْلُ عَلَيْهِمْ أَخْرَجْنَا لَهُمْ دَآبَّةً مِّنَ ٱلْأَرْضِ تُكَلِّمُهُمْ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ [النمل: ٨٢].

واتە: کاتێك قیامەت نزیك دەبێتەوە لەناو زەوی ئاژەڵێکیان بۆ دەردەکەین کە قسەیان لەگەڵدا دەکات یان قسەیان بۆ دەکات، ئەمەش یەکێکە لە نیشانە

---

(١) أخرجه مسلم (٣١٧).

گەورەکانی قیامەت، بێگومان ئەو کاتەی کە ئاژەڵەکە دەردەچێت خەڵکی یەقینیان نییە بە ئایات ودەسەڵاتی خوای گەورە.

"ئەم ئاژەڵە لە کۆتایی دونیادا لە زەویدا دەردەچێت کە خەڵکی ئەو سەردەمە خراپەکاری وفەسادی ئەنجام دەدەن وواز لە جێ بەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە دەهێنن ودینی خوای گەورە دەگۆڕن، خوای گەورە ئەو ئاژەڵەیان لە زەوی بۆ دەردەهێنێت.

وە لە ئیبن عەببباس و حەسەن وقەتادە هاتووە دەفەرموون: گفتوگۆ وقسە لەگەڵ خەڵکی دەکات.

وە لە ڕیوایەتی تر هاتووە لە ئیبن عەببباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: لەسەر نیوچەوانی کەسی کافر دەنوسێت کافر، وەلەسەر نیوچەوانی کەسی ئیماندار دەنوسێت ئیماندار.

هەردوو ڕیوایەتەکە هیچ دژیەکێکی تێدا نییە، دەکرێت قسەیان لەگەڵ بکات ولە نێو چەوانیشیان بنوسێت ئیماندار، یان کافر".[1]

❁ ❁ ❁

(١) انظر: تفسير ابن كثير (٣٦٧/٥)، والبداية والنهاية (٢٤٧/١٩).

ڕشتنی خوێنی موسڵمان ڕەوا نییە تەنها بەم شتانە نەبێت

١١/ لە عبدالله کوڕی مەسعودەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لاَ يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللهِ، إِلاَّ بِإِحْدَى ثَلاَثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ، وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ».(١)

واتە: دروست نییە کوشتنی کەسی موسڵمان کە شایەتمان بهێنێت بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق کە شایستەی پەرستن بێت تەنها خوای گەورە نەبێت وە شایەتی بدات کە من پێغەمبەر ونێردراوی خوای گەورەم، تەنها بە یەکێك لەم سێ شتە نەبێت: کەسێکی خێزاندار زینای کردبێت، کوشتنەوەی کەسێك کە کەسێکی کوشت بێت، وە ئەو کەسەی کە وازی لە دین هێناوە یان لە کۆمەڵی موسڵمانان جیا بووبێتەوە.

١٢/ لە دایکی ئیماندارانەوە عائشەی پاک رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِيءٍ مُسْلِمٍ يَشْهَدُ أَن لا إِلَهَ إِلا الله، وَأَنَّ مُحَمدًا رَسُولُ الله، إلا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: رَجُلٌ زَنَى

(١) متفق عليه: البخاري (٦٨٧٨)، ومسلم (٤٣٩٠) واللفظ له.

بَعْدَ إِحصَانٍ فَإِنَّهُ يُرجَمُ، وَرَجُل خَرَجَ مُحَارِبًا لله وَرَسُولِهِ، فَإِنَّهُ يُقْتَلُ أَوْ يُصْلَبُ وَيُنْفَى مِنَ الأَرْض، أَوْ يَقْتَلُ نَفْسًا فَيُقْتَلُ بِهَا».[١]

واتە: دروست نییە کوشتنی کەسی موسڵمان کە شایەتمان بهێنێت بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق کە شایستەی پەرستن بێت تەنها خوای گەورە نەبێت وە شایەتی بدات کە من پێغەمبەر ونێردراوی خوای گەورەم، تەنها بە یەکێك لەم سێ شتە نەبێت: پیاوێك پاش ژنهێنان زینا بکات بەرد باران دەکرێت، وە پیاوێك کە شەڕ بکات لە دژی خوا وپێغەمبەرەکەی دەکوژرێت یان لە خاچ دەدرێت یانیش دوور دەخرێتەوە، یان کەسێك کەسێکی کوشتبێت دەکوژرێتەوە.

١٣/ عوثمانی کوڕی عەففان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، کاتێك دەوریان دابوو، گوێی لێ بوو کە باسی کوشتنیان دەکرد، فەرمووی: ئەوانە پەیمانی کوشتنی من دەدەن؟ بۆچی دەم کوژن؟ بێگومان من گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو دەیفەرموو: «لَا يَحِلُّ دَمُ امْرِئٍ مُسْلِمٍ إِلَّا فِي إِحْدَى ثَلَاثٍ: رَجُلٌ زَنَى وَهُوَ مُحْصَنٌ فَرُجِمَ، أَوْ رَجُلٌ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ، أَوْ رَجُلٌ ارْتَدَّ بَعْدَ إِسْلَامِهِ».

واتە: دروست نییە کوشتنی کەسی موسڵمان کە شایەتمان بهێنێت بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نییە بە حەق کە شایستەی پەرستن بێت تەنها خوای گەورە نەبێت وە شایەتی بدات کە من پێغەمبەر ونێردراوی خوای گەورەم، تەنها بە

---

(١) أخرجه أبو داود (٤٣٥٣)، والنسائي (٤٠٤٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٧٦٤٢).

یەکێك لەم سێ شتە نەبێت: پیاوێك پاش ژنهێنان زینا بکات بەرد باران دەکرێت، وە کەسێك بە ناحەق کەسێکی کوشتبێت، یان پیاوێك لە دین هەڵگەڕابێتەوە پاش موسڵمان بوونی.

پاشان فەرمووی: سوێند بە خوای گەورە نە لەسەردەمی جاهیلیەت ونە پاش موسڵمان بوون زینام نەکردووە، وە هەرگیز کەسێکی موسڵمانم نەکوشتووە، وە پاش ئەوەی موسڵمانیش بووم هەڵنەگەڕاومەتەوە.[1]

(١) أخرجه الالإمام أحمد في مسنده (٤٥٢)، والترمذي (٢١٥٨)، والنسائي (٤٠١٩)، وابن ماجة (٢٥٣٣) واللفظ له، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٧٦٤١).

جۆرەکان زوڵم

١٤/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الظُّلْمُ ثَلَاثَةٌ: فَظُلْمٌ لَا يَتْرُكُهُ اللهُ، وَظُلْمٌ يُغْفَرُ، وَظُلْمٌ لَا يُغْفَرُ، فَأَمَّا الظُّلْمُ الَّذِي لَا يُغْفَرُ فَالشِّرْكُ لَا يَغْفِرُهُ اللهُ، وَأَمَّا الظُّلْمُ الَّذِي يُغْفَرُ فَظُلْمُ الْعَبْدِ فِيمَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَبِّهِ، وَأَمَّا الظُّلْمُ الَّذِي لَا يُتْرَكُ فَظُلْمُ الْعِبَادِ فَيَقْتَصُّ اللهُ بَعْضَهُمْ مِنْ بَعْضٍ». (١)

واتە: زوڵم سێ جۆرە: زوڵمێك خوای گەورە وازی لێ ناهێنێت، وە زوڵمێك لێی خۆش دەبێت، وە زوڵمێکی تر لێی خۆش نابێت. ئەو زوڵمەی کە خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت بریتی یە لە شەریك وهاوبەش بڕیاردان بۆ خوای گەورە کە هەرگیز لێی خۆش نابێت ئەگەر خاوەنەکەی تەوبەی لێ نەکات.

ئەو زوڵمەی کە خوای گەورە لێی خۆش دەبێت ئەو زوڵمەیە کە لە نێوان بەندە و خوای گەورە دایە بەوەی هەڵنەستابێت بە ئەنجامدانی فەرمانێك لە فەرمانەکانی خوای گەورە یان سەرپێچی فەرمانێکی کردبێت وتاوانێکی ئەنجام دابێت بەو مەرجەی کە سەرپێچی لەو مافە کردبێت کە لە نێوان خۆی و خوای گەورە دایە، نەك زوڵم کردن لە بەندەی تر.

---

(١) أخرجه أبو داود الطَّيَالِسي في مسنده (٢٢٢٣)، وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (١٩٢٧).

ئەو زوڵمەی کە خوای گەورە وازی لێ ناهێنێت بریتی یە لە زوڵمی بەندەکان کە بەرامبەر یەکتری دەیکەن خوای گەورە واز لەو زوڵمە ناهێنێت تا حوکم لە نێوانیاندا دەکات یان خاوەن ماف لە مافەکەی خۆی خۆشدەبێت یانیش خوای گەورە زیاتری پێ دەبەخشێت تا ڕازی دەبێت و زوڵمکار دەبوڕێت، ئەگەر نەی بوڕێت خوای گەورە تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە.[1] واللَّه تعالى أعلم.

(١) انظر: التَّنويرُ شَرْحُ الجَامِع الصَّغِيرِ للصنعاني (٧/١٩٠).

ئەو کردەوانەی کوفرن بە خوای گەورە

١٥/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلَاثٌ مِنَ الْكُفْرِ بِاللَّهِ: شَقُّ الْجَيْبِ، وَالنِّيَاحَةُ، وَالطَّعْنُ فِي النَّسَبِ».[1]

واتە: شێ شت هەیە کوفرن بە خوای گەورە: کەسێك لە کاتی موصیبەتدا یەخە وسنگی خۆی دابدڕێت، گریان ونالاندن بە دەنگی بەرز لەسەر مردوو، تانەدان وقسە وتن بە ڕەچەڵەك ونەژادەوە.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه ابن حبان في صحيحه (١٤٦٣)، وصححه لغيره الإمام الألباني في التعليقات الحسان (١٤٦٣)، والصحيحة تحت الحديث (١٨٠١).

ئەو کردەوانەی
لە کردەوەی جاهیلیەتە

١٦/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ لَا يَزَلْنَ فِي أُمَّتِي حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ: النِّيَاحَةُ، وَالْمُفَاخَرَةُ فِي الْأَنْسَابِ، وَالْأَنْوَاءُ».(١)

واتە: سێ شت هەیە بەردەوام لەناو ئوممەتەکەمدا دەمێنێت تا ئەوکاتەی ڕۆژی قیامەت بەرپا دەبێت: شیوەن کردن لەسەر مردوو، شانازی کردن بە ڕەچەڵەک ونەژادەوە، گەڕاندنەوەی هۆکاری باران بارین بۆ ئەستێرەکان.

١٧/ لە سەلمانی فارسیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ مِنَ الْجَاهِلِيَّةِ: الْفَخْرُ بِالْأَحْسَابِ، وَالطَّعْنُ فِي الْأَنْسَابِ، وَالنِّيَاحَةُ».(٢)

واتە: سێ شت هەیە لە کردەوەی سەردەمی جاهیلیەتە: شانازی کردن بە ڕەسەنایەتی وبنەماڵە، تانەدان وقسە وتن بە ڕەچەڵەک ونەژادەوە، شیوەن کردن لەسەر مردوو.

---

(١) أخرجه أبو يعلى في مسنده (٣٩١١)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٣٧)، والصحيحة (١٧٩٩).

(٢) أخرجه الطبراني في الكبير (٦/٢٣٩) (٦١٠٠)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٥٥).

١٨/ لە جونادەی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ مِن فِعْلِ الْجَاهِلِيَّة لا يَدَعُهُنَّ أَهْلُ الإِسْلَامِ: اسْتِسْقَاءٌ بالْكَواكِب، وَطعْنٌ في النَّسَب، وَالنياحَةُ على الْمَيِّتِ».(١)

واتە: سێ کردەوە هەن لە کردەوەی جاهیلیەتە وموسڵمانان وازی لێ ناهێنن: داواکردنی باران بارین لە هەسارەکان، تانەدان وقسە وتن بە ڕەچەڵەک ونەژادەوە، شیوەن کردن لەسەر مردوو.

١٩/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ مَنْ عَمَلِ الْجَاهِلِيَّةِ لَا يَتْرُكُهُنَّ أَهْلُ الْإِسْلَامِ: النِّيَاحَةُ وَالِاسْتِسْقَاءُ بِالْأَنْوَاءِ والتَّعَايُرُ».(٢)

واتە: سێ کردەوە هەن لە کردەوەی جاهیلیەتە وموسڵمانان وازی لێ ناهێنن: شیوەن کردن لەسەر مردوو، گەڕاندنەوەی هۆکاری باران بارین بۆ ئەستێرەکان، عەیبدار کردن وتانەدان بە ڕەچەڵەک ونەژادەوە.

النياحة: گریان بە دەنگی بەرز ونالاندن ولە خۆدان وپرچ دەرهێنان وبەسەردا هەڵگوتن ومەدح کردنی مردوو بە دەنگی بەرز، ئەمەش تایبەت نییە بە ئافرەتان بەڵکو پیاوانیش دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر ئافرەت دەکەونە ناو ئەم کارەوە.

---

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (٢/٢٨٢) (٢١٧٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٤٠).

(٢) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٣١٣١)، وصححه الإمام الألباني في التعليقات الحسان (٣١٣١)، والصحيحة (١٨٠١).

بانگەوازی کردنی موشریکەکان
بۆ یەکێك لەم سێ شتە پێش جیهاد کردن لەگەڵیان

٢٠/ لە بورەیدەی کوڕی حوصەیبی ئەسلەمیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: «كَانَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَمَّرَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ، أَوْ سَرِيَّةٍ، أَوْصَاهُ فِي خَاصَّتِهِ بِتَقْوَى اللهِ، وَمَنْ مَعَهُ مِنَ الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا، ثُمَّ قَالَ: «اغْزُوا بِاسْمِ اللهِ فِي سَبِيلِ اللهِ، قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ، اغْزُوا وَلاَ تَغُلُّوا، وَلاَ تَغْدِرُوا، وَلاَ تَمْثُلُوا، وَلاَ تَقْتُلُوا وَلِيدًا، وَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَادْعُهُمْ إِلَى ثَلاَثِ خِصَالٍ، أَوْ خِلاَلٍ، فَأَيَّتُهُنَّ مَا أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الإِسْلاَمِ، فَإِنْ أَجَابُوكَ، فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى التَّحَوُّلِ مِنْ دَارِهِمْ إِلَى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ، وَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ إِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَا لِلْمُهَاجِرِينَ، وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُهَاجِرِينَ، فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا مِنْهَا، فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ، يَجْرِي عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللهِ الَّذِي يَجْرِي عَلَى الْمُؤْمِنِينَ، وَلاَ يَكُونُ لَهُمْ فِي الْغَنِيمَةِ وَالْفَيْءِ شَيْءٌ إِلاَّ أَنْ يُجَاهِدُوا مَعَ الْمُسْلِمِينَ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَسَلْهُمُ الْجِزْيَةَ، فَإِنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ، فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَقَاتِلْهُمْ، وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لَهُمْ ذِمَّةَ اللهِ، وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ، فَلاَ تَجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّةَ اللهِ، وَلاَ ذِمَّةَ نَبِيِّهِ، وَلَكِنِ اجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكَ، فَإِنَّكُمْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَمَ أَصْحَابِكُمْ

أَهْوَنُ مِنْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللهِ وَذِمَّةَ رَسُولِهِ، وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ، فَلاَ تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ، فَإِنَّكَ لاَ تَدْرِي أَتُصِيبُ حُكْمَ اللهِ فِيهِمْ أَمْ لاَ».(١)

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێك فەرمانڕەوایی کردنی سوپایەك یان سریەیەکی بدابا دەست ئەمیرێك فەرمانی پێ دەکرد کە تەقوای خوای گەورە بکات چاك بێت لەگەڵ نەفسی خۆی وئەو موسڵمانانەیشی کە لەگەڵینە، پاشان دەیفەرموو ﷺ : بەناوی خودا ولە پێناو خودا بجەنگن وغەزا بکەن، بجەنگن لەگەڵ هەرکەسێك کە بێباوەڕ بێت بە خوای گەورە، بجەنگن ودزی لە دەستکەوتەکانی جەنگ مەکەن (غەنیمەت)، غەدر وناپاکی مەکەن، ئەتك ودەستکاری لاشەی کوژراوەکان مەکەن، منداڵ مەکوژن، ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنەکەت بوویتەوە لە هاوبەش بڕیاردەرەکان (موشریکەکان) ئەوا بانگەوازیان بکە بۆ سێ شت، هەرکامێکیان وەڵام داوە وڕازی بوو تۆش لێی وەربگرە ووازیان لێ بهێنە: بانگیان بکە بۆ ئیسلام، ئەگەر ڕازی بوون لێیان وەربگرە ووازیان لێ بهێنە، پاشان بانگیان بکە بۆ ئەوەی کۆچ بکەن بۆ لای کۆچکردووەکان، ئاگاداریشیان بکەوە ئەگەر کۆچ بکەن ئەوا وەکو کۆچکردووەکان (ئەوانەی لە مەککە کۆچیان کرد بۆ مەدینە) مافیان هەیە لە وەرگرتنی پاداشت ودەستکەوتەکانی جیهاد، ئەگەر نەیان ویست کۆچ بکەن پێیان ڕابگەیەنە وئاگاداریان بکەوە کە حاڵی ئەوان وەکو حاڵی موسڵمانە دەشتەکیەکانە، حوکمی خوای گەورە لەسەریان جێ بەجێ دەکرێت وەکو

(١) أخرجه مسلم (٤٥٤٢).

ئیمانداڕەکانی تر، بەڵام هیچ بەشێکیان نابێت لە دەستەکەوتەکانی جیهاد (غەنیمەت) وئەو شتانەی کە لە کافرەکان دەست موسڵمانان دەکەوێت بەبێ جیهاد تەنها ئەگەر بێتو لەگەڵ موسڵمانان بەشداری جیهاد بکەن، ئەگەر بەم شتانە ڕازی نەبوون ئەوا داوای باجیان لێ بکە، ئەگەر ڕازی بوون بە باجدان لێیان وەربگرە ووازیان لێ بهێنە، ئەگەر هەر ڕازی نەبوون ئەوا پشت بەخوا ببەستە وجەنگیان لەگەڵ بکە، ئەگەر گەمارۆی قەڵا وشوێنێکتدا وویستیان کە بەڵێن وپەیمانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەیان پێ بدەیت، هیچ پەیمان وبەڵێنێکی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی مەدە، بەڵام بەڵێن وپەیمانی خۆت وهاوەڵەکانتی پێ بدە؛ چونکە ئەگەر پەیمانی ئێوە وهاوەڵەکانت بشکێنن لەوە ئاسانترە پەیمانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی بشکێنن، وە ئەگەر گەمارۆی خەڵکی قەڵایەك یان شوێنێکت دا وداوایان کرد کە حوکمی خوای گەورەیان بەسەردا بدەیت، ئەوا حوکم مەدە، بەڵکو حوکمی خۆتیان بەسەردا بدە؛ چونکە تۆ نازانی ئایا حوکمی خوای گەورە دەپێکی بەسەر ئەوانەدا یان نا.

❁ ❁ ❁

صولحی حودەیبیە

٢١/ لە بەڕائی کوڕی عازیبەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: «صَالَحَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمُشْرِكِينَ يَوْمَ الْحُدَيْبِيَةِ عَلَى ثَلاَثَةِ أَشْيَاءَ: عَلَى أَنَّ مَنْ أَتَاهُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ رَدَّهُ إِلَيْهِمْ، وَمَنْ أَتَاهُمْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ لَمْ يَرُدُّوهُ، وَعَلَى أَنْ يَدْخُلَهَا مِنْ قَابِلٍ وَيُقِيمَ بِهَا ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ، وَلاَ يَدْخُلَهَا إِلاَّ بِجُلُبَّانِ السِّلاَحِ السَّيْفِ وَالْقَوْسِ وَنَحْوِهِ، فَجَاءَ أَبُو جَنْدَلٍ يَحْجُلُ فِي قُيُودِهِ، فَرَدَّهُ إِلَيْهِمْ».[1]

واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەڕۆژی حودەیبیە لەگەڵ موشریکەکان پێکهات (صولحی کرد) لەسەر سێ شت یان مەرج: هەر موسڵمانێك لە مەککەوە بێت بۆ مەدینە پێویستە لەسەر پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە بیانگەڕێنێتەوە، وە هەرکەسێکیش لە موسڵمانان لە دین هەڵگەڕێتەوە وبچێت بۆ مەککە نایگەڕێننەوە، وە ئەمساڵ بگەڕێنەوە وعومرە نەکەن لە بەرامبەردا ساڵی ئایندە بێن بۆ عومرە وسێ ڕۆژ لە مەککە بمێننەوە، وە نەچنە ناو شاری مەککە ئیللا بە کیف وکێڵانی شمشێر وکەوان نەبێت، أبو جندل هاتە المدینة پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پابەندبوو بە پەیمانەکەی وگەڕاندیەوە.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه البخاري (٢٧٠٠).

ئەو کردەوانەی نیشانەی دوو ڕووەکانە

٢٢/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاَثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ».[١]

واتە: نیشانەی کەسی دوو ڕوو سیانن: ئەگەر قسە بکات درۆ دەکات، وە ئەگەر بەڵێن وپەیمان بدات نایباتە سەر، وە ئەگەر ئەمانەتێکی پێ بسپێردرێت نایپارێزێت وخیانەتی لێ دەکات.

❁ ❁ ❁

(١) متفق عليه: البخاري (٣٣) واللفظ له، ومسلم (١٢٣).

خۆتان بپارێزن لەو سێ شوێنەی کە دەبنە هۆی لەعنەت کردنی خەڵکی لێتان

٢٣/ لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «اتَّقُوا الْمَلاَعِنَ الثَّلاَثَةَ: الْبَرَازَ فِي الْمَوَارِدِ، وَقَارِعَةِ الطَّرِيقِ، وَالظِّلِّ».[1]

واتە: خۆتان بپارێزن لە ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە لەو سێ جێگایەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی لە عنەتتان لێ بکەن: دەست بە ئاو گەیاندن لەو ئاوەی کە سەرچاوەی خەڵکیە و بەکاری دەهێنن، لەو ڕێگایانەی کە خەڵکی هاتووچۆی پێدا دەکەن، لە ژێر سێبەرێك کە جێگای حەوانە و پشودانی خەڵکیە.

٢٤/ لە ئیبن عەبباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: «اتَّقُوا الْمَلاعِنَ الثَّلاثَ». قِيلَ: مَا الْمَلاعِنُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «أَنْ يَقْعُدَ أَحَدُكُمْ فِي ظِلٍّ يُسْتَظَلُّ فِيهِ، أَوْ فِي طَرِيقٍ، أَوْ فِي

---

(١) أخرجه أبو داود (٢٦)، وابن ماجة (٣٢٨)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابي داود (٢٦)، والإرواء (٦٢)، وصحيح الترغيب والترهيب (١٤٦).

نَقْعِ مَاءٍ».[1]

واتە: خۆتان بپارێزن لە ئەنجامدانی ئەم کردەوەیە لەو سێ جێگایەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی لە عەتتان لێ بکەن: وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەو شتانە چین کە دەبنە هۆی لە عەت کردنی خەڵکی لە بکەرەکەی؟ فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: دەست بە ئاو گەیاندن لە ژێر سێبەرێك کە خەڵکی لە ژێریدا پشو دەدەن، یان لەسەر ڕێگایەك کە خەڵکی هاتووچۆی پێدا دەکەن، یان لە نێو ئاوێکی وەستاو.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٧١٥)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في الإرواء (٦٢)، وصحيح الترغيب والترهيب (١٤٧).

ئەو سێ شتەی لە إسراء و معراج بە پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشرا

٢٥/ لە عبدالله کوڕی مەسعودەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: «لَمَّا أُسْرِيَ بِرَسُولِ اللهِ ﷺ، انْتُهِيَ بِهِ إِلَى سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى، وَهِيَ فِي السَّمَاءِ السَّادِسَةِ، إِلَيْهَا يَنْتَهِي مَا يُعْرَجُ بِهِ مِنَ الْأَرْضِ، فَيُقْبَضُ مِنْهَا، وَإِلَيْهَا يَنْتَهِي مَا يُهْبَطُ بِهِ مِنْ فَوْقِهَا، فَيُقْبَضُ مِنْهَا، قَالَ: ﴿إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ﴾ [النجم: ١٦]، قَالَ: فَرَاشٌ مِنْ ذَهَبٍ، قَالَ: فَأُعْطِيَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ثَلَاثًا (وفي رواية الترمذي: «لَمْ يُعْطِهِنَّ نَبِيًّا كَانَ قَبْلَهُ»): أُعْطِيَ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ، وَأُعْطِيَ خَوَاتِيمَ سُورَةِ الْبَقَرَةِ، وَغُفِرَ لِمَنْ لَمْ يُشْرِكْ بِاللهِ مِنْ أُمَّتِهِ شَيْئًا الْمُقْحِمَاتُ».[١]

(الْمُقْحِمَاتُ): واتە: تاوانە گەورەکان کە بکەرەکەی توشی تیاچوون و فەوتاندن دەکات وبەرەو ئاگری دۆزەخی دەبات.

واتە: کاتێک شەوڕەوەی بە پێغەمبەری خوا ﷺ کرا، دوا شوێن گەیەندرا پێی (سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى) بوو، کە لە ئاسمانی شەشەمدایە (لە ڕیوایەتی

---

(١) أخرجه مسلم (٣٥٠)، والترمذي (٣٢٧٦)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (٣٢٧٦).

تر لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، هاتووە کە لە ئاسمانی حەوتەمدایە)، هەرچیەك لە زەویەوە بەرز دەکرێتەوە لە کردەوەکان و ڕوحیان لەوێدا دەوەستێنرێت و وەردەگیرێت لەو مەلائیکەتانەی کە بەرزیان کردۆتەوە، وە هەرچیەکیش کە لە وەحی دادەبەزێت لەوێوەوە دەوەستێت تا مەلائیکەتەکان وەریدەگرن و دایدەبەزێنن بۆ سەر زەوی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذْ يَغْشَى ٱلسِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ﴾ [النجم: ١٦].

واتە: ئەو کاتەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە شەوی میعراجدا بینی کە داری سیدرە داپۆشرا، نوری خوای گەورە دایپۆشی یان فەرمانی خوای گەورە یان کۆمەڵێك مەلائیکەت.

عبدالله کوڕی مەسعودە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لەم فەرمودەیەدا دەفەرموێت: ئەوەی کە دایدەپۆشێت پەپولەی ئالتونیە.

لەو شەوەدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ شتی پێ بەخشرا کە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێشتر نەدرابوو: پێنج نوێژەکەی پێدرا، وە کۆتاییەکانی سورەتی (البقرة)ی پێدرا (مەبەست لێی: دوو ئایەتی کۆتایی سورەتی (البقرة)یە کە تێیدا خوای گەورە باسی ئیمانی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و ئیمانداران دەکات، کە ئیمانیان بە خوای گەورە هێناوە وئیمانیان بە مەلائیکەتەکان و کتێبەکان و گشت پێغەمبەران هێناوە، وە هیچ جیاوازیەك ناکەن لە نێوان پێغەمبەران، گوێ بیستی فەرمانەکان دەبن و گوێڕایەڵی دەکەن و سەرپێچی ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لێخشبوون دەکەن لە کەمتەرخەمی و تاوانیان، وە تێیدا ناڕەحەتی و مەشەقەت لەسەر ئیمانداران هەڵگیراوە، وە خوای گەورە وەڵامی دوعای ئیمانداراني دایەوە کە داوای

لێخۆشبونیان کرد لەو هەڵانەی کە بە نەزانی یان بە لە بیرچوونەوە ئەنجامی دەدەن).

هەروەها لێبوردن و لێخۆشبوون لە هەندێك لەو تاوانبارانەی ئوممەتی من کە هیچ شیرك وهاوبەش بڕیاردانێکیان ئەنجام نەداوە، بەڵام تاوانە گەورە فەوتێنەرەکانیان ئەنجامداوە.

مەبەست لە لێخۆشبوون: هەرکەسێك لەم ئوممەتە وەفات بکات و هیچ شەریکێکی بۆ خوای گەورە ئەنجام نەدابێت، خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت، بەو مانایەی کە بە هەتا هەتایی نایخاتە دۆزەخ، بە پێچەوانەی موشریکەکان، ئەم لێخۆشبونە مانای ئەوە نییە کە هیچ عەزاب نەدرێت و نەخرێتە دۆزەخ؛ چونکە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت، هەروەها ئیجماعی ئەهلی سوننە ئەوەیە کە هەندێك لە تاوانبارە یەکخواپەرستەکان کە شیرکیان ئەنجام نەدابێت دەخرێنە دۆزەخ و سزا دەدرێن، بەڵام بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدا نامێننەوە، دەچنە ژێر ویستی خوای گەورە، ئەگەر بیەوێت لێیان خۆش دەبێت، یانیش بەقەدەر تاوانەکەی سزای دەدات، بەڵام بە هەتا هەتایی لە دۆزەخ نابێت.[1]

❁ ❁ ❁

(١) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٦٢٨/٤).

ئەو کاتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغە کردووە نوێژی تێدا بکرێت ومردوو بنێژرێت

٢٦/ لە عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: «ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللهِ ﷺ يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ، أَوْ أَنْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا: حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ».[1]

واتە: سێ کات هەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لێکردووین کە نوێژی تێدا ئەنجام بدەین وجەنازەکانمان لەوکاتانەدا بنێژین: ئەوکاتەی کە خۆر هەڵدێت تا بە قەد ڕمحێك بەرز دەبێتەوە، وە ئەوکاتەی کە خۆر گەرم دەبێت ودەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان تا لادەدات، وە ئەو کاتەی کە خۆر نزم دەبێتەوە بۆ ئاوابوون تا ئاوا دەبێت.

(١) أخرجه مسلم (١٨٨١).

بەشەکانی نوێژ

٢٧/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الصَّلاةُ ثَلاثَةُ أَثْلاثٍ: الطَّهُورُ ثُلُثٌ، والرُّكُوعُ ثُلُثٌ، وَالسُّجُودُ ثُلُثٌ، فَمَنْ أَدَّاهَا بِحَقِّهَا قُبِلَتْ مِنْهُ، وَقُبِلَ مِنْهُ سَائِرُ عَمَلِهِ، وَمَنْ رُدَّتْ عَلَيْهِ صَلاتهُ رُدَّ عَلَيْهِ سَائِرُ عَمَلِهِ».[1]

واتە: نوێژ دابەش دەبێت بۆ سەر سێ سێیەك: پاك وخاوێنی سێیەکە، ڕکوع سێیەکە، سوجدە سێیەکە، هەرکەسێك بە تەواوی ئەمانە ئەنجام بدات نوێژەکەی لێ وەردەگیرێت، وە هەموو کردەوەکانی تریشی لێ وەردەگیرێت، وە هەرکەسێك نوێژەکەی لێ وەرنەگیرێت کردەوەکانی تریشی لێ وەرناگیرێت.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه البزار في مسنده (٩٢٧٣)، وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٥٣٧)، وصحيح الترغيب والترهيب (٥٣٩).

تەکبیرکردن ودەست بەرزکردنەوە لە نوێژدا لەگەڵ خوێندنی دوعای استفتاح

٢٨/ سەعیدی کوڕی سەمعان دەفەرموێت: ئەبو هورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، هاتە لامان لە مزگەوتی بەنی زورەیق فەرمووی: ثَلَاثٌ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَعْمَلُ بِهِنَّ تَرَكَهُنَّ النَّاسُ: «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ رَفَعَ يَدَيْهِ مَدًّا، وَكَانَ يَقِفُ قَبْلَ الْقِرَاءَةِ هُنَيْهَةً يَسْأَلُ اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ، وَكَانَ يُكَبِّرُ فِي الصَّلَاةِ كُلَّمَا رَكَعَ وَسَجَدَ».(١) وفي لفظ أحمد: «وَيُكَبِّرُ كُلَّمَا رَكَعَ وَرَفَعَ». وفي لفظ النسائي: «وَيُكَبِّرُ إِذَا سَجَدَ، وَإِذَا رَفَعَ».

واتە: سێ شت هەیە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەنجامی دەدان بەڵام خەڵکی ئێستا وازیان لێ هێناوە: هەرکاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نوێژی دابەستایا ئەوا دەستەکانی بەرزدەکردەوە بەشێوەیەك کە پەنجەکانی لە یەکتر جیانەدەکردنەوە ونەشی دەبەستان وەك ئەنگوستی هەویر شێلان، وە بەر لەوەی دەست بکات بە خوێندنی قورئان (سورەتی الفاتحة) کەمێك دەوەستا ودەپارایەوە وداوای فەزڵ وپاداشتی لە خوای گەورە دەکرد، وە

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٩٦٠٨)، والنسائي (٨٨٢)، وابن حبان في صحيحه (١٧٧٤) واللفظ له، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي (٨٨٢)، والتعليقات الحسان (١٧٧٤).

هـەرکاتێك لـە نوێـژدا ڕکـوع وسـوجدەی بردبـا تـەکبیری لێـدەدا، (الله أکـبر ی دەکرد).

لە لەفزی ئیمام أحمد هاتووە: هەرکاتێك ڕکوعی بردبا وهەسـتابایەوە تـەکبیری دەکرد، بەڵام لە لەفزی ئیمام نیسائی لە بری ڕکوع سوجدە هاتووە.

ئەو کردەوانەی لە ڕەوشتی پێغەمبەرانە

٢٩/ لە ئەبو دەڕدائەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ مِنْ أَخْلَاقِ النُّبُوَّةِ: تَعْجِيلُ الْإِفْطَارِ، وَتَأْخِيرُ السُّحُورِ، وَوَضْعُ الْيَمِينِ عَلَى الشِّمَالِ فِي الصَّلَاةِ».[1]

واتە: سێ کردەوە لە سیفەت وڕەوشتی پێغەمبەرانە: پەلەکردن لە ڕۆژوو شکاندن، وە تاخیرکردنی پارشێو، دانانی دەستی ڕاستە لەسەر دەستی چەپە لە نوێژدا.

❁ ❁ ❁

(١) والطبراني في الكبير كما في مجمع الزوائد للهيثمي (٢٦٣٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٣٨).

ئەو کەسانەی نوێژیان بەرز نابێتەوە ووەرناگیرێت

٣٠/ لە ئەبو ئومامەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا تُجَاوِزُ صَلَاتُهُمْ آذَانَهُمْ: الْعَبْدُ الْآبِقُ حَتَّى يَرْجِعَ، وَامْرَأَةٌ بَاتَتْ وَزَوْجُهَا عَلَيْهَا سَاخِطٌ، وَإِمَامُ قَوْمٍ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ».(١)

واتە: سێ کەس هەیە کە نوێژەکانیان لە گوێیەکانیان زیاتر بەرز نابێتەوە ولێیان وەرناگیرێت: کۆیلەیەک لەدەست گەورەکەی هەلاتبێت تا ئەوکاتەی دەگەڕێتەوە، ئافرەتێك شەو بخەوێت ومێردەکەی لێی تووڕە ودڵگران بێت؛ لەبەر هۆکارێکی شەرعی لێی تووڕە بێت بۆ نمونە: ڕەوشتی ناشرین بێت یان گوێڕایەڵی مێردەکەی نەکات یان مێردەکەی داوای سەرجێی لێ بکات وبەلایدا نەچێت بەلاڕ ئەگەر مێردەکەی داوای شتێکی ناشەرعی لێ کردبێت وخێزانەکەی ڕەتی کردبێتەوە بەم هۆیە مێردەکەی لێی تووڕە بووبێت ئەم هەڕەشەیە نایگرێتەوە، وە ئیمامێك کە پێشنوێژی بۆ قەومێك دەکات وڕقیان لێیەتی.

٣١/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا تُقْبَلُ مِنْهُمْ صَلَاةٌ، وَلَا تَصْعَدُ إِلَى

---

(١) أخرجه الترمذي (٣٦١)، وقال: حسن غريب. وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (٣٦١).

السَّمَاءِ، وَلَا تُجَاوِزُ رُؤُوسَهُمْ: رَجُلٌ أَمَّ قَوْمًا وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ، وَرَجُلٌ صَلَّى عَلَى جَنَازَةٍ وَلَمْ يُؤْمَرْ، وَامْرَأَةٌ دَعَاهَا زَوْجُهَا مِنَ اللَّيْلِ فَأَبَتْ عَلَيْهِ».(١)

واتە: سێ کەسە هەیە نوێژەکانیان لێ وەرناگیرێت وبۆ ئاسمان بەرز نابێتەوە ولە سەریان تێپەڕناکات: پیاوێك پێشنوێژی بۆ قەومێك بکات ورقیان لێی بێت، وە پیاوێك لە خۆیەوە بچێت پێش بکەوێت ونوێژی مردوو لەسەر جەنازەیەك بکات بەبێ ئەوەی پێی بڵێن، وە ئافرەتێك کە مێردەکەی شەو بانگی بکات بۆ سەرجێی ئەویش نەچێت.

"ئیمامێك کە پێشنوێژی بۆ خەڵکی بکات ئەگەر بێت وئیمامەکە لەسەر سوننەت بێت ونوێژەکەی رێك وپێك وتەواو بێت، بانگەوازی بۆ رێگای ڕاستی خواپەرستی بکات وفەرمانیان پێ بکات بە چاکە ورێگریان لێ بکات لە خراپە وبانگەوازی بۆ سوننەت بکات ولە نوێژ ومزگەوتدا سوننەت جێ بەجێ بکات وببیدعە ئەنجام نەدات ودژایەتی بیدعە وئەهلی بیدەع بکات وکەسێکی ڕاستگۆ ودەست پاك وپاك بێت وخۆشەویستی وبرایەتی بۆ ئەهلی جەماعەتی مزگەوت نیشان بدات، ئەگەر خەڵکانێك هەبن لەبەر ئەو کارانەی کە دەیکات ڕقیان لێی ببێتەوە ئەوا ڕقی ئەو کەسانە هیچ وەزن وبەهایەکی بۆ نییە؛ چونکە ڕقەکەیان لە شوێنی خۆی نییە وبەناحەق ڕقیان لێیەتی وخۆیان لۆمەکرا وتاوانبارن وخراپ وبیدعەچین وحەز بە کەسانی دەست گرتوو بە سوننەتەوە ناکەن.

---

(١) أخرجه ابن خزيمة في صحيحه (١٥١٩)، صححه الإمام الألباني في الصحيحة (٦٥٠).

ئەگەر ئیمامێك هەندێك ڕەفتاری نەشیاوی هەبێت وەك وشكی وگرژی وسەلام نەكردن لەخەڵكی وزۆر درێژكردنەوەی نوێژ بە ئەندازەیەكی كە ببێتە مایەی ئەزیەتدانی خەڵكی یان لە ڕووی پۆشاك وپاك وخاوێنییەوە نارێك بێت، ئەگەر خەڵكانێك كە ئەهلی تەقوا بن وخاوەن زانستی شەرعی بن وڕقیان لەو كەسە بێت لەبەر ئەو ڕەفتارانەی، با ئەو ئیمامە لە خوای گەورە بترسێت وواز لەم ڕەفتارە نەشیاوانە بهێنێت تا بەر ئەم فەرموودانە نەكەوێت.

وە ئەگەر ئیمامێك كە لەسەر سوننەت نەبێت وبیدعە ئەنجام بدات یان بە ئاشكرا تاوان بكات وڕیش تاشراو بێت یان پۆشاكی درێژ بێت یان بە ئاشكرا درۆ بكات وتانە لە ئەهلی سوننە بدات ودژایەتی ئەهلی سوننە بكات وجاهل ونەزان بێت بە شەریعەت وسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە هەوا وئارەزووی باس لە دین بكات ودینداری بكات، ئەم جۆرە ئیمامانە بەر ئەم هەڕەشەیە دەكەون؛ چونكە ڕق لێبونەوەكە حەقە ولە شوێنی خۆیەتی و لەبەر هۆكاری شەرعیە.

ئەگەر هۆكاری ڕق بوونەوەكە لە نێوان ئیمام و چەند كەسانێك لەبەر دونیا و مامەڵەی دونیایی بێت ئەم هەڕەشەیە نایگرێتەوە".[1] واللَّه تعالى أعلم.

❁ ❁ ❁

(١) انظر: المغني لابن القدامة المقدسي (٣/٧١)، مجموع الفتاوى لشيخ الاسلام ابن تيمية (٢٣/٣٧٣)، فيض القدير للمناوي (٣/٣٢٤)، نيل الأوطار للشوكاني (٣/٢١١)، تحفة الأحوذي (٢/٢٨٨)، فتاوى نور على الدرب لابن باز (١٢/٥٥)، الشرح الممتع لابن العثيمين (٤/٢٥٣).

ئەو کەسانەی خوای گەورە فەرز وسوننەتیان لێ وەرناگرێت

٣٢/ لە ئەبو ئومامەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثلاثَةٌ لا يَقبلُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ منهم صَرْفاً ولا عَدْلاً: عَاقٌّ، وَمَنَّانٌ، وَمُكَذِّبٌ بِالْقَدَرِ».[1]

واتە: سێ کەسە هەیە خوای گەورە هیچ فەرز وسوننەتێکیان لێ وەرناگرێت: ئەو کەسەی لەگەڵ دایک وباوکی خراپە وئازاریان دەدات، ئەو کەسەی خێر وصەدەقە بکات ومنەتی لەسەر بکات، وە ئەو کەسەی کە قەدەری خوای گەورە بە درۆ بزانێت.

باوەڕبوون بە قەزا وقەدەر کە ڕوکنی شەشەمی ئیمانە چوار شت لە خۆی دەگرێت کە پێویستە هەموو موسڵمانێك ئەوە عەقیدە وبیروباوەڕی بێت لە باسی ئیمان بوون بە قەزا وقەدەر:

یەکەم: پێویستە عەقیدەی موسڵمان وابێت کە خوای گەورە زانستی تەواوی هەیە (عیلمی) دەربارەی ئەوەی کە ڕوویداوە وئەوەشی کە ئێستا ڕوو دەدات وئەوەشی کە لە داهاتوودا دێت، وە خوای گەورە زانایە وزانستی تەواوی هەیە

---

(١) أخرجه ابن أبي عاصم في كتاب السنة (٣٢٣)، والطبراني في الكبير (١١٩/٨) (٧٥٤٧)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٦٥)، والصحيحة (١٧٨٥).

بە حاڵی بەندەکانی، لەوەی بە ئاشکرا ئەنجامی دەدەن یان بە نهێنی، وە هیچ شتێك لە خوای گەورە ون نابێت وزانستی پێی هەیە.

دووەم: خوای گەورە هەموو ئەو زانست وزانیارییانەی نوسیوەتەوە.

هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ۞ وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَآ إِلَّا هُوَ ۚ وَيَعْلَمُ مَا فِى ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ ۚ وَمَا تَسْقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِى ظُلُمَٰتِ ٱلْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مُّبِينٍ ﴿٥٩﴾ ﴾ [الأنعام: ٥٩].

واتە: کلیلەکانی غەیب تەنها لای خوای گەورەن وبێگومان هیچ کەسێك غەیب نازانێت تەنها خوای گەورە نەبێت، وە هەرچی لە وشکانی ودەریادا هەیە خوای گەورە زانستی بە هەمووی هەیە، وە گەڵای هیچ داربێك هەڵناوەرێت ئیللا خوای گەورە زانستی پێی هەیە، وە هیچ تۆوەکی دانەوێڵە نییە لە ناخی زەوی یان هیچ شتێکی تەڕ یان وشك نییە ئیللا خوای گەورە زانستی پێی هەیە و لە (لوح المحفوظ)دا نوسراوەتەوە.

سێیەم: پێویستە موسڵمان عەقیدەی وابێت کە هەموو ئەو شتانەی کە هەیە بە هەرچی جوڵە وکردارەوە خوای گەورە دروستی کردوون، وە هیچ دروستکار وخالقێکی تر نییە جگە لە خوای گەورە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾ [الصافات: ٩٦]. واتە: ئێوە ئەو بتانە دەپەرستن وعیبادات بۆ ئەو بتانە دەکەن کە بەدەستی خۆتان هەڵیدەکۆڵن ودەیتاشن ودەیانکەن بەخودا لە کاتێکدا خوای گەورە ئێوە وکردەوەکانی ئێوەیشی دروست کردووە؟!

چوارەم: دەبێت عەقیدەی موسڵمان وابێت کە هیچ شتێك ڕووناداتە لە خێر وشەڕ ئیللا بە ویست ومەشیئەتی خوای گەورەیە، کەواتە عەقیدەی تەواومان هەبێت بەوەی کە هەرشتێك خوای گەورە نەیەوێت نابێت، وە هەرشتێکیش خوای گەورە ویستی لێ بێت وبیەوێت ئیللا دەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَفۡعَلُ مَا يَشَآءُ﴾ [الحج: ١٨].

واتە: بێگومان خوای گەورە ویستی لە هەرشتێك بێت وبیەوێت ئەنجامی بدات ئەنجامی دەدات وکەسیش ناتوانێت ڕێگری لە خوای گەورە بکات.

پێش کۆتایی هاتنی سەدەی صەحابە بەڕێزەکان کەسانێکی گومڕا پەیدابوون وقەدەریان بەدرۆ دەزانی ودەیان وت: خوای گەورە عیلم وزانستی بەو شتانە نییە کە ڕوو دەدەن ئیللا پاش ئەوەی کە ڕووداوەکان ڕوو دەدەن دەیزانێت. -پەنا بەخوای گەورە-.

بەڵام صەحابە بەڕێزەکان ئەوانەی لە ژیاندا مابوون تەبەرایان لەو جۆرە کەسانە کرد وخەڵکیان لەم جۆرە گومڕایانە ئاگادارکردەوە.

ئەو کردەوانەی پێویستە
لەسەر هەموو موسڵمانێك کە ئە نجامی بدات

٣٣/ پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلَاثٌ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ: الْغُسْلُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَيَمَسُّ مِنْ طِيبٍ إِنْ وَجَدَ».(١)

واتە: سێ شت هەیە حەقە لەسەر هەموو موسڵمانێك ئەنجامیان بدات: خۆ شۆردن لە رۆژی هەینیدا، سیواك کردن، بۆنی خۆش لە خۆدان ئەگەر هەیبێت.

٣٤/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلَاثٌ كُلُّهُنَّ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ: عِيَادَةُ الْمَرِيضِ، وَشُهُودُ الْجَنَازَةِ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ إِذَا حَمِدَ اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ».(٢)

واتە: سێ شتە هەیە حەقە لەسەر هەموو موسڵمانێك ئەنجامیان بدات: سەردانی کردنی نەخۆش، ئامادەبوون لەکاتی ناشتنی مردوو، وتنی (یرحمك الله) بۆ ئەو کەسەی کە دەپژمێت ئەگەر سوپاسی خوای گەورەی کرد و وتی: (الحمدلله).

---

(١) أخرجه ابن ابي شيبة في المصنف (٤٩٩٧)، والإمام أحمد في المسند (١٦٣٩٧)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة.(١٧٩٦)، وصحيح الجامع (٣٠٢٨).

(٢) أخرجه البخاري في الأدب المفرد (٥١٩)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الأدب المفرد (٥١٩)، والصحيحة (١٨٠٠).

سێ جۆرە کەس وتار بۆ خەڵکی دەدەن

٣٥/ لە عەوفی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الْقُصَّاصُ ثَلَاثَةٌ: أَمِيرٌ، أَوْ مَأْمُورٌ، أَوْ مُخْتَالٌ».(١)

واتە: ئەوانەی چیرۆك دەخوێننەوە سێ کەسن: ئەمیر (فەرمانڕەوا)، یان ئەو کەسەی فەرمانی پێکراوە، یان کەسێکی لە خۆبایی.

لە فەرموودەی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لاَ يَقُصُّ إِلاَّ أَمِيرٌ، أَوْ مَأْمُورٌ، أَوْ مُخْتَالٌ».(٢)

واتە: کەس وتار نادات بۆ خەڵکی تەنها فەرمانڕەوا نەبێت یان ئەوەی فەرمانی پێکرابێت یان کەسێکی لە خۆبایی.

لێرەدا مەبەست لە (القصص) تەنها چیرۆك نییە بەڵکو قسەکردن ووتاردانە بۆ خەڵکی، لە کۆندا خەلیفە وپادشاکان خۆیان وتاری هەبنیان بۆ خەڵکی دەخوێندەوە وقسەیان بۆ دەکردن، یان کەسێکیان دیاری دەکرد بۆ ئەوەی

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٤٠٠١)، وصححه لغيره الإمام الألباني في الصحيحة (٢٠٢٠).

(٢) أخرجه أبو داود (٣٦٦٥)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود (٣٦٦٥).

قسە بۆ خەڵکی بکات، کەسی سێیەم کەسێکە کە بێ ئەوەی فەرمانی پێکرابێت لە خۆیەوە قسە بۆ خەڵك دەکات ووتاریان بۆ دەدات وخۆی دەردەخات.

هەروەك وتراوە: سێ جۆرە کەس قسە بۆ خەڵکی دەکەن: کەسێك کە یاد و زیکر ونیعمەتەکانی خوای گەورە بەبیر گوێگران دەهێنێتەوە بۆ ئەوەی شوکری خوای گەورە بکەن وخواپەرستی بۆ خوای گەورە بکەن بە تاك وتەنیایی، و شوێن سوننەت وڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ وصەحابە بەڕێزەکان بکەون رضي الله عنهم، وە کەسێکی تر کە واعیز وئامۆژگاری کارە، وە کەسی سێیەم چیرۆکخوانە وتەنها چیرۆك وبەسەرهات دەگێڕێتەوە، جا هەیانە چیرۆکەکە وەکو خۆی باس دەکات ودەرس وپەندەکان کە لە بەسەرهاتەکەدا هەیە بۆ خەڵکی ڕوونەدەکاتەوە تاوەکو پەند وئامۆژگاری لێ وەربگرن؛ چونکە ئامانج لە گێڕانەوەی بەسەرهات وچیرۆك بۆ گەرمکردنی مەجلیس وکۆکردنەوەی خەڵکی نییە، بەڵکو ئامانج تێیدا پەند وەرگرتنە لێی، بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی لەم سەردەمەدا بەسەرهات دەخوێننەوە بەبێ گوێدانە ڕاستی ودروستی بەسەرهاتەکە، وە هەموو وتار ومەجلیسیان تەنها چیرۆك وخەون وبەسەرهاتە، بەبێ ئەوەی بزانن ئایا ئەم بەسەرهاتە ڕاستە؟ ئایا سودبەخەشە؟ ئایا پەند وعیبرەتی دروستی تێدایە ؟ زۆربەی بەسەرهات وچیرۆکەکانی ئێستا دوورن لە ڕاستین یاخود زیاد وکەمی وگۆڕانکاری زۆری تێدا دەکرێت بۆ ئەوەی وتارەکەی ڕازاوە بێت وخەڵکی بڵێن: بەڕاستی وتاری خۆشە ! .

بۆیە ئیمامی أحمدی کوڕی حەنبەل رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: "خەڵکی چەندە پێویستیان بە چیرۆك گێڕەوەیەکی ڕاستگۆیە!"، ئەگەر ئیمامی أحمد لە سەردەمی خۆی وا بڵێت، ئەی دەبێ ئێستا چی بڵێت؟

چیرۆك وبەسەرهات ئەگەر بێتو چیرۆکی پێغەمبەران عَلَيْهِمُ ٱلسَّلَامُ بێت، یان سیرەی پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بێت یان بەسەرهاتی صەحابە بەڕێزەکان وسەلەفی صالح بێت شتێکی زۆر باش وچاکە.(١)

وە پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «إِنَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ لَمَّا هَلَكُوا قَصُّوا».(٢) واتە: بەنی ئیسرائیل کاتێك لەناوچوون کە وازیان لە زانست وکردەوە هێنا ودەستیان کرد بە چیرۆك وبەسەرهات خوێندنەوە.

هۆکاری لەناوچوونیان بڕیتی بوو لەوەی کە زۆر گرنگیان بە چیرۆك وبەسەرهات گێڕانەوە بەبێ ئەوەی تێبگەن وزانستی بەسوودی لێ وەربگرن کە خەڵکی فێرە دین بکەن وکار وکردەوەی چاك ئەنجام بدەن، ئەگەر سەیری وتاربێژانی ئەم سەردەمە بکەین زۆربەیان تەنها چیرۆك وبەسەرهات وگێڕانەوەی خەونە.

بۆیە لۆمەی چیرۆك گێڕەوەکان کراوە لەبەر ئەوەی تەنها چیرۆك دەخوێننەوە بەبێ ئەوەی زانستی بەسوودی لەگەڵ باس بکەن وپەند وئامۆژگاری لێ وەربگرن.(٣)

---

(١) انظر: شرح سنن أبي داود لابن رسلان (١٢٣/١٥).

(٢) أخرجه الطبراني في الكبير (٨٠/٤) (٣٧٠٥)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (١٦٨١).

(٣) انظر: الصحيحة (٢٤٧/٤)، وتلبيس إبليس لابن الجوزي (ص١١١).

سێ جۆرە کەس ئامادەی وتاری هەینی دەبن

٣٦/ لە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «يَحْضُرُ الْجُمُعَةَ ثَلاَثَةُ نَفَرٍ: رَجُلٌ حَضَرَهَا يَلْغُو وَهُوَ حَظُّهُ مِنْهَا، وَرَجُلٌ حَضَرَهَا يَدْعُو، فَهُوَ رَجُلٌ دَعَا اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ إِنْ شَاءَ أَعْطَاهُ، وَإِنْ شَاءَ مَنَعَهُ، وَرَجُلٌ حَضَرَهَا بِإِنْصَاتٍ وَسُكُوتٍ، وَلَمْ يَتَخَطَّ رَقَبَةَ مُسْلِمٍ، وَلَمْ يُؤْذِ أَحَدًا فَهِيَ كَفَّارَةٌ إِلَى الْجُمُعَةِ الَّتِي تَلِيهَا، وَزِيَادَةِ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ، وَذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ يَقُولُ: ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ﴾ [الأنعام: ١٦٠]».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس ئامادەی وتاری هەینی دەبن: پیاوێکیان ئامادە دەبێت وقسە دەکات (لەغو)، هەر ئەوە بەشیەتی، وە پیاوێك ئامادەی وتاری هەینی دەبێت ودوعا دەکات لە خوای گەورە دەپارێتەوە، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت دوعاکانی گیرا دەکات وپێی دەدات، ئەگەریش بیەوێت گیرای ناکات، وە پیاوێکیان ئامادە دەبێت وبەگرنگیەوە گوێ دەگرێت وبێدەنگ دەبێت وبەسەر شان وملی هیچ موسڵمانێك ناڕوات وئەزیەتی کەس نادات ئەمە دەبێتە هۆی کەفارەت وسڕینەوەی تاوانەکانی تا هەینیەکی تر وسێ ڕۆژیش زیاتر، لەبەر

(١) أخرجه ابو داود (١١١٣)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابي داود (١١١٣).

ئەوەی خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ عَشْرُ أَمْثَالِهَا ﴾ [الأنعام: ١٦٠].

واتە: هەرکەسێك چاکەیەك بکات خوای گەورە بە دە چاکە پاداشتی دەداتەوە.

(وَهُوَ حَظُّهُ مِنْهَ) واتە: هیچ پاداشتێکی بۆ نابێت تەنها ئەو خۆ غافلاندن ولەغوە نەبێت کە وتاربێژ وتار دەدات بەمەش زەرەرمەند وتاوانبار دەبێت.

(وَرَجُلٌ حَضَرَهَا يَدْعُو): وتاربێژ وتار دەدات وئەو دوعا دەکات، وەك بڵێی وتاربێژ لە دۆڵێکە وئەو لە دۆڵێکی تر، سەرقاڵە بە دوعاکردن وگوێ لە وتار ناگرێت، ئەگەر داوای شتێکی کرد دەچێتە ژێر ویستی خوای گەورە، ئەگەر بیەوێت پێی دەدات، ئەگەریش نەیەوێت پێی نادات، بۆیە نابێت ئامادەبوان لە وتاری هەینی سەرقاڵ بن بە دوعاکردن کاتێك وتاربێژ وتار دەدات، بەڵکو پێویستە گوێ بگرن، بۆیە ئەوەی لە کاتی وتاردا سەرقاڵی دوعاکردن بێت ئەگەر خوای گەورە ئەگەر بیەوێت سزای نادات ئەگەریش بیەوێت سزای دەدات ودوعاکانی وەرناگرێت؛ چونکە وازی لە گوێگرتن لە وتار هێناوە وسەرقاڵی حەزی دونیایی ونەفس بووە.[1]

(١) انظر: شرح سنن أبي داود لابن رسلان (٦٢٣/٥)، شرح سنن أبي داود للشيخ عبدالمحسن العباد (شريط:١٣٩).

دانیشتن لە مزگەوت سێ شت بەدەست دەهێنی

٣٧/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «جَلِيسُ الْمَسْجِدِ عَلَى ثَلَاثِ خِصَالٍ: أَخٍ مُسْتَفَادٍ، أَوْ كَلِمَةٍ مُحْكَمَةٍ، أَوْ رَحْمَةٍ مُنْتَظَرَةٍ».(١)

واتە: ئەوەی لە مزگەوت دابنیشێت سێ شت بەدەست دەهێنێت: ناسینی برایەك کە سودی پێدەگەیەنێت جا سود پێگەیاندنەکە نەصیحەتێکی خێری بکات یان یارمەتیەکی بدات، یان وشەیەك، زانستێك فێردەبێت، یان چاوەڕێی ئەوە دەبێت کە ڕەحمەت بەسەریاندا دەبارێت؛ چونکە لە فەرموودە هاتووە ئەو کەسەی لە مزگەوت دابنیشێت مەلائیکەت دوعای لێخۆشبوون وڕەحمەتی بۆ دەکەن.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٩٤٢٥)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٢٩)، والصحيحة (٣٤٠١).

گەشت کردن بە مەبەستی عیبادەت
بۆ هیچ مزگەوتێك مەکەن تەنها سێ مزگەوت نەبێت

٣٨/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «لَا تَشُدُّوا الرِّحَالَ إِلَّا إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِي هَذَا، وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَالْمَسْجِدِ الْأَقْصَى».(١)

واتە: گەشت مەکەن بۆ هیچ مزگەوتێك بە مەبەستی عیبادەت جگە لەم سێ مزگەوتە نەبێت: ئەو مزگەوتە (واتە: مزگەوتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، مزگەوتی حەڕەمی مەککە، مزگەوتی ئەقصی (قودس).

ئەم فەرموودەیە فەزڵ وپلەو پایەی ئەم سێ مزگەوتە دەردەخات، بەم فەزڵ وپلەو پایە لە مزگەوتەکانی تر جیادەکرێنەوە، مزگەوتی پێغەمبەرانن، مزگەوتی حەڕەمی مەککە (المسجد الحرام) قیبلەی موسڵمانانە وفەریزەی حەجی تێدا ئەنجام دەدرێت ونوێژکردن تێیدا پاداشت وخێرێ زیاترە لە سەد هەزار نوێژ کە لە مزگەوتەکانی تر ئەنجام بدرێت.

وە مزگەوتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە لەسەر تەقوا بونیادنراوە، وە نوێژکردن تێیدا پاداشت وخێرێ زیاترە لە هەزار نوێژ کە لە مزگەوتەکانی تر ئەنجام بدرێت.

---

(١) متفق عليه: البخاري (١١٨٩)، ومسلم (٣٣٦٤) واللفظ له.

وە مزگەوتی قودس قیبلەی ئوممەتەکانی پێش ئیسلام بووە ونوێژکردن تێیدا پاداشت وخێری زیاترە لە پێنج سەد نوێژ کە لە مزگەوتەکانی تر ئەنجام بدرێت.

بۆیە سەفەر کردن بە مەبەستی عیبادەت کردن یان نوێژکردن وئیعتکاف کردن بۆ مزگەوتێك جگە لەم سێ مزگەوتە لەبەر خودی شوێنەکە (مزگەوتەکە) دروست نییە.

بۆیە تێکەڵی نەکرێت لە نێوان سەفەر کردن:

یەکەم: سەفەرێك لەبەر خودی مزگەوتەکە، سەفەر دەکات بۆ ئەوەی نوێژ لەو مزگەوتە بکات، یان لەبەر ئەوەی مزگەوتەکە مزگەوتی فلان شێخە یاخود بەناوی فلان شێخە بەو مەبەستە سەفەری بۆ دەکات، ئەم سەفەرەیان دروست نییە وحەرامە ونابێت سەفەر بۆ هیچ مزگەوتێك بکرێت لەبەر پیرۆزی مزگەوتەکە تەنها ئەو سێ مزگەوتە نەبێت.

دووەم: سەفەرێك کە لەبەر خودی مزگەوتەکە نییە، بەڵکو مەبەست تێیدا سەفەرکردنە بۆ طلب العلم وبەشداری کردن لە خولی زانستی، یان سەفەر بکات بۆ ئەوەی بەشدار وتاری هەینی مامۆستایەك بکات، ئەمانە ناچنە ناو ئەو نەهییەی کە لە فەرموودەکەدا هاتووە؛ چونکە سەفەرەکە لەبەر خودی شوێنەکە (مزگەوتەکە) نییە، بەڵکو بە مەبەستی خوێندنی زانستی شەرعی وفێربوون وگوێگرتن لە دەرس ووتارە.

کەواتە سەفەر کردن لەبەر پیرۆزی شوێنەکە (مزگەوتەکە) بە مەبەستی عیبادەت کردن ونوێژکردن تێیدا بۆ هیچ مزگەوتێك دروست نییە جگە لەم سێ مزگەوتە.

وە ئەولاتر ولە پێشتریشە کە سەفەرکردن دروست نییە بۆ قەبری پیاوچاکان وسەردانی کردنی مەرقەد، کە بەداخەوە موسڵمانێکی زۆر چەندەها کیلۆمەتر، وولّات وشار دەبڕن بۆ ئەوەی سەفەری مەرقەدی فلان بکەن وتەواف بکەن بەدەوریدا ولێی بپاڕێنەوە وقوربانی بۆ بکەن، ئەمانە تاوان وبیدعە وشیرك وحەڕامن. -پەنا بەخوای گەورە-.

اعتكاف ناكرێت تەنها لەم سێ مزگەوتە نەبێت

٣٩/ لە حوذەیفەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لَا اعْتِكَافَ إِلَّا فِي الْمَسَاجِدِ الثَّلَاثَةِ».[1]

واتە: مانەوە لە مزگەوت بە مەبەستی عیبادەت کردن (ئیعتکاف) لە هیچ مزگەوتێك ناکرێت جگە لەم سێ مزگەوتەکە نەبێت: حەڕەمی مەککە، مزگەوتی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، مزگەوتی ئەقصی.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الإسماعيلي في المعجم (٣٣٦)، والبيهقي في السنن الكبرى (٨٥٧٤)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٧٨٦).

میوانانی خوای گەورە

٤٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «وَفْدُ اللَّهِ ثَلَاثَةٌ: الْحَاجُّ، وَالْمُعْتَمِرُ، وَالْغَازِي».[1]

واتە: ئەو نوێنەرانەی کە میوانی خوای گەورەن سیانن: ئەوەی دەچێتە حەج، عەمرەکار، موجاهیدێك لە پێناو خوای گەورە جیهاد دەکات بەرامبەر بە کافرەکان بۆ سەرخستنی دینی خوای گەورە.

پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الْغَازِي فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَالْحَاجُّ وَالْمُعْتَمِرُ، وَفْدُ اللَّهِ، دَعَاهُمْ، فَأَجَابُوهُ، وَسَأَلُوهُ، فَأَعْطَاهُمْ».[2]

واتە: کەسی موجاهید لە پێناو خوای گەورە، وە کەسی حاجی وعومرەکار، میوانی خوای گەورەن، بانگهێشت کران ووەڵامی بانگەوازیەکەیان داوە (هەربۆیە حاجی وعومرەکار تەلبیە دەکەن؛ چونکە وەڵامی بانگهێشت کردنی خوای گەورەیان دایەوە)، هەرچی لە خوای گەورە داوابکەن پێیان دەبەخشێت.

---

(١) أخرجه النسائي (٢٦٢٥)، وابن حبان في صحيحه (٣٦٨٤)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي (٢٦٢٥)، والتعليقات الحسان (٣٦٨٤).

(٢) أخرجه ابن ماجة (٢٨٩٣)، وابن حبان في صحيحه (٤٥٩٤)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٢٨٩٣)، والتعليقات الحسان (٤٥٩٤)، والصحيحة (١٨٠٢).

بۆیە بە نوێنەر ناونراون (وەفد)؛ چونکە نوێنەران سەفەر دەکەن وشار وولآت بە جێدەهێڵن بۆ سەردانی کردنی پادشا ومەلیك، کەسی موجاهید وحاجی وعومرەکار سەفەر دەکەن وشار وولآت وکەس وکار وپیشە بەجێدەهێڵن بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خوای گەورە.

مالّی بەندەکان دەبێتە سێ بەش

٤١/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «يَقُولُ الْعَبْدُ: مَالِي، مَالِي، إِنَّمَا لَهُ مِنْ مَالِهِ ثَلاَثٌ: مَا أَكَلَ فَأَفْنَى، أَوْ لَبِسَ فَأَبْلَى، أَوْ أَعْطَى فَاقْتَنَى، وَمَا سِوَى ذَلِكَ فَهُوَ ذَاهِبٌ، وَتَارِكُهُ لِلنَّاسِ».[1]

واتە: بەندە دەڵێت: مالّەکەم، مالّەکەم، بێگومان لە مالّەکەشیدا تەنها سێ بەشی بەردەکەوێت: ئەوەی بەکاری هێناوە بۆ خواردن وخواردنەوەی لەناوی بردووە، یان ئەوەی بە جل وبەرگی داوە وخۆی پێداپۆشیوە کۆن وڕزی بوو، یان ئەوەی بیبەخشێت وئەوە زەخیرەیەکە بۆ ئاخیرەت، جگە لەو مالّانەی کە باسکران کە بەندەکە هەیەتی بەندەکە دەڕوات وبۆ خەڵکی بە جێی دەهێڵێت.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه مسلم (٧٥٣٢).

ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوێندی لەسەر خواردوون

٤٢/ لە ئەبو کەبشەی ئەنماریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «ثَلَاثٌ أُقْسِمُ عَلَيْهِنَّ، وَأُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا فَاحْفَظُوهُ، فَأَمَّا الَّذِي أُقْسِمُ عَلَيْهِنَّ: فَإِنَّهُ مَا نَقَصَ مَالُ عَبْدٍ مِنْ صَدَقَةٍ، وَلَا ظُلِمَ عَبْدٌ مَظْلِمَةً صَبَرَ عَلَيْهَا إِلَّا زَادَهُ اللَّهُ بِهَا عِزًّا، وَلَا فَتَحَ عَبْدٌ بَابَ مَسْأَلَةٍ إِلَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ بَابَ فَقْرٍ. وَأَمَّا الَّذِي أُحَدِّثُكُمْ فَاحْفَظُوهُ، فَقَالَ: إِنَّمَا الدُّنْيَا لِأَرْبَعَةِ نفرٍ: عبدٌ رزقَه اللَّهُ مَالا وعلماً فهوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ وَيَصِلُ رَحِمَهُ وَيَعْمَلُ لِلَّهِ فِيهِ بِحَقِّهِ فَهَذَا بِأَفْضَلِ الْمَنَازِلِ، وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ عِلْمًا وَلَمْ يَرْزُقْهُ مَالًا فَهُوَ صَادِقُ النيَّةِ وَيَقُول: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلَانٍ فأجرُهما سواءٌ، وعبدٌ رزقه اللَّهُ مَالا وَلم يَرْزُقْهُ عِلْمًا فَهُوَ يَتَخَبَّطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ لَا يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ وَلَا يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ وَلَا يَعْمَلُ فِيهِ بِحَقٍّ فَهَذَا بأخبثِ المنازلِ، وعبدٌ لم يرزُقْه اللَّهُ مَالا وَلَا عِلْمًا فَهُوَ يَقُولُ: لَوْ أَنَّ لِي مَالًا لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلَانٍ فَهُوَ نِيَّتُهُ وَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ».[1]

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٨٠٣١)، والترمذي (٢٣٢٥)، وقال: حسن صحيح، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (٢٣٢٥)، والمشكاة (٥٢٨٧).

واتە: سێ شت هەیە سوێندیان لەسەر دەخۆم کە ڕاستن، وە فەرموودەیەکیشتان بۆ باس دەکەم لەبەری بکەن. ئەو شتانەی کە سوێندیان لەسەر دەخۆم کە ڕاستن: هەر بەندەیەک صەدەقە وخێر بکات مااڵەکەی کەم ناکات، وە هیچ بەندەیەک نییە کە زوڵمی لێ کرابێت وصەبر وئارامی گرتبێت ئیللا خوای گەورە زیاتر سەر بەرزی دەکات لە دونیا وئاخیرەت، وە هیچ بەندەیەک دەرگای سواڵ کردن ناکاتەوە ئیللا خوای گەورە دەرگای هەژاری ونەداری لەسەر دەکاتەوە.

ئەو فەرمودەیەی کە بۆتانی باس دەکەم ولەبەری بکەن: بێگومان حاڵی کەسەکان لە دونیادا بەم چوار شێوەیە: بەندەیەک کە خوای گەورە ماڵ وسامان وزانستی پێداوە، بەم ماڵ وزانستە تەقوای خوای گەورەی پێ دەکات وپەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت (صیلەی ڕەحم) وماف وحەقی خوای گەورە دەزانێت لەو ماڵ وزانستەی کە پێیدراوە، ئەم کەسە لە باشترین وبەرزترین پلە دایە.

بەندەیەک کە خوای گەورە زانستی پێداوە بەاڵم ماڵ وسامانی پێنەداوە، بە نیەتێکی پاک وڕاستەوە دەاڵێت: ئەگەر ماڵ وسامانم هەبا ئەوا وەکو فلان کەسم دەکرد چۆن ماڵ دەبەخشێت بۆ ڕەزامەندی خوای گەورە منیش وام دەکرد، ئەمەشیان بە گوێرەی نیەتەکەی پاداشتیان وەکو یەکە.

بەندەیەک خوای گەورە ماڵی پێداوە بەاڵم زانستی پێنەداوە، بەبێ زانست وکەیف وهەوەسی خۆی ماڵەکە صەرف دەکات بەبێ ئەوەی تەقوای خوای گەورەی پێ بکات وپەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت وحەق ومافی خوای گەورەی تێدا نادات، ئەم کەسە لە خراپترین پلە وپایەدایە.

بەندەیەك خوای گەورە مالّ وزانستی پێنەداوە، بەنیەتێکی ڕاستەوە دەڵێت: ئەگەر منیش وەك فلان مالّم هەبا وەك ئەوم دەکرد، ئەمەش بە گوێرەی نیەتەکەی لە گوناە وتاواندا وەکو یەکن؛ ئەگەر مالّی هەبا وەکو ئەوی دەکرد.

٤٣/ لە دایکی ئیماندارانەوە عائشەی پاك رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ أَحْلِفُ عَلَيْهِنَّ، لَا يَجْعَلُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ مَنْ لَهُ سَهْمٌ فِي الْإِسْلَامِ كَمَنْ لَا سَهْمَ لَهُ، وَأَسْهُمُ الْإِسْلَامِ ثَلَاثَةٌ: الصَّلَاةُ، وَالصَّوْمُ، وَالزَّكَاةُ، وَلَا يَتَوَلَّى اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ عَبْدًا فِي الدُّنْيَا فَيُوَلِّيهِ غَيْرَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلَا يُحِبُّ رَجُلٌ قَوْمًا إِلَّا جَعَلَهُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ مَعَهُمْ، وَالرَّابِعَةُ لَوْ حَلَفْتُ عَلَيْهَا رَجَوْتُ أَنْ لَا آثَمَ: لَا يَسْتُرُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ عَبْدًا فِي الدُّنْيَا إِلَّا سَتَرَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ».(١)

واتە: سێ شت هەیە سوێندیان لەسەر دەخۆم کە ڕاستن: ئەوانەی کە خوای گەورە لە ئیسلامدا پشکی بۆ داناون وەکو ئەوانە نین کە هیچ پشکێکیان لە ئیسلامدا نییە، ئیسلامیش سێ پشکە: نوێژ وڕۆژو وزەکات.

هیچ بەندەیەك نییە کە خوای گەورە لە دونیادا سەرپەرشتی کردبێت وپاراستبێتی لە قیامەتیشدا بیداتە دەست کەسێکی تر، چونکە دونیا کێڵگەیەکە بۆ ئاخیرەت.

هیچ بەندەیەك نییە کە کەسانێکی خۆشبوێت وخوای گەورە لەگەڵ ئەوان حەشری نەکات، کەواتە ئەگەر کەسانی چاکەکار ودەست گرتوو بە سوننەتت

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٥١٢١)، وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٧٤)، والصحيحة (١٣٨٧).

خۆشویست لەگەڵ ئەوانداید، وە ئەگەر کەسانی خراپ وگومڕات خۆشویست لەگەڵیانداید «الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ».[1]

چوارەمیش ئەگەر سوێندی لەسەر بخۆم ئومێدم وایە کە لەسەری تاوانبار نەبم: هیچ بەندەیەک نییە کە خوای گەورە لە دونیادا عەیب وعاری لە دونیادا شاردبێتەوە ئیللا لە قیامەتیشدا دەیشارێتەوە.

❁ ❁ ❁

(١) متفق عليه: البخاري (٦١٦٨)، ومسلم (٦٨١١).

ئەو شتانەی حەق وڕاستن

٤٤/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ كُلُّهُنَّ حَقٌّ: مَا مِنْ عَبْدٍ ظُلِمَ بِمَظْلَمَةٍ فَيُغْضِي عَنْهَا لِلَّهِ عَزَّوَجَلَّ إِلَّا أَعَزَّ اللَّهُ بِهَا نَصْرَهُ، وَمَا فَتَحَ رَجُلٌ بَابَ عَطِيَّةٍ يُرِيدُ بِهَا صِلَةً إِلَّا زَادَهُ اللَّهُ بِهَا كَثْرَةً، وَمَا فَتَحَ رَجُلٌ بَابَ مَسْأَلَةٍ يُرِيدُ بِهَا كَثْرَةً إِلَّا زَادَهُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ بِهَا قِلَّةً».(١)

واتە: سێ شت هەیە هەموو حەق وڕاستین: هەربەندەیەك زوڵمێكی لێ بكرێت لە پێناو خوای گەورە چاوپۆشی لێكرد ئیللا خوای گەورە سەربەرزی دەكات وبەهۆیەوە یارمەتی دەدات وسەری دەخات لە دونیا وئاخیرەت.

وە هەر پیاوێك دەرگای خێر وبەخشین بكاتەوە ومەبەستی گەیاندی پەیوەندی خزمایەتی بێت ئیللا خوای گەورە زیاتری پێدەدات.

وە هیچ پیاوێك نییە دەرگای داوا كردن (سوالكردن) ومەبەستی كۆكردنەوە وزیادكردنی مالێ وسامان بێت نەك پێویستی پێ بێت ئیللا خوای گەورە زیاتر لێی كەمدەكاتەوە.

٤٥/ لە خەلیفەی چوارەمەوە علی كوڕی ئەبو طالبەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ هُنَّ

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٩٦٢٤)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٢٣١).

حَقٌّ: لَا يَجْعَلُ اللَّهُ مَنْ لَهُ سَهْمٌ فِي الْإِسْلَامِ كَمَنْ لَا سَهْمَ لَهُ، وَلَا يَتَوَلَّى اللَّهَ عَبْدٌ فَيُوَلِّيهِ غَيْرَهُ، وَلَا يُحِبُّ رَجُلٌ قَوْمًا إِلَّا حُشِرَ مَعَهُمْ».[1]

واتە: سێ شت هەیە بێگومان ڕاستن: ئەوانەی کە خوای گەورە لە ئیسلامدا پشکی بۆ داناون وەکو ئەوانە نین کە هیچ پشکێکیان لە ئیسلامدا نییە، هیچ بەندەیەك نییە کە خوای گەورە لە دونیادا سەرپەرشتی کردبێت وپاراستبێتی لە قیامەتیشدا بیداتە دەست کەسێکی تر، وە هیچ پیاوێك نییە کە کەسانێکی خۆشبوێت ئیللا لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێت.

(١) أخرجه الطبراني في الأوسط (٦٤٥٠)، والصغير (٨٧٤)، وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٠٣٧).

داواکردنی پارە وسامان دروست نییە تەنها بۆ ئەم چەند کەسە نەبێت

٤٦/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پیاوێک لە ئەنصاریەکان هاتە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوای پارەی کرد، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: «إِنَّ الْمَسْأَلَةَ لاَ تَصْلُحُ إِلاَّ لِثَلاَثَةٍ: لِذِي فَقْرٍ مُدْقِعٍ، أَوْ لِذِي غُرْمٍ مُفْظِعٍ، أَوْ لِذِي دَمٍ مُوجِعٍ».(١)

واتە: داواکردن نابێت تەنها بۆ سێ کەس نەبێت: هەژارێک کە هیچ هیچی نەبێت، وە کەسێک پێ بژاردن یان قەرزێکی زۆری لەسەر بێت وتوانای دانەوەیشی نەبێت، وە کەسێک کە دانەوەی خوێنی لە ئەستۆ گرتبێت.

(مُدْقِعٍ): لە الدقعاء هاتووە واتە: زەویەک کە هیچ پوەک وگژوگیایەکی تێدا نەبێت، لەم فەرموودەیە مەبەستی هەژارێکە کە هیچی نەبێت.

(لِذِي دَمٍ مُوجِعٍ): کەسێک کە دانەوەی خوێنی لە ئەستۆ گرتبێت: دانەوەی خوێنی یەکێک لە نزیکەکانی خۆی لە ئەستۆ گرتووە ودەیدات بە سەرپەرشتیارانی کوژراوەکە، ئەگەر ئەو بڕە پارەیە نەدات ئەوا کەسە نزیکەکەی دەکوژن وبەمەش ئێش وئازار وخەمی پێدەگات.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٢٢٧٨)، وأبو داود (١٦٤١)، والبيهقي في شعب الإيمان (١١٥٦)، وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٨٣٤).

ئەو کەسەش دەگرێتەوە کە بۆ ئیصلاح وصولح کردن لە نێوان دوو بنەماڵە یان دوو کەسدا، دانەوەی پارەکە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت ئەمەشیان لە ماڵی زەکات یارمەتی دەدرێت وناکرێت ئەو پارە دانەوەیە بە تەنها لە ئەستۆ بگرێت؛ چونکە لەوەیە پارەکە زۆر بێت وبەیەکجاری هیچی نەهێڵێت ودەرگای صولح کردنی لەسەر دابخرێت.(١)

٤٧/ لە قەبیصەی هیلالیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: باریکم (حَمَالَةً) لە ئەستۆی خۆم گرت، چوومە لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ داوام لێی کرد، فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَقِمْ حَتَّى تَأْتِيَنَا الصَّدَقَةُ، فَنَأْمُرَ لَكَ بِهَا»، قَالَ: ثُمَّ قَالَ: «يَا قَبِيصَةُ إِنَّ الْمَسْأَلَةَ لاَ تَحِلُّ إِلاَّ لأَحَدِ ثَلاَثَةٍ: رَجُلٍ تَحَمَّلَ حَمَالَةً، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَهَا، ثُمَّ يُمْسِكُ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ اجْتَاحَتْ مَالَهُ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْشٍ، أَوْ قَالَ سِدَادًا مِنْ عَيْشٍ، وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ فَاقَةٌ حَتَّى يَقُومَ ثَلاَثَةٌ مِنْ ذَوِي الْحِجَا مِنْ قَوْمِهِ: لَقَدْ أَصَابَتْ فُلاَنًا فَاقَةٌ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْشٍ، أَوْ قَالَ سِدَادًا مِنْ عَيْشٍ، فَمَا سِوَاهُنَّ مِنَ الْمَسْأَلَةِ يَا قَبِيصَةُ سُحْتًا يَأْكُلُهَا صَاحِبُهَا سُحْتًا».(٢)

واتە: باشە ئارام بگرە تا ئەوکاتەی خێرێك دێت وپارەمان لادەبێت فەرمان دەکەین بۆت، پاشان فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: ئەی قەبیصە بێگومان داواکردن دروست نییە تەنها بۆ یەکێك لەم سێ کەسە نەبێت: پیاوێك دانەوەی

---

(١) انظر: شرح رسالة العبودية للشيخ صالح الفوزان (ص١٢٨).

(٢) أخرجه مسلم (٢٣٦٨).

حەمالەیەکی لە ئەستۆی خۆی گرتبێت، دروستە بۆی کە داوا لە کەسانی تر بکات تا ئەوکاتەی کارەکە پێکدێت وپاشان وازبهێنێت وداوا نەکات.

وە پیاوێك کە توشی کارەساتێك بووبێت کە هەموو ماڵەکەی لەناو چووبێت، دروستە بۆی کە داوا بکات تا ئەو کاتەی بژێو وپێداویستی ژیانی بەردەستە دەبێت.

وە پیاوێکی هەبوون ودەوڵەمەند توشی هەژارێك بووبێت وهیچی نەمابێت تا ئەو کاتەی سێ کەس لە کەسانی عاقڵ وزیرەك کە لە بنەماڵەی خۆی بن وبڵێن: ڕاستە فلان کەس توشی هەژاری ومایەپوچ بوون بووە، دروستە بۆی کە داوا بکات تا ئەو کاتەی بژێو وپێداویستی ژیانی بەردەستە دەبێت.

ئەی قەبیصە جگە لەم کەسانە حەڕام وناڕەوایە بۆیان کە داوا بکەن وبە ناڕەوایی داوای دەکەن ودەیخۆن.

(حَمَالَةً): واتە: کەسێك قەرز یان خوێنی کەسێکی تر لە ئەستۆی خۆی دەگرێت ولە جیاتی ئەوان دەیداتەوە، بۆ نمونە لە نێوان دوو کەس یان دوو بنەماڵە خەریکە شەڕ وکوشتن ڕووبدات لەبەر قەرز یان دانەوەی خوێن، کەسێك دێت ودەڵێت من هەموو ئەو پارەیە لە ئەستۆی خۆم دەگرم ودەیدەمەوە.[1]

❁ ❁ ❁

(١) النهاية في غريب الحديث والأثر (١/٤٤٢).

دەستەکان دەبنە سێ جۆر

٤٨/ لە مالیکی کوڕی نەضلەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الأَيْدِي ثَلاَثَةٌ: فَيَدُ اللهِ الْعُلْيَا، وَيَدُ الْمُعْطِي الَّتِي تَلِيهَا، وَيَدُ السَّائِلِ السُّفْلَى، فَأَعْطِ الْفَضْلَ، وَلاَ تَعْجِزْ عَنْ نَفْسِكَ».(١)

واتە: دەستەکان سیانن: دەستی خوای گەورە ئەوە لە هەموویان بەرزترە، بەدوایی ئەودا دەستی ئەو کەسەی کە دەبەخشێت، وە دەستی کەسی داواکار (سوالکەر) لە خوار هەموویانەوەیە، ئەو مالەی کە زیادە بیبەخشە، بەلام وامەکە کە هەموو مالەکەت ببەخشێت وپاشان پەکت بکەوێت وداوا لە خەلک بکەیت.

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٥٨٩٠)، وأبو داود (١٦٤٩)، وابن حبان في صحيحه (٣٣٦٢)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابي داود (١٦٤٩)، وصحيح الترغيب والترهيب (٨٢١).

ئەو شتانەی خوای گەورە حەڕامی کردوون یان قەدەغەی کردوون

٤٩/ موغیرە نامەیەکی بۆ موعاویە نارد رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، پێی فەرموو: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو دەیفەرموو: «إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ ثَلاَثًا، وَنَهَى عَنْ ثَلاَثٍ، حَرَّمَ عُقُوقَ الْوَالِدِ، وَوَأْدَ الْبَنَاتِ، وَلاَ وَهَاتِ، وَنَهَى عَنْ ثَلاَثٍ: قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةِ السُّؤَالِ، وَإِضَاعَةِ الْمَالِ».[1]

واتە: خوای گەورە سێ شتی حەڕام کردووە، وە ڕێگری لە سێ شت کردووە، ئەوانەی حەڕامی کردووە: خراپ بوون لەگەڵ دایك وباوك وئازاردانیان، کوشتن وزیندە بەچاڵ کردنی کچەکان، وە داواکردنی شتێك کە هی ئەو نەبێت. وە ڕێگری کردووە لێتان لە: قسەی وادەڵێن ووایان وت، وە زۆر پرسیار کردن، وە بەفیڕۆدانی مالّ وسامان.

(١) متفق عليه: البخاري (٢٤٠٨)، ومسلم (٤٥٠٦) واللفظ له.

٥٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلَاثٌ كُلُّهُنَّ سُحْتٌ: كَسْبُ الْحَجَّامِ، وَمَهْرُ الْبَغِيِّ، وَثَمَنُ الْكَلْبِ إِلَّا الْكَلْبُ الضَّارِي».(١)

واتە: سێ شت هەیە کە حەرامن: بەدەستهێنان ووەرگرتنی پارەی کەڵەشاخ، وە ئەو پارەیەی کە ئافرەتی داوێن پیس بە رێگای داوێن پیسیەکەی بەدەستی دەهێنێت، نرخ وبەهای سەگ، تەنها سەگێک کە پاهێنرابێت بۆ پاوکردن.

تێبینی: جیاوازی هەیە لە نێوان زانایان لە وەرگرتنی پارەی کەڵەشاخ ونرخی سەگی پاو.(٢)

(١) أخرجه الدارقطني في سننه (٣٠٦٤)، وقال الإمام الألباني في الصحيحة (٢٩٩٠): أرى - والعلم عند الله- أن الحديث صحيح لطرقه وشواهده، إلا جملة الاستثناء «إِلَّا الْكَلْبُ الضَّارِي»، فهي حسنة..

(٢) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٣٣/١٣٤و١٣٩).

ئەو شتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووە یان ڕێگری کردووە

٥١/ لە خەلیفەی چوارەمەوە علی کوڕی ئەبو طالبەوە رضي الله عنه، دەفەرموێت: «نَهَانِي حِبِّي ﷺ عَنْ ثَلَاثٍ لَا أَقُولُ نَهَى النَّاسَ، نَهَانِي: عَنْ تَخَتُّمٍ الذَّهَبِ، وَعَنْ لُبْسِ الْقَسِّيِّ، وَعَنْ الْمُعَصْفَرِ الْمُفَدَّمَةِ، وَلَا أَقْرَأُ سَاجِدًا وَلَا رَاكِعًا».(١)

واتە: خۆشەویستم ﷺ ڕێگری لێ کردم لە سێ شت، نالێم ڕێگری لە خەڵکی کرد: ڕێگری لێ کردم لە پەنجە کردنی ئەنگوستیلەی زێڕ، وە ڕێگری لێ کردم لە پۆشینی پۆشاکی (الْقَسِّيِّ) -جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاوریشم، وە جلێك کە ڕەنگی صاف سوور بێت، هەروەها ڕێگری لێ کردم کە لە سوجدە وڕکوعدا قورئان نەخوێنم.

ئەو سێ شتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری لێکردووە تایبەتە بە پیاوان وئافرەتان ناگرێتەوە تەنها بەشی کۆتایی فەرموودەکە کە دەفەرموێت: ڕێگری لێکردووم کە لە ڕکوع وسوجدەدا قورئان نەخوێنم، ئەمە پیاو وئافرەت دەگرێتەوە.

---

(١) أخرجه النسائي (١١١٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي (١١١٨).

وە ئەو وتەیەی خەلیفەی چوارەم رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، کە دەفەرموویت: «لَا أَقُولُ نَهَى النَّاسَ»، مانای ئەوە نادات کە ئەم ڕێگری کردنە تەنها تایبەتە بە خەلیفە علي بن أبي طالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، بەڵکو ڕێگریەکە گشتیە وهەموو خەڵکی دەگرێتەوە، وە مەبەستیش لەم قسەیەی واتا: من ئەو فەرموودەیەم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیست کە ڕێگری لێکردم، منیش چۆنم بیستووە ئاوا پێتانی ڕادەگەیەنم.(١)

٥٢/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «آمُرُكُمْ بِثَلَاثٍ وَأَنْهَاكُمْ عَنْ ثَلَاثٍ. آمُرُكُمْ: أَنْ تَعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَتَعْتَصِمُوا بِحَبْلِ اللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَتَفَرَّقُوا، وَتُطِيعُوا لِمَنْ وَلَّاهُ اللَّهُ أَمْرَكُمْ. وأَنْهَاكُمْ: عَنْ قِيلَ وَقَالَ، وَكَثْرَةِ السؤال، وإضاعة المال».(٢)

واتە: فەرمانتان پێ دەکەم بە سێ شت، وە ڕێگریتان لێ دەکەم لە سێ شت. فەرمانتان پێ دەکەم بەوەی: کە تەنها خوای گەورە بپەرستن بەتاك وتەنیایی وهیچ هاوبەش وشەریکێکی بۆ بڕیار نەدەن، وە هەمووتان دەست بگرن بە حەبلی خوای گەورە وتەفرەقە وپارچە پارچە مەبن، وە گوێڕایەڵی ئەو کەسە بکەن کە خوای گەورە کردوویەتی بە فەرمانڕواتان.

وە ڕێگریتان لێ دەکەم لە: قسەی وا دەڵێن و وایان وت، وە زۆر پرسیار کردن لە شتی بێ مانا وبێ سوود، وە بەفیڕۆدانی مالّ وسامان (ئیسراف کردن).

---

(١) انظر: شرح النووي على مسلم (١٩٨/٤).

(٢) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٤٥٤٢)، وصححه الإمام الألباني في التعليقات الحسان (٤٥٤٢)، والصحيحة (٦٨٥).

٥٣/ ئەبو هورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموویت: «أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِثَلَاثٍ، وَنَهَانِي عَنْ ثَلَاثٍ: أَمَرَنِي بِرَكْعَتَيِ الضُّحَى كُلَّ يَوْمٍ، وَالْوِتْرِ قَبْلَ النَّوْمِ، وَصِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَنَهَانِي عَنْ نَقْرَةٍ كَنَقْرَةِ الدِّيكِ، وَإِقْعَاءٍ كَإِقْعَاءِ الْكَلْبِ، وَالْتِفَاتٍ كَالْتِفَاتِ الثَّعْلَبِ». (١) وفي رواية: «وَإِقْعَاءٍ كَإِقْعَاءِ الْقِرْدِ». (٢)

واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی پێکردم بە ئەنجامدانی سێ شت، وە ڕێگری لێکردم لە سێ شت: فەرمانی پێکردم بە ئەنجامدانی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاو لە هەموو ڕۆژێکدا، وە ئەنجامدانی نوێژی وتر پێش خەوتن، بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکدا.

ڕێگری لێکردم لە سوجدە بردن وەکو چۆن کەڵەشێر دەنوکی دەدات بە زەویدا لە کاتی خواردن، وە دانەنیشتن وەکو دانیشتنی سەگ لە نوێژدا، وە ئاوڕنەدانەوە و لانەکردن لە نوێژدا وەک ئاوڕدانەوەی ڕێوی.

لە ڕیوایەتی تردا هاتووە: دانەنیشتن وەکو دانیشتنی مەیمون لە کاتی تەحیاتەکاندا.

(إِقْعَاءِ الْكَلْبِ): بریتی یە لە دانانی پاشەوە لەسەر زەوی و دانانی هەردوو پێی و دەستەکان لەسەر زەوی، بەڵام ئەم دانیشتنە ناگرێتەوە کە لە نێوان سوجدەکاندا پەنجەی پێیەکانی لە زەوی دەچەقاند و لەسەر هەردوو پاژنە

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٨١٠٦)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٥٥٥).

(٢) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٧٥٩٥).

پێیەکانی دادەنیشت.[١]

٥٤/ لە عبدالرحمن ی کوڕی شیبلی ئەنصاری رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: «سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَنْهَى عَنْ ثَلَاثٍ خِصَالٍ فِي الصَّلَاةِ: عَنْ نَقْرَةِ الْغُرَابِ، وَعَنِ افْتِرَاشِ السَّبُعِ، وَأَنْ يُوطِنَ الرَّجُلُ الْمَكَانَ كَمَا يُوطِنُ الْبَعِيرَ».[٢]

واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ڕێگری دەکرد لە سێ شت لە نوێژدا: سوجدە بردن وەکو چۆن قەلەڕەش دەنوکی دەدات بە زەوی لە کاتی خواردن –واتە: پەلە پەل کردن لە سوجدە بردندا–، ڕاخستنی دەستەکان لە سوجدەدا وەک چۆن ئاژەڵە درندەکان دەستیان ڕادەخەن –واتە: ڕاخستنی لەپی دەست و ئانیشک لەسەر زەویدا–، وە کەسێک شوێنێکی دیاریکراو لە مزگەوت تایبەت کردبێت بەخۆی و تەنها لەوێ نوێژبکات، وەکو چۆن حوشتر لە شوێنێک دەمێنێتەوە.

٥٥/ لە ئیبن عەباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: قَدِمَ وَفْدُ عَبْدِ الْقَيْسِ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ: «مَرْحَبًا بِالْوَفْدِ، لَيْسَ بِالْخَزَايَا، وَلاَ النَّادِمِينَ». قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ الْمُشْرِكِينَ، وَإِنَّا لاَ نَصِلُ إِلَيْكَ، إِلاَّ فِي أَشْهُرِ الْحُرُمِ، فَحَدِّثْنَا بِأَمْرٍ إِنْ عَمِلْنَا بِهِ دَخَلْنَا الْجَنَّةَ، وَنَدْعُو بِهِ مَنْ وَرَاءَنَا،

---

(١) انظر: تعليق الإمام الألباني على الحديث في صحيح الترغيب والترهيب (١/٣٦١)..

(٢) أخرجه أبو داود (٨٦٢)، والنسائي (١١١٢)، وابن ماجة (١٤٢٩)، وابن حبان في صحيحه (٢٢٧٤) واللفظ له، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في الصحيحة (١١٦٨)، والتعليقات الحسان (٢٢٧٤).

قَالَ: «آمُرُكُمْ بِثَلاَثٍ: وَأَنْهَاكُمْ عَنْ أَرْبَعٍ، آمُرُكُمْ بِالإِيمَانِ بِاللَّهِ، وَهَلْ تَدْرُونَ مَا الإِيمَانُ بِاللَّهِ؟» قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: «شَهَادَةُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَإِقَامُ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَأَنْ تُعْطُوا مِنَ الْمَغَانِمِ الْخُمُسَ، وَأَنْهَاكُمْ عَنْ أَرْبَعٍ، عَمَّا يُنْبَذُ فِي الدُّبَّاءِ، وَالنَّقِيرِ، وَالْحَنْتَمِ، وَالْمُزَفَّتِ».(١)

واتە: نوێنەرانی هۆزی (عبد القيس) هاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو نوێنەرانە بەخێربێن، هاتنێك بە بێ تەریق بوونەوە وپەشیمانی.

فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان ئێمە وبەڕێزتاندا موشریکەکان هەن وناتوانین بە سەردانی پێتان بگەین تەنها لەو مانگانەدا نەبێت کە کوشتن تێیدا حەڕامە (أَشْهُرِ الْحُرُمِ)، بۆیە فەرمانێکمان پێ بکە کە ئەگەر ئەنجامی بدەین پێی بچینە بەهەشت، وە بەو کەسانەی دوای خۆشمان ڕابگەیەنین.

فەرمووی ﷺ: فەرمانتان پێ دەکەم بە سێ شت، وە ڕێگریتان لێ دەکەم لە چوار شت. فەرمانتان پێ دەکەم کە: ئیمان بە خوای گەورە بهێنن. ئایا ئێوە دەزانن ئیمان هێنان بەخوای گەورە چیە؟

فەرموویان: خوای گەورە وپێغەمبەری خوا ﷺ زاناترن.

فەرمووی ﷺ: شایەتومان هێنانە بەوەی کە هیچ پەرستراوێك نییە حەق بێت وبە تاك وتەنیا شایستەی پەرستن بێت جگە لە خوای گەورە، وە

---

(١) أخرجه النسائي (٥٦٩٢)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي (٥٦٩٢).

ئەنجامدانی نوێژەکان، وبەخشینی زەکات، وە بەخشینی پێنج یەکی ئەو غەنیمە ودەستەکەوتەی کە لە غەزا وجیهاددا دەست دەکەوێت.

وە ڕێگریتان لێ دەکەم لە خواردنەوە لەناو: کولەکەی وشککراو، وَالنَّقِيرِ، وَالْحَنْتَمِ، وَالْمُزَفَّتِ.

هۆزی عبدالقیس لە گوندێکی بەناوبانگی بەحرەین بوون، لەنێوان ئەوان وشاری مەدینە موشریکەکانی هۆزی (مُضَر) هەبوون، بۆیە نوێنەرانی هۆزی عبدالقیس وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە نێوان ئێمە وبەڕێزتاندا موشریکەکان هەن وناتوانین بە سەردانی پێتان بگەین تەنها لەو مانگانەدا نەبێت کە کوشتن تێیدا حەڕامە (أَشْهُرِ الْحُرُمِ).

هۆزی (مُضَر) مانگە حەڕامکراوەکانیان زۆر بە پیرۆز دەزانی وکوشتنیان تێیدا ئەنجام نەدەدا، بەتایبەت مانگی رجب زۆر زیادەڕەویان تێیدا دەکرد لە بەرز ڕاگرتنی مانگی رجب.

لە ڕیوایەتی البخاري هاتووە کە هۆزی عبدالقیس لە پاش ئەوەی کە داوایان کرد پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیان بە شتێك پێ بکات کە بە ئەنجامدانی بچنە بەهەشتەوە، وە پرسیاری خواردنەوەیان کرد، لە وەڵامدا پێغەمبەری ﷺ ڕێگری لێ کردن لە چوار شت، خواردنەوە لەناو کولەکەی وشککراو، هەروەها (النَّقِيرِ) قەدی دار خورما هەڵدەکۆڵن وبۆ خواردنەوە بەکاری دەهێنن، وە (وَالْحَنْتَمِ) گۆزەی سەوز، (الْمُزَفَّتِ) کاسەیەکە ناوەکەی زفت کراوە (قیرتاو).

لەو کاتەدا کولەکەی وشککراو وئەو گۆزە وکاسانە، خورما وترێی تێدا دەگوشرا، وە تێیدا هەڵدەگیرا؛ چونکە زووتر دەبووە بێهۆشکەر؛ بۆیەش ڕێگری لێکراوە.

بەڵام ئەم ڕێگری کردنە لەسەرەتای حەڕام بوونی ئارەق بووە لە ئیسلامدا، لە پاشاندا ئەم حوکمە هەڵگیراوە (نەسخ بووەتەوە)[١] هەروەك لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە کە دەفەرموێت: «وَنَهَيْتُكُمْ عَنِ النَّبِيذِ إِلاَّ فِي سِقَاءٍ، فَاشْرَبُوا فِي الأَسْقِيَةِ كُلِّهَا، وَلاَ تَشْرَبُوا مُسْكِرًا».[٢]

واتە: وە ڕێگریم لێتان کردبوو لە گوشین وخواردنەوە لەناو هەموو شتێك تەنها لەناو کوندە نەبێت، بەڵام ئێستا لەناو هەموو دەفرێك ئاو بخۆنەوە، ئەو خواردنەوانە مەخۆن کە بیهۆشکەرن.

وە دەفەرموێت ﷺ: «فَاشْرَبُوا فِي كُلِّ وِعَاءٍ غَيْرَ أَنْ لاَ تَشْرَبُوا مُسْكِرًا».[٣]

واتە: لەناو هەموو دەفرێك بخۆنەوە تەنها ئەو شتانە مەخۆنەوە کە بێهۆشکەرن.

کەواتە خواردنەوە لەناو هەموو کوندە ودەفر وجامێك دروستە ئەوەی کە ڕێگری لێکراوە کە خواردنەوەکە بێهۆشکەر نەبێت، هەرووەها ئەو جام وقاپ ودەفرانەیشی کەوا لە زێڕ وزیو دروست کراون ئەمانیش خواردنەوە تێیاندا قەدەغەکرا وحەڕامە.[٤]

❁ ❁ ❁

---

(١) انظر: شرح النووي على مسلم (١٣/١٥٩).

(٢) أخرجه مسلم (٥١٥٦).

(٣) أخرجه مسلم (٥٢٥٧).

(٤) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٣٧/٣٥٧).

ئەو شتانەی کە پێغەمبەری ﷺ قەدەغەی کردبوون پاشان فەرمانی پێدا

٥٦/ لە بورەیدەی کوڕی حوصەیبی ئەسلەمیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «نَهَيْتُكُمْ عَنْ ثَلاَثٍ، وَأَنَا آمُرُكُمْ بِهِنَّ: نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا؛ فَإِنَّ فِي زِيَارَتِهَا تَذْكِرَةً، وَنَهَيْتُكُمْ عَنِ الأَشْرِبَةِ أَنْ تَشْرَبُوا إِلاَّ فِي ظُرُوفِ الأَدَمِ فَاشْرَبُوا فِي كُلِّ وِعَاءٍ غَيْرَ أَنْ لاَ تَشْرَبُوا مُسْكِرًا، وَنَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الأَضَاحِيِّ أَنْ تَأْكُلُوهَا بَعْدَ ثَلاَثٍ، فَكُلُوا وَاسْتَمْتِعُوا بِهَا فِي أَسْفَارِكُمْ».(١)

واتە: سێ شتم لە ئێوە قەدەغە کردبوو، ئێستا خۆم فەرمانتان پێ دەکەم بە ئەنجامدانی: سەردانی کردنی گۆڕستانم لێتان قەدەغە کردبوو، بەڵام ئێستا سەردانی بکەن؛ چونکە سەردانی کردنی دەبێتە هۆی بەبیرهێنانەوەی ئاخیرەت.

وە ڕێگریم لێتان کردبوو لە خواردنەوە لەناو هەموو دەفرێك تەنها ئەوانە نەبێت کە لە پێست دروست دەکران، بەڵام ئێستا خواردنەوە لە هەموو دەفر وجامێکدا بخۆنەوە، تەنها ئەو خواردنەوانە نەبێت کە بێهۆشکەرن مەیخۆنەوە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٦٩٨)، والنسائي (٤٤٢٩)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي داود (٣٦٩٨).

وە ڕێگریم لێتان کردبوو لە خواردنەوەی گۆشتی قوربانی لە پاش سێ ڕۆژ؛ بەڵام ئێستا لێی بخۆن وە لە گەشتەکاندا لەگەڵ خۆتانی ببەن وچێژی لێ وەرگرن.

دەوترێت بۆیە ڕێگری کراوە لە سەردانی کردنی گۆڕستان؛ چونکە تازە موسڵمان بووبوون وماوەیەکی کەم بوو کە وازیان لە سەردەمی جاهیلەت وبتپەرستی وپاڕانەوە لە بتەکان هێنابوو، لە ترسی ئەوەی نەوەکو ئەو کار وقسە وپاڕانەوانە بکەن کە لە جاهیلیەت لێی ڕاهاتبوون وهۆگری ببوون، هەروەها لە ترسی ئەوەی کە نەبێتە ڕێگایەك بۆ بەرەو گۆڕپەرستی. واللَّه تعالى أعلم.

لە پاشاندا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردن بە سەردانی کردن چونکە سەردانی کردنی گۆڕستان: دڵەکان نەرم دەکات، فرمێسك لە چاوەکان دەڕژێنێت، وە دەبێتە هۆی گوێنەدان بە دونیا ویادخستنەوەی مردن وئاخیرەت.[1]

❁ ❁ ❁

(١) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٢٠/٢٤).

ئەو شتانەی موسڵمانان تێیدا هاوبەشن و نابێت لە یەکتری قەدەغە بکەن

٥٧/ پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الْمُسْلِمُونَ شُرَكَاءُ فِي ثَلَاثٍ: فِي الْكَلَإِ، وَالْمَاءِ، وَالنَّارِ».(١)

واتە: موسڵمانان لە سێ شتدا هاوبەشن: گڕ وگیا (لەوەڕگا)، ئاو، وئاگر.

٥٨/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ لَا يُمْنَعْنَ: الْمَاءُ، والْكَلَأُ، وَالنَّارُ».(٢)

واتە: سێ شت هەیە کە لە خەڵکی قەدەغە ناکرێت: ئاو، گڕ وگیا (لەوەڕگا)، ئاگر.

ئەو ئاوەی کە دەڕوات یان ئاوێکی وەستاو کە تایبەت نەبێت بە کەسێك (خاوەنی نەبێت)، وە ئەو لەوەڕگایەی کە لە زەویەك دەردەچێت کە تایبەت نییە بە کەس وبە ئاوی باران یاخود لە دەروبەری ڕووبار وکانیاو دەردەچن، وە ئاگرێك کە خۆی گرێی گرتبێت تایبەت نەبێت بە کەسەوە، موسڵمانان

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٣٠٨٢)، وأبو داود (٣٤٧٧)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن أبي دواد (٣٤٧٧)، والإرواء (١٥٥٢).

(٢) أخرجه ابن ماجة (٢٤٧٣)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٢٤٧٣)، والإرواء (١٥٥٢).

هەموویان هاوبەشن لەم سێ شتە ولێیان قەدەغە ناکرێت لە بەرکاهێنانی ئاو ولەوەڕگا، وە ئاگریش خەڵکی هاوبەشن لەوەی لە دەوری کۆببنەوە وسوود لە گەرمی وڕوناکیەکەی وەربگرن یان پشکۆی ئاگری لێ ببەن.[١]

❁ ❁ ❁

(١) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٣٥/٢٢٨).

سێ ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ

٥٩/ ئەبو هورەیرە رضي الله عنه، دەفەرموێت: «أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلاَثٍ لاَ أَدَعُهُنَّ حَتَّى أَمُوتَ: صَوْمِ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَصَلاَةِ الضُّحَى، وَنَوْمٍ عَلَى وِتْرٍ».(١)

واتە: هاوڕێی گیانی بە گیانیم -مەبەستی پێغەمبەری خوایە ﷺ- ئامۆژگاری کردم کە واز لە سێ شت نەهێنم تا دەمرم: بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێکدا، وە نوێژی چێشتەنگاو، وە ئەنجامدانی نوێژی وتر پێش خەوتن.

٦٠/ ئەبو ذەر رضي الله عنه، دەفەرموێت: أَوْصَانِي خَلِيلِي ﷺ بِثَلَاثٍ: «أَسْمَعُ وَأُطِيعُ وَلَوْ لِعَبْدٍ مُجَدَّعِ الْأَطْرَافِ، وَإِذَا صَنَعْتَ مَرَقَةً فَأَكْثِرْ مَاءَهَا، ثُمَّ انْظُرْ أَهْلَ بَيْتٍ مِنْ جِيرَانِكَ، فَأَصِبْهُمْ مِنْهُ بِمَعْرُوفٍ، وَصَلِّ الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا، فَإِنْ وَجَدْتَ الْإِمَامَ قَدْ صَلَّى، فَقَدْ أَحْرَزْتَ صَلَاتَكَ، وَإِلَّا فَهِيَ نَافِلَةٌ».(٢)

واتە: هاوڕێی گیانی بە گیانیم -مەبەستی پێغەمبەری خوایە ﷺ- ئامۆژگاری کردم بە سێ شت: گوێ بیست و گوێڕایەڵی وتە و فەرمانی

---

(١) متفق عليه: البخاري (١١٧٨).واللفظ له، ومسلم (١٦١٩).

(٢) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢١٤٢٨)، والبخاري في الأدب المفرد (١١٣) واللفظ له، ومسلم مفرقا (١٤١٠ و ١٤١١ و ٤٧٨٣ و ٦٧٨١)، وابن حبان في صحيحه (١٧١٥)، وصححه الإمام الألباني في الأدب المفرد (١١٣)، والتعليقات الحسان (١٧١٥).

کاربەدەستان بم ئەگەر فەرمانڕەواکە کەسێکی بەندەی لوت و دەست بڕاوەیش بێت، ئەگەر مەرەگەت (شلەیەکت) ئامادەکرد، ئاوی زیاد تێبکە، پاشان سەیری درواسێکانت بکە و بەشی ئەوانیش بە باشی بدە، وە نوێژە فەرزەکانت لەسەرەتای کاتی خۆیاندا ئەنجام بدە، ئەگەر بینیت ئیمام نوێژی کردووە، ئەوا نوێژەکەی خۆت پاراستووە و لە کاتی خۆیدا نوێژەکەت کردووە، ئەو نوێژەی لەگەڵ ئیمام دەیکەیتەوە بۆت بە سوننەت هەژماردەکرێت.

لە یەکێك لە ڕیوایەتەکانی ئیمامی موسلمدا هاتووە: «يَا أَبَا ذَرٍّ إِنَّهُ سَيَكُونُ بَعْدِي أُمَرَاءُ يُمِيتُونَ الصَّلاَةَ ، فَصَلِّ الصَّلاَةَ لِوَقْتِهَا ، فَإِنْ صَلَّيْتَ لِوَقْتِهَا كَانَتْ لَكَ نَافِلَةً ، وَإِلاَّ كُنْتَ قَدْ أَحْرَزْتَ صَلاَتَكَ».

واتە: ئەی ئەبو ذەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، بێگومان لە پاش من پێشەوایانێك دێن نوێژەکانیان دەمرێنن ولە کاتی خۆیاندا ئەنجامی نادەن، نوێژە فەرزەکانت لەسەرەتای کاتی خۆیاندا ئەنجام بدە، ئەگەر نوێژت لەگەڵ پێشەوا کرد بۆت بە سوننەت هەژماردەکرێت، ئەگەرنا نوێژەکەی خۆت پاراستووە.

(مَرَقَةً): ئەو شلەیەیە کە گۆشتی تێدابێت.

ئەم فەرمودانە بە لگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی محمد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؛ چونکە لە دوای ئەودا هەندێك پێشەوا هاتن لەبەر سەرقاڵیان بە کار و باری خەڵکیەوە نوێژەکانیان دوادەخست، تا کاتەکانی بەسەردەچوو. (١)

٦١/ لە ئیبن عەببасەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «أُوصِيكُمْ بِثَلَاثٍ: أَخْرِجُوا الْمُشْرِكِينَ مِنْ جَزِيرَةِ

---

(١) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (١٤/١٥٩).

الْعَرَبِ، وَأَجِيزُوا الْوَفْدَ بِنَحْوِ مَا كُنْتُ أُجِيزُهُم»، قَالَ: وَسَكَتَ عَنِ الثَّالِثَةِ، أَوْ قَالَهَا، فَأُنْسِيتُهَا.(١)

واتە: ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەکەم بە سێ شت: موشریکەکان لە دوورگەی عەرەب دەربکەن، چیم دەبەخشی نێردراوەکان ئێوەش بەهەمان شێوە لە هەمان شت ببەخشن. یەکێك لە ڕاویەکان دەفەرموێت: نازانم ڕاویەکەی پێش خۆی لە هی سێیەم بێدەنگ بوو، یان لە بیری چوو.

مەبەست لە دەرکردنی موشریکەکان جولەکە و نەصڕانیەکانە؛ چونکە لەو کاتەدا هیچ موشریکێك لە دوورگەی عەرەب نەمابوون(٢)، وە لە فەرموودەی تردا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «لَئِنْ عِشْتُ، إِنْ شَاءَ اللَّهُ لَأُخْرِجَنَّ اليَهُودَ وَالنَّصَارَى مِنْ جَزِيرَةِ العَرَبِ».(٣)

واتە: بە ویستی خوای گەورە ئەگەر لە ژیاندامام ئەوا جولەکە و نەصڕاینەکان لە دوورگەی عەرەب دەردەکەم.

ئیمامی ئەلبانی رَحِمَهُ ٱللَّهُ **دەفەرموێت: "ئەم فەرموودەیە** «أَخْرِجُوا الْمُشْرِكِينَ مِنْ جَزِيرَةِ الْعَرَبِ». **بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەوا دروستە دەستەواژەی موشریك بۆ ئەهلی کتاب بەکاربهێنی؛ چونکە فەرموودەکە باس لەوان دەکات".(٤)**

❁ ❁ ❁

---

(١) متفق عليه: البخاري (٣٠٥٣ و ٣١٦٨ و ٤٤٣١)، ومسلم (٤٢٤١).

(٢) المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم لأبي العباس القرطبي (٥٦١/٤).

(٣) أخرجه الترمذي (١٦٠٦)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (١١٣٤).

(٤) الصحيحة (١٢٥/٣).

ئەو سێ ڕۆژە بە ڕۆژوو بە
ئەگەر ویستت لە مانگێکدا بە ڕۆژوو بیت

٦٢/ لە ئەبو ذەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: «يَا أَبَا ذَرٍّ، إِذَا صُمْتَ مِنَ الشَّهْرِ ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ فَصُمْ ثَلاَثَ عَشْرَةَ، وَأَرْبَعَ عَشْرَةَ، وَخَمْسَ عَشْرَةَ».[1]

واتە: ئەی ئەبو ذەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، ئەگەر لە مانگێکدا سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوویت ئەوا لەم سێ ڕۆژەدا بە ڕۆژوو بە: لە سێزدە و چواردە و پازدەی مانگ بە ڕۆژوو بە.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الترمذي (٧٦١) وقال: حَدِيثُ أَبِي ذَرٍّ حَدِيثٌ حَسَنٌ. والنسائي (٢٤٢٤)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (٢٧٩٠)، والإرواء (٩٤٧).

ئەو سێ شتەی کە بە هیچ ئوممەتێك نەدراوە جگە لە ئوممەتی محمد ﷺ

٦٣/ لە حوذەیفەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «فُضِّلْنَا عَلَى النَّاسِ بِثَلَاثٍ: جُعِلَتْ صُفُوفُنَا كَصُفُوفِ الْمَلَائِكَةِ، وَجُعِلَتْ لَنَا الْأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدًا، وَجُعِلَتْ تُرْبَتُهَا لَنَا طَهُورًا، إِذَا لَمْ نَجِدِ الْمَاءَ، وَذَكَرَ خَصْلَةً أُخْرَى».(١)

واتە: خوای گەورە قەدر و رێزێکی زیاتری لێناوین لە ئوممەتەکانی تر بە پێدانی سێ شت: وەستانمان لە نوێژدا وەك وەستانی مەلائیکەتانە، خوای گەورە هەموو سەر زەوی کردووە بە شوێنی نوێژکردن بۆ ئوممەتەکەم ودروستە نوێژی لەسەر بکرێت، ئەو فەزڵەیشی پێداوین کە خۆڵەکەی پاکە ودەتوانین تەیەمومی پێ بکەین ئەگەر ئاو نەبوو.

یەکێك لە ڕاویەکان دەفەرموێت: ڕاوی پێش خۆی شتێکی تریشی باس کرد بەڵام ئێستا لە بیرم نییە.

---

(١) أخرجه مسلم (١١٠١).

بەڵام لە ڕیوایەتی تردا سیفەتی سێیەم باسکراوە کە پێغەمبەری خواوە صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموێت: «وَأُعْطِيتُ هَذِهِ الْآيَاتِ مِنْ آخِرِ الْبَقَرَةِ مِنْ كَنْزٍ تَحْتَ الْعَرْشِ، لَمْ يُعْطَهَا نَبِيٌّ قَبْلِي».(١)

واتە: خوای گەورە ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی (البقرة)ی پێ بەخشیوم کە کەنزێك وگەنجینەیەکی ژێر عەرشە، کە بەهیچ پێغەمبەرێکی تر نەبەخشراوە.

وەستانی مەلائیکەتەکان: پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموێت: «يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الأُوَلَ وَيَتَرَاصُّونَ فِي الصَّفِّ».(٢)

واتە: ڕێزی یەکەم تەواو دەکەن پاشان ڕێزێکی تر دروست دەکەن ودەچنە پاڵ یەکتر.

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٣٢٥١)، والنسائي في سنن الكبرى (٨٠٢٢)، وصححه الإمام الألباني في الإرواء (٢٨٥)، والصحيحة (١٤٨٢).

(٢) أخرجه مسلم (٨٩٩).

ئەو سێ شتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کرد بۆ ئوممەتەکەی

٦٤/ لە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پۆژێکیان پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەرزاییەک لە بەرزاییەکانی شاری المدینة هاتەوە، تا گەیشت بە مزگەوتی (بَنِي مُعَاوِيَة) چووە مزگەوت ودوو ڕکات نوێژی کرد، ئێمەش نوێژمان کرد لەگەڵی، زۆر لە خوای گەورە پاڕایەوە، پاشان ئاوڕی لێمان دایەوە وفەرمووی: «سَأَلْتُ رَبِّي ثَلَاثًا، فَأَعْطَانِي ثِنْتَيْنِ، وَمَنَعَنِي وَاحِدَةً، سَأَلْتُ رَبِّي أَنْ لَا يُهْلِكَ أُمَّتِي بِالسَّنَةِ، فَأَعْطانِيهَا، وَسأَلْتُهُ أَنْ لَا يُهْلِك أُمَّتِي بِالْغَرَقِ، فَأَعْطَانِيهَا، وَسأَلْتُهُ أَنْ لَا يَجْعَلَ بَأْسَهُمْ بَيْنَهُمْ فَمَنَعَنِيهَا».(١)

واتە: سێ داواکاریم لە خوای گەورە داواکرد دوانیانی پێ بەخشیم ویەکێکیانی پێ نەبەخشیم: داوام لە خوای گەورە کرد کە وشکە سالّی وبێ بارانی بۆ ئوممەتەکەم نەنێرێت ولە برسان هەموویان لەناو بچن، پێی بەخشیم، وە داوام لە خوای گەورە کرد کە ئوممەتەکەم بە نقوم بوون لە ئاودا لەناو نەبات وەک چۆن قەومی فیرعەون وقەومی نوحی لەناو برد، ئەو داواکاریەشی قبوڵ کرد وپێی بەخشیم، وە داوام لە خوای گەورە کرد کە ئوممەتەکەم توشی ناکۆکی

---

(١) أخرجه مسلم (٧٣٦٣).

وشەڕ وفیتنە نەکات ولە نێوان خۆیان یەکتر لەناو ببەن، بەڵام خوای گەورە ئەم داواکاریەی پێ نەبەخشیم.

ئەمەش بەزەیی وڕەحمەت ونیعمەتی خوای گەورە بەرامبەر بە ئوممەتی محمد صَلَّىٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ کە وشکە سالّی وبێ بارانی ڕوومان تێناکات کە ببێتە هۆی لەناو چوونی هەموو ئوممەت، ئەگەر وشکەسالّیش بێت ئەوا بەشێکی دەگرێتەوە، ولّاتێك یان ناوچەیەکی کەم دەگرێتەوە.

خوای گەورە ئوممەتی محمدی ﷺ پاراستووە لەم سێ شتە

٦٥/ لە کەعبی کوڕی عاصیمەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەیفەرموو: «إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَدْ أَجَارَ لِي عَلَى أُمَّتِي مِنْ ثَلَاثٍ: لَا يَجُوعُوا، وَلَا يَجْتَمِعُوا عَلَى ضَلَالَةٍ، وَلَا يُسْتَبَاحُ بَيْضَةُ الْمُسْلِمِينَ».[1]

واتە: خوای گەورە ئوممەتەکەمی پاراستووە لە سێ شت: لە برسێتی وقات وقڕیەک کە ببێتە هۆی لەناوچوونی هەموویان، وە کۆنەبنەوەی هەموویان لەسەر گومڕایی، وە دوژمنێک لە بێباوەڕان بەسەر موسڵمانانداا زاڵ بێت کە ڕەگ وڕیشەی موسڵمانان لە بن دەربێنێت.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه ابن أبي عاصم في السنة (٩٢)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في ظلال الجنة في تخريج السنة (٩٢)، وفي الصحيحة تحت الحديث (١٣٣١).

ئەو کردەوانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئوممەتەکەی ترساوە

٦٦/ لە جابری کوڕی سەمورەوە رضي الله عنه، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ دەیفەرموو: «ثَلَاثٌ أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي: الِاسْتِسْقَاءُ بِالْأَنْوَاءِ، وَحَيْفُ السُّلْطَانِ، وَتَكْذِيبٌ بِالْقَدَرِ».(١)

واتە: سێ شت هەیە دەترسم ئوممەتەکەم تێی بکەون: گەڕاندنەوەی هۆکاری باران بارین بۆ ئەستێرەکان، زوڵم وستەمی سوڵتان، بە درۆ زانینی قەدەر.

٦٧/ لە ئەبو ئیعوەرەوە رضي الله عنه، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەفەرموێت: «مَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي إِلَّا ثَلَاثًا: شُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِمَامٌ ضَالٌّ».(٢)

واتە: لە هیچ شتێك لە ئوممەتەکەم ناترسم تەنها ئەم سێ شتە نەبێت: قرچۆکی وەرەزیلەیك کە کەسەکە شوێن قرچۆکیەکەی بکەوێت وئەو مافانە نەدات کە لەسەریەتی، شوێنکەوتنی هەوا وئارەزوو، پێشەوایەکی گومڕا.

❁ ❁ ❁

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٠٨٣٢)، وابن أبي عاصم في السنة (٣٢٤)، وصححه الإمام الألباني في ظلال الجنة (٣٢٤)، والصحيحة تحت الحديث (١١٢٧).

(٢) أخرجه أبو نعيم في المعرفة (٥٠٧١)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٣٢٣٧).

ئەو کەسانەی دوعا و پاڕانەوەیان ڕەت ناکرێتەوە

٦٨/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ لاَ شَكَّ فِيهِنَّ: دَعْوَةُ الْوَالِدِ، وَدَعْوَةُ الْمُسَافِرِ، وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ».[1] وفي لفظ أحمد والترمذي: «وَدَعْوَةُ الْوَالِدِ عَلَى وَلَدِهِ». وفي لفظ ابن ماجة: «وَدَعْوَةُ الْوَالِدِ لِوَلَدِهِ».

واتە: سێ جۆرە کەس هەن، هیچ گومانی تێدا نییە کە دوعا وپاڕانەوەیان ڕەتناکرێنەوە ووەردەگیرێن: دوعای دایک وباوک، دوعای کەسی گەشتیار، دوعای کەسی زوڵم لێکراو.

بەمشێوەیەش هاتووە: دوعای دایک وباوک لە منداڵەکەی، یان: دوعای دایک وباوک بۆ منداڵەکەی.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٧٥١٠)، أبو داود (١٥٣٦) واللفظ له، والترمذي (١٩٠٥)، وابن ماجة (٣٨٦٢)، وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (٥٩٦).

٦٩/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثُ دَعَوَاتٍ مُسْتَجَابَاتٌ: دَعْوَةُ الصَّائِمِ، وَدَعْوَةُ الْمُسَافِرِ، وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ».(١)

واتە: سێ جۆرە کەس هەن هیچ گومانی تێدا نییە کە دوعا وپارانەوەیان پەتناکرێنەوە ووەردەگیرێن: دوعای کەسی بە پۆژوو، دوعای کەسی گەشتیار، دوعای کەسی زوڵم لێکراو.

٧٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **لە پێغەمبەری خواوە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:** «ثَلَاثَةٌ لَا يَرُدُّ اللهُ دُعَاءَهُمْ: الذَّاكِرُون اللهَ كَثِيرًا، وَدَعْوَةُ الْمَظْلُومِ، وَالْإِمَامُ الْمُقْسِطُ».(٢)

واتە: سێ کەس هەیە خوای گەورە دوعاکانیان پەت ناکاتەوە: ئەو کەسەی زیکر ویادی خوای گەورە زۆر دەکات، کەسی زوڵم لێکراوە، سەرکردەیەکی دادپەروەر.

(١) أخرجه البيهقي في شعب الإيمان (٣٣٢٣)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (١٧٩٧).

(٢) أخرجه البزار في مسنده (٨٧٥١)، والبيهقي في شعب الإيمان (٥٨٢)، وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (٣٣٧٤).

ئەو کەسانەی دوعا و پاڕانەوەیان گێڕا نابێت

٧١/ لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ يَدْعُونَ اللَّهَ فَلَا يُسْتَجَابُ لَهُمْ: رَجُلٌ كَانَتْ تَحْتَهُ امْرَأَةٌ سَيِّئَةَ الْخُلُقِ فَلَمْ يُطَلِّقْهَا، وَرَجُلٌ كَانَ لَهُ عَلَى رَجُلٍ مَالٌ فَلَمْ يُشْهِدْ عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ آتَى سَفِيهًا مَالَهُ وَقَدْ قَالَ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ: ﴿وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ﴾ [النساء: ٥]».[١]

واتە: سێ جۆرە کەس هەن کە لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە بەڵام پاڕانەوەکانیان گیرا نابێت: پیاوێك کە خێزانێکی بەدڕەوشتی هەبێت ولێی جیانابێتەوە، دوعای لێ دەکات بەڵام دوعاکانی وەرناگیرێن؛ چونکە دەتوانێت لێی جیابێتەوە.

پیاوێك پارەی بە قەرز لای پیاوێکی تر هەیچ کەسێکی نەکردۆتە شایەد، کاتێك خاوەن پارەکە داوای قەرزەکەی دەکاتەوە نکۆڵی لێدەکات، خاوەن پارەکە دوعای لێدەکات بەڵام دوعاکەی گیرا نابێت؛ چونکە خۆی کەمتەرخەم بووە لەوەی دوو کەس بکات بە شایەد.

---

(١) أخرجه الحاكم في المستدرك (٣١٨١)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ وَلَمْ يُخْرِجَاهُ. ووافقه الذهبي، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٧٥)، والصحيحة (١٨٠٥).

وە پیاوێك پارەی خۆی لای کەسێکی نەزان وگەمژە دابنێت کە دەشزانێت گەمژەیە ومالّەکەی بەفیڕۆ دەدات، ئەگەر دوعای لێ بکات دوعاکەی وەرناگیرێت؛ چونکە هیچ بیانو وعوزرێکی نییە وخۆی بەرپرسیارە لە بەفیڕۆدانی مالّەکەی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تُؤْتُواْ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ﴾ [النساء: ٥].

واتە: مالّ وسامانتان مەدەن بە کەسانێك کە نەزان وگەمژەن ونازانن چۆن مالّ وسامان خەرج دەکەن؛ لەبەر ئەوەی عەقڵیان نییە وشێتن یان منداڵن وژیریان نییە بۆیە نازانن چۆن مالّ خەرج بکەن.

هەرکەسێك دوعا بکات ئیلا یەکێك لەم سێ شتەی پێ دەدرێت

٧٢/ لە ئەبو سەعیدی خودریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَدْعُو بِدَعْوَةٍ لَيْسَ فِيهَا إِثْمٌ، وَلَا قَطِيعَةُ رَحِمٍ، إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ بِهَا إِحْدَى ثَلَاثٍ: إِمَّا أَنْ تُعَجَّلَ لَهُ دَعْوَتُهُ، وَإِمَّا أَنْ يَدَّخِرَهَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ، وَإِمَّا أَنْ يَصْرِفَ عَنْهُ مِنَ السُّوءِ مِثْلَهَا». قَالَ: إِذًا نُكْثِرُ! قَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «الله أكثر».(١)

واتە: هیچ موسڵمانێك نییە کە دوعایەك بکات، لە دوعاکەیدا تاوانی تێدا نەبێت یان پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی تێدا نەبێت ئیلا خوای گەورە یەکێك لەم سێ شتەی پێ دەبەخشێت: یان دوعاکەی پێش دەخات وقبوڵی دەکات، یان بۆی پاشەکەوت دەکات ودەیکاتە تۆشوویەك بۆ قیامەتی، یان بە گوێرەی ئەوەی داوای کردووە خراپەی لێ بەدوور دەکاتەوە.

صەحابەیەکی بەڕێز رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، فەرمووی: کەواتە زۆر داوا دەکەین!. پێغەمبەری خوا فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: خوای گەورە زۆرتر وزیاترتان پێ دەبەخشێتت.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١١١٣٣)، البخاري في الأدب المفرد (٧١٠)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الأدب المفرد (٧١٠).

واتــە خــوای گــەورە زیــاتر دوعاکانتــان پــێش دەخــات یــان پاداشــت وپاشەکەوتکردنەکەی بۆ قیامــەت زیــاتر دەکات، بۆیــە چــەندە داوا بکــەن لــە بەرامبەردا خوای گەورە زیاتر دەبەخشێت.(١)

(١) انظر: تحفة الأحوذي (١٠/١٨).

سێ گەورەترین ناوی خوای گەورە لە قورئاندا

٧٣/ لە ئەبو ئومامەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، بەرزی دەکاتەوە بۆ پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «اسْمُ اللهِ الْأَعْظَمُ الَّذِي إِذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ فِي ثَلَاثِ سُوَرٍ مِنَ الْقُرْآنِ: فِي الْبَقَرَةِ، وَآلِ عِمْرَانَ، وَطه».[١]

واتە: گەورەترین ناوی خوای گەورە کە ئەگەر کەسێك پێی دوعا بکات و بپارێتەوە لێی وەردەگیرێت، لە سێ سورەتی قورئاندایە: سورەتی (البقرة وآل عمران و طه).

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه ابن ماجة (٣٨٥٦)، الطبراني في الكبير (٨/٢٣٧) (٧٩٢٥) واللفظ له، والحاكم في المستدرك (١٨٦١)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٣٨٥٦)، والصحيحة (٧٤٦).

داواکاریەکانی پێغەمبەر سولەیمان عَلَيْهِ السَّلَامُ

٧٤/ لە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «أَنَّ سُلَيْمَانَ بْنَ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ لَمَّا بَنَى بَيْتَ الْمَقْدِسِ، سَأَلَ اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ، خِلاَلاً ثَلاَثَةً: سَأَلَ اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ حُكْمًا يُصَادِفُ حُكْمَهُ فَأُوتِيَهُ، وَسَأَلَ اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ مُلْكًا لاَ يَنْبَغِي لأَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ فَأُوتِيَهُ، وَسَأَلَ اللَّهَ عَزَّوَجَلَّ حِينَ فَرَغَ مِنْ بِنَاءِ الْمَسْجِدِ أَنْ لاَ يَأْتِيَهُ أَحَدٌ لاَ يَنْهَزُهُ إِلاَّ الصَّلاَةُ فِيهِ أَنْ يُخْرِجَهُ مِنْ خَطِيئَتِهِ، كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ».[1] وفي لفظ ابن ماجة: «أَمَّا اثْنَتَانِ فَقَدْ أُعْطِيَهُمَا، وَأَرْجُو أَنْ يَكُونَ قَدْ أُعْطِيَ الثَّالِثَةَ».

واتە: پێغەمبەر سولەیمان عَلَيْهِ السَّلَامُ کاتێك (بیت المقدس)ی دروست کرد سێ شتی لە خوای گەورە داواکرد: داوای لە خوای گەورە کرد کە حوکمێکی پێ بدات گونجاو وڕێك بێت لەگەڵ حوکمی خوای گەورە، خوای ورە ئەو حوکمەی پێدا، وە داوای لە خوای گەورە کرد کە حوکم ودەسەلاتێکی پێ بدات کە لە پاش ئەودا بە هیچ کەسێکی تری نەدا، خوای گەورە ئەو حوکمەی پێدا، وە کاتێك تەواو بوو لە دروست کردنی (بیت المقدس)ی داوای لە خوای گەورە

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٦٦٤٤)، والنسائي (٦٩٣) واللفظ له، وابن ماجة (١٤٠٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن النسائي (٦٩٣)، وصحيح الترغيب والترهيب (١١٧٨).

کرد که هیچ یەکێك لە ماڵەوە دەرنەچێت ئیللا بە مەبەستی نوێژکردن بێت تێیدا، نەچێتە دەرەوە تا خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش ببێت وەك ئەو ڕۆژە بێت کە تازە لە دایك بووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: خوای گەورە داوای یەکەم ودووەمی پێ بەخشی، ئومێد دەکەم داوای سێیەمیشی پێ بەخشرابێت.

ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی لە ناو بردن یان ڕزگار کردن یان سڕینەوەی تاوان یان پلەی بەرز کردنەوە

٧٥/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ كَفَّارَاتٌ، وَثَلَاثٌ دَرَجَاتٌ، وَثَلَاثٌ مُنْجِيَاتٌ، وَثَلَاثٌ مُهْلِكَاتٌ، فَأَمَّا الْكَفَّارَاتُ: فَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ فِي السَّبَرَاتِ، وَانْتِظَارُ الصَّلَوَاتِ بَعْدَ الصَّلَوَاتِ، وَنَقْلُ الأَقْدَامِ إِلَى الْجُمُعَاتِ. وَأَمَّا الدَّرَجَاتُ: فَإِطْعَامُ الطعام، وإفشاء السلام، والصلاة بالليل وَالنَّاسُ نِيَامٌ. وَأَمَّا الْمُنْجِيَاتُ: فَالْعَدْلُ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَا، وَالْقَصْدُ فِي الْفَقْرِ وَالْغِنَى، وَخَشْيَةُ اللَّهِ فِي السِّرِّ وَالْعَلانِيَةِ. وَأَمَّا الْمُهْلِكَاتُ: فَشُحٌّ مُطَاعٌ، وَهَوًى مُتَّبَعٌ، وَإِعْجَابُ الْمَرْءِ بِنَفْسِهِ». (١)

واتە: سێ کردەوە هەیە دەبێتە کەفارەت وسڕینەوەی تاوانەکانتان، وە سێ کردەوە هەیە لە ئاخیرەتدا پلەتان بەرز دەکاتەوە، وە سێ کردەوە هەیە ڕزگار کەرن وڕزگارتان دەکات، سێ کردەوە هەیە لەناوبەرە ئەگەر تێی بکەون ولەناوتان دەبات.

---

(١) أخرجه البزار في مسنده (٦٤٩١)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في الصحيحة (١٨٠٢)، وصحيح الترغيب والترهيب (٤٥٣).

ئەو کردەوانەی کە دەبنە کەفارەت وسڕینەوەی تاوانەکانتان: شۆردنی دەست نوێژ بە ڕێك وپێکی لە کاتی سەرمادا، چاوەڕوانی کردنی نوێژ پاش ئەنجامدانی نوێژ (واتە: پاش ئەنجامدانی نوێژ لە مزگەوت بمێنێتەوە وچاوەڕوانی نوێژی دواتر بکات)، هەنگاونان بەرەو نوێژی جەماعەت.

ئەو کردەوانەی پلەتان بەرز دەکاتەوە: ناندان وتێرکردنی کەسی برسی، بڵاوکردنەوەی سەلام (سەلام کردن لەو کەسەی دەیناسیت ونایناسیت)، نوێژکردن لە شەودا لەکاتێکدا خەڵکی خەوتوون.

ئەو کردەوانەی ڕزگارتان دەکات: دادپەروەی کردن لە کاتی تووڕەیی وئاساییدا، مامناوەندی لەکاتی هەژاری ودەوڵەمەندیدا (واتە: زیادە ئیسراف نەکرێت وڕەزیلیش نەکرێت، بەڵکو لە هەردوو حاڵەتدا مامناوەند بیت)، لە خوا ترسان لە کاتی نهێنی وئاشکرادا.

ئەو کردەوانەی لەناوبەرن: قرچۆکی وڕەزیلیەك کە کەسەکە شوێن قرچۆکیەکەی بکەوێت وئەو مافانە نەدات کە لەسەریەتی، شوێنکەوتنی هەوا وئارەزوو، سەرسام بوونی کەسێك بە نەفسی خۆی.

ترسناکی لە خۆبایی بوون

٧٦/ **لە صوهەیبی کوڕی سینانەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **دەفەرموێت:** «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا صَلَّى هَمَسَ شَيْئًا لَا أَفْهَمُهُ وَلَا يُخْبِرُنَا بِهِ، قَالَ: «أَفَطِنْتُمْ لِي؟» قُلْنَا: نَعَمْ. قَالَ: «إِنِّي ذَكَرْتُ نَبِيًّا مِنَ الْأَنْبِيَاءِ أُعْطِيَ جُنُودًا مِنْ قَوْمِهِ، فَقَالَ: مَنْ يُكَافِئُ هَؤُلَاءِ، أَوْ مَنْ يَقُومُ لِهَؤُلَاءِ؟ أَوْ غَيْرَهَا مِنَ الْكَلَامِ، «فَأُوحِيَ إِلَيْهِ: أَنْ اخْتَرْ لِقَوْمِكَ إِحْدَى ثَلَاثٍ: إِمَّا أَنْ نُسَلِّطَ عَلَيْهِمْ عَدُوًّا مِنْ غَيْرِهِمْ، أَوِ الْجُوعَ، أَوِ الْمَوْتَ، فَاسْتَشَارَ قَوْمَهُ فِي ذَلِكَ، فَقَالُوا: أَنْتَ نَبِيُّ اللَّهِ، نَكِلُّ ذَلِكَ إِلَيْكَ، خِرْ لَنَا، فَقَامَ إِلَى الصَّلَاةِ، وَكَانُوا إِذَا فَزِعُوا، فَزِعُوا إِلَى الصَّلَاةِ، فَصَلَّى مَا شَاءَ اللَّهُ»، قَالَ: «ثُمَّ قَالَ: أَيْ رَبِّ، أَمَّا عَدُوٌّ مِنْ غَيْرِهِمْ فَلَا، أَوِ الْجُوعُ فَلَا، وَلَكِنِ الْمَوْتُ فَسُلِّطَ عَلَيْهِمُ الْمَوْتُ، فَمَاتَ مِنْهُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا، فَهَمْسِي الَّذِي تَرَوْنَ أَنِّي أَقُولُ: اللَّهُمَّ بِكَ أُقَاتِلُ، وَبِكَ أُصَاوِلُ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ».[1]

واتە: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **نوێژی تەواو کرد وبە دەنگێکی نزم قسەیەکی کرد وتێنەدەگەیشتین کە چی دەڵێت وبۆمانی باس نەکرد کە چی دەڵێت، پاشان فەرمووی** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: **ئایا دەتانەوێت بزانن کە چیم وت؟**

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٣٩٢٧)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٤٥٩).

وتیان: بەڵێ. فەرمووی صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ: پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانم بیركەوتەوە كاتێك كۆمەڵێك سەربازی پێدرابوو لە قەومەكەی خۆی، فەرمووی: چ سوپایەك هەیە هاوشێوەی ئەم سوپایە بێت وبتوانێت بەرامبەریان بجەنگێت؟ یان چ سوپایەك هەیە بەرامبەر ئەو سوپایە بوەستێتەوە؟ خوای گەورە وەحی بۆی نارد كەوا بۆ قەومەكەی یەكێك لەم سێ شتە هەڵبژێرێت: دوژمنێك كە لە قەومەكەی خۆیان نەبێت وبەسەریاندا زاڵ بكەم یان توشی برسێتیان بكەم یان بیانمرێنم.

پێغەمبەرەكە عَلَيْهِٱلسَّلَامُ گەڕایەوە لای قەومەكەی ڕاوێژی پێ كردن وفەرموویان: تۆ پێغەمبەری خوای، تۆ بە كامە سزا ڕازیت وبۆمانی هەڵبژێرە.

پێغەمبەرەكە عَلَيْهِٱلسَّلَامُ هەستایەوە بۆ نوێژ، ئەوان دەترسان وە هەركاتێكیش ترسیان بۆ بهاتایە نوێژیان دەكرد، نوێژی كرد وفەرموی عَلَيْهِٱلسَّلَامُ: خوایە گیان، سەبارەت بە زاڵكردنی دوژمنێك بەسەریاندا كە لە خۆیان نەبێت ئەم هەڵبژاردنە نا، وە برسێتیش نا، بەڵام مردن، مردنیان هەڵبژارد، مردن بەسەریاندا هات وبە ماوەی سێ ڕۆژ حەفتا هەزار كەسیان لێ مرد.

پاشان پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ فەرموی: ئەو قسەیەی كە بە نزمی كردم وبینیتان وتم: ئەی پەروەردگار بەهۆی تۆوە لەگەڵ دوژمنەكانت دەجەنگین، وە بەهۆی تۆوە بەسەر دوژمنەكانت سەردەكەوین، وە هیچ كەسێك نییە حاڵمان بگۆڕێت وە هیچ كەسێكیش ئەو توانایە ودەسەڵاتەی نییە بیگۆڕێت تەنها تۆ نەبیت.

ئەو شتانەی دەبنە هۆی بەختەوەری وبەدبەختی

٧٧/ **لە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:** «سَعَادَةٌ لِابْنِ آدَمَ ثَلَاثَةٌ، وَشَقَاوَةٌ لِابْنِ آدَمَ ثَلَاثَةٌ، فَمِنْ سَعَادَةِ ابْنِ آدَمَ: الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ، وَالْمَسْكَنُ الصَّالِحُ، وَالْمَرْكَبُ الصَّالِحُ، وَمِنْ شَقَاوَةِ ابْنِ آدَمَ: الْمَسْكَنُ الضَّيِّقُ، وَالْمَرْأَةُ السُّوءُ، وَالْمَرْكَبُ السُّوء».[١]

واتە: سێ شت لە بەختەوەری نەوەی ئادەمە، وە سێ شت لە بەدبەختی نەوەی ئادەمە: ئەوانەی بەختەوەرین: ئافرەتێکی چاک، ماڵێکی چاک، سواریێکی چاک. وە ئەوانەی بەدبەختین: ئافرەتێکی خراپ، ماڵێکی خراپ، سواریێکی خراپ.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٤٤٥)، والحاكم في المستدرك (٢٦٤٠)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ. وافقه الذهبي. وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٩١٤).

٧٨/ لە نافعی کوڕی عەبدوالحارثەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ خِصَالٌ مِنْ سَعَادَةِ الْمُسْلِمِ فِي الدُّنْيَا: الجارُ الصالِحُ، وَالمَسْكَنُ الْوَاسِعُ، وَالْمَرْكَبُ الْهَنِيءُ».(١)

واتە: سێ شت هەیە کە لە بەختەوەری کەسی موسڵمانە لە دونیادا: جیرانێکی باش، ماڵێکی فراوان، سوارێکی خۆش.

٧٩/ لە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ مِنَ السَّعَادَةِ، وَثَلَاثٌ مِنَ الشَّقَاوَةِ، فَمِنَ السَّعَادَةِ: الْمَرْأَةُ تَرَاهَا تُعْجِبُكَ، وَتَغِيبُ فَتَأْمَنُهَا عَلَى نَفْسِهَا، وَمَالِكَ، وَالدَّابَّةُ تَكُونُ وَطِيَّةً فَتُلْحِقُكَ بِأَصْحَابِكَ، وَالدَّارُ تَكُونُ وَاسِعَةً كَثِيرَةَ الْمَرَافِقِ، وَمِنَ الشَّقَاوَةِ: الْمَرْأَةُ تَرَاهَا فَتَسُوءُكَ، وَتَحْمِلُ لِسَانَهَا عَلَيْكَ، وَإِنْ غِبْتَ عَنْهَا لَمْ تَأْمَنْهَا عَلَى نَفْسِهَا، وَمَالِكَ، وَالدَّابَّةُ تَكُونُ قَطُوفًا، فَإِنْ ضَرَبْتَهَا أَتْعَبَتْكَ، وَإِنْ تَرَكْتَهَا لَمْ تُلْحِقْكَ بِأَصْحَابِكَ، وَالدَّارُ تَكُونُ ضَيِّقَةً قَلِيلَةَ الْمَرَافِقِ».(٢)

واتە: سێ شت لە بەختەوەریە، وە سێ شت لە بەدبەختیە. ئەوانەی بەختەوەرین: ئافرەتێک کە دەیبینیت سەرسامت دەکات، وە کە جێی دەهێڵیت ودووری لێی لە خۆی ماڵ وسامانت دڵنیای وئەمینی، وە ئاژەڵێک کە

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٥٣٧٢)، والبخاري في الأدب المفرد (١١٦)، والحاكم في المستدرك (٧٣٠٦)، وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ. وافقه الذهبي. وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٢٩).

(٢) أخرجه الحاكم في المستدرك (٢٦٨٤)، وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (١٠٤٧).

بـە سـەلامەتی وبـێ ئەزیـەت ومانـدوبوون دەتگەیـەنێت بـە هاوڕێکانـت، وە خانوویەکی فراوان کە جێگا وڕێگای زۆربێت وپێداویستیەکانی مالّی تێدابێت.

وە ئەوانە لە بەدبەختین: ئافرەتێك کـە بیبینـی دلّت توند بکات وزمـانی لـە دژایەتیتدا بەکاربهێنێت، وە ئەگـەر بـە جێـی بهێلّێت لـە خـۆی مـالّ وسـامان ئەمین ودلّنیا نیت، وە ئاژەلّێك کە بە خراپی ڕێ بکات وکە لێی بدەیت ماندوت دەکات، وئەگەر وازی لێ بهێنێت لێی نەدەیت یـان سـواری نـەبیت ناگـەیت بـە هاوڕێکانت، وە خانویەك کە تەسك وتەنگ بێت وجێگا وڕێگا وپێداویستیەکانی کەم بێت.

بێگومان ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ خۆشبەختی مرۆڤی موسلّمان، وە هۆکاری خۆشـبەختیەکەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە ئـەم شـتانە لـە مـرۆڤ دانـابڕێن وجیانابنەوە، وە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کـاتیش لێـی دابڕێـت بـەلّام لـە کـاتێکی تردا هەردەبێت بگەڕێتـەوە لای، بێگومـان چـوون بـۆ لای خێـزان ومالّـەوە، وە جیران وسواری چاك بـە ژیـانی ئینسـانەوە بەسـتراونەتەوە وجیانابنـەوە لێـی، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش لە یەکێکیان دابڕێیت بەلّام پاش ماوەیـەکی کـورت هـەر دەگەڕێیتەوە بۆ لای.

ئافرەتێکی چاك: بەبینینی سەرسـامت دەکـات ودلّـی مێردەکـەی ڕادەکێشـێت وخۆشبەختی وئارامی دەخاتە دلّی هاوسـەرەکەیەوە جـا بـە جوانیەکـەی بێـت یان بە خۆ جوانکردنەکەی بـە ڕوخسـارە زەردەخەنەکـەی وزمانـە شـیرینەکەی ووتـە ڕازاو وسەرنجڕاکێشـەکانی کـە دەبنـە مایـەی خۆشـحالّی هاوسـەرەکەی ولەبیر بردنەوەی کێشە وگرفتەکانی دەرەوەی.

وە هەروەها لە سیفاتی ئافرەتی چاك کە یارمەتیدەری هاوسەرەکەی بێت وپاڵنەرێکی سەرەکی بێت بۆ دینداریتی وبەردەوام بوون لەسەر کردەوەی چاك وکارکردن بۆ ئاخیرەت، وە گوێڕایەڵی هاوسەرەکەی بیکات ودڵی نەشکێنێت وڵە قسەی دەرنەچێت وسەرپێچی فەرمانەکانی نەکات.

بەهەمان شێوە پیاویش دەبێت بۆ خێزانەکەی وابێت کە بەگەڕانەوەی بۆ لای دڵ ئارامی وخۆشحاڵی بخاتە دڵی خێزانەکەی، ئەوەی کە پێت خۆشە خێزانەکەت بۆتی بکات تا ببێتە مایەی خۆشحاڵیت بێگومان پێویستە لەسەر تۆش کە بەمشێوەیە بیت کە هاوسەرەکەت پێی خۆشە ودەبێتە مایەی دڵخۆشبوون، تەنها ئەگەر کارێکی ناشەرعی نەبێت ئەوکاتە لەسەر هیچ کامیان نییە کە گوێڕایەڵ بن.

وە مافێکی فراوان: بێگومان مرۆڤ دڵی خۆش دەبێت کاتێك لە خانویەکی فراوان دەبێت وجێگا وڕێگای زۆر بێت وپێداویستیەکانی مافی تێدا بەرجەستە هاتبێت.

وە جیرانی چاك: ئەوەیە کە جیرانەکان لە دەست وزمانیان ئەمین وسەلامەت بن، وە مایەی ئەزیەت وئازار وناڕەحەتی نەبن بۆ جیرانەکانی تر، وە یارمەتیدەریان بن ومافی جیرانێتی بپارێزن.

وە سوارێکی چاك: کە لە ئێستادا زیاتر ئوتومبێل بەکاردێت کە خۆش ڕێ بکات ونەرم بێت وخێرا وسەلامەت بتگەیەنێت بە شوێنی مەبەست، بێگومان لەگەڵ ڕەچاوکردنی مافەکانی وئادابەکانی ڕێگا وئەزیەت نەدانی کەسانی دەوروبەر وسەرپێچی نەکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ﷺ، وە سەرپێچی نەکردنی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ.

ئەو شتانەی شوومیان تێدایە

٨٠/ لە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «لاَ عَدْوَى وَلاَ طِيَرَةَ وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ».(١)

واتە: گواستنەوەی نەخۆشی نیە، وە شوم وڕەشبینی نیە، بەڵام شوم وڕەشبینی تەنها لە سێ شت دا هەیە: ئافرەت، ئەسپ، خانوو.

(لاَ عَدْوَى) واتە: چوونی نەخۆشی لە کەسێکی نەخۆشەوە بۆ کەسێکی ساغ نیە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەو بیرکردنەوەی هەڵوەشاندۆتەوە؛ چونکە خەڵکی بڕوایان وابوو کە خودی نەخۆشیەکە زەرەر دەگەیەنێت وکەسەکە توشی نەخۆشی دەکات، بەڵام پێغەمبەری خوا فێریانی کرد کە ئەم بیرکردنەوە باطلە، ڕوونی کردەوە کە تەنها خوای گەورە سود وزیان دەگەیەنێت وتەنها خوای گەورە کەسەکان نەخۆش دەکات ودەرد ونەخۆشی دەنێرێت؛ چونکە ئەگەر خودی نەخۆشیەکە وهۆکارەکانی گواستنەوەی نەخۆشی کەسە ساغەکان توشی نەخۆشی بکەن ئەی ئەو کەسەی کە سەرەتا توشی نەخۆشی بووە وبێ ئەوەی لە هیچ کەسێکی تر نەخۆشیەکە بگرێتەوە چۆن توشی نەخۆشی بووە؟، کەواتە خودی نەخۆشیەکە وهۆکارەکانی گواستنەوە

---

(١) متفق عليه: البخاري (٢٨٥٨)، ومسلم (٥٨٦٠) واللفظ له.

ساغەکان توشی نەخۆشی ناکەن ئەگەر ئیزن ویستی خوای گەورەی لەسەر نەبێت، لەگەڵ ئەوەی لە ئیسلام هانی خەڵکی دراوە کە خۆپارێزی بکەن بەر لەوەی توشی نەخۆشی بن. واللَّه تعالى أعلم.[١]

دەربارەی ئەم فەرموودەیە زانایان قسە وبۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەندێك لە زانایان دەفەرموون ئەم فەرموودەیە بەم لەفزە: «لاَ عَدْوَى وَلاَ طِيَرَةَ وَإِنَّمَا الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ» لە سەهو ووەهمی یەکێك لە ڕاویەکانە[٢]، لە بری ئەوەی بڵێن: «إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَيْءٍ فَفِي الدَّارِ وَالْمَرْأَةِ وَالْفَرَسِ». فەرموویانە: «الشُّؤْمُ فِي ثَلاَثَةٍ: الْمَرْأَةِ، وَالْفَرَسِ، وَالدَّارِ». هەروەك لە ئیبن عومەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، هاتووە دەفەرموێت: لای پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ باسی ڕەشبینی وشومم کرد، فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنْ كَانَ الشُّؤْمُ فِي شَيْءٍ فَفِي الدَّارِ وَالْمَرْأَةِ وَالْفَرَسِ».[٣]

واتە: ئەگەر ڕەشبینی لە شتێکدا هەبێت ئەوا لە مالّ وئافرەت وئەسپدا هەیە؛ چونکە ئینسان زۆربەی کاتەکانی زیاتر لەگەڵ ئەم سێ شتانەدایە.

ئیمامی ئەلبانی رَحِمَهُ اللَّهُ دەفەرموێت: "فەرموودەکە ئەو مەفهوم وتێگەیشتنە دەدات کە شوم وڕەشبینی لە هیچ شتێکدا نیە؛ چونکە مانای فەرموودەکە وایە: ئەگەر شوم وڕەشبینی لە شتێکدا هەبێت ئەوا لە یەکێك لەم سێ شتانەدا

---

(١) انظر: النهاية في غريب الحديث والأثر (١٩٢/٣).

(٢) مفتاح دار السعادة لابن القيم (١٥٥١/٣).

(٣) أخرجه البخاري (٥٠٩٤).

دەبێت، بەڵام شوم لە هیچ شتێکدا نیە". [١]

هەندێکی تر لە زانایان دەفەرموون: شوم وڕەشبینی دوو جۆرە:

جۆری یەکەم: شیرکە، وەک ئەوەی کە لە جاهیلیەتدا هەبووە ئەگەر قەلەڕەشێک یان کوندەپەپوێک بەسەر مااڵێکدا ڕۆیشتبا یان لەسەر دیوارێکی ماڵەکە نیشتبا، عەقیدەیان وادەبوو کە ئەو ماڵە شوم وڕەشبینی تێدایە، ئەم جۆرەیان شیرکە وقەدەغەکراوە.

جۆری دووەم: ئەم جۆرەیان لە جۆری شیرك وقەدەغەکراوەکە جیاکراوەتەوە، بۆیە دەوترێت هەندێك لە ئافرەت ومااڵ هەیە کە ڕەشبینی وشومی تێدایە بێگومان ئەو شومیەش بە ئیزنی خوای گەورەیە.

بۆیە دەبینی هەندێك ئافرەت هەیە قەدەری خوای گەورە وایە مێرد بە هەرکەسێك بکات مێردەکەی دەمرێت، وەخانوو هەیە هەرکەسێك بچێتە ناوی تێیدا دەمرێت یان توشی نەخۆشی وموصیبەت دەبن، بۆیە ئەگەر کەسێك هەستی بەو شتانە کرد دەبێت بڕوای وابێت کە ئەمە بە قەدەری خوای گەورەیە وە دروست وڕێگە پێدراوە کە خانوەکەی بگۆڕێت. [٢] واللَّه تعالى أعلم.

هەروەك هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالیك رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموویت: قَالَ رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: إِنَّا كُنَّا فِي دَارٍ كَثِيرٌ فِيهَا عَدَدُنَا، وَكَثِيرٌ فِيهَا أَمْوَالُنَا،

---

(١) الصحيحة (١/٨٠٤).

(٢) انظر: مفتاح دار السعادة لابن القيم (٣/١٥٥٢)، ومجموع فتاوى ابن باز (٢٥٩٨)، مجموع فتاوى ورسائل العثيمين (٢/٣٢٧).

فَتَحَوَّلْنَا إِلَى دَارٍ أُخْرَى فَقَلَّ فِيهَا عَدَدُنَا، وَقَلَّتْ فِيهَا أَمْوَالُنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «ذَرُوهَا ذَمِيمَةً».(١)

واتە: پیاوێك بە پێغەمبەری خوای صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموو: ئێمە لە خانوبەك دابووین ژمارەمان زۆر بوو، وە مالّ وسامانیشمان زۆر بوو، خانوەکەمان گواستەوەی وچووین بۆ خانوویەکی تر ژمارەمان کەم بووە ومالّ وسامانیشمان کەم بووە، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی فەرموو: واز لەو خانووە بهێنن، ئەو خانووە زەمکراوە.

وە هەندێکی تر مانای فەرموودەکە وا لێکدەدەنەوە کە: شوم لە خانودا واتە جیرانی خراپی هەبێت، وە شوم لە ئافرەتدا واتە منداڵی نەبێت یان ڕەوشت ومامەڵەی لەگەڵ مێردی خراپ بێت، وە شوم لە ئەسپدا واتە جیهادی پێ نەکات، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە گونجاو نییە بۆ فەرموودەکە، وە نابێت ئەو لێکدانەوەیە بدرێتەوە پاڵ مەبەستی شارع کە خوای گەورەیە.(٢)

کەواتە مانای فەرموودەکە ئەوە ناگەیەنێت کە وا گومان ببردرێت وبوترێت: ڕەشبینی لەو سێ شتەدا بکرێت وەک چۆن لە جاهیلیەتدا ڕەشبینی وشوم کراوە، نەچنە داخوازی ئافرەتێك کە مێردەکەی مردبێت، یان نەچنە ناو خانویەك کە خاوەنەکەی تێیدا نەخۆش کەوتبێت ومردبێت، بەو عەقیدە

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٩٢٤)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابي داود (٣٩٢٤)، والمشكاة (٤٥٨٩).

(٢) انظر: المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم لأبي العباس القرطبي (٦٣١/٥)، ومفتاح دار السعادة (١٥٥٣/٣).

وبیروباوەڕەی کە ئەو ئافرەت وخانووە زەرەر وزیان دەگەیەنن، ئەمە گومانێکی هەڵەیە وعەقیدەیەکی هەڵەیە وشیرکە.

بەڵکو مانای ڕاست ودروست ئەوەیە: ئەو سێ شتە زیاتر خەڵکی توشی ڕەشبینی دەکەن؛ چونکە پێوەی بەندە وبەردەوام لەگەڵیەتی، وە هەرکەسێك لە نەفسیدا شتێك دروست بوو لە ڕەشبینی، ئەوا لە شەرعدا ڕێگەی پێدراوە ومویاحە کە واز لەو خانو وئافرەتە بهێنێت وبچێتە خانوی تر وئافرەتی تر بهێنێت، خوای گەورە کەسی مولزەم نەکردووە بەوەی لە شوێنێك بمێنیتەوە وجێگیربێت لە کاتێکدا پێوەی ناڕەحەت دەبیت وحەزی پێناکات، بەڵکو دەرگای فراوان کردووە بەوەی ئافرەتی تر بهێنیت یان ئەمە تەڵاق بدەیت وئافرەتێکی تر بهێنیت، یان خانوەکە بگۆڕیت، لەگەڵ ئەوەی کە دەبێت عەقیدە وبیروباوەڕت وابێت کە تەنها خوای گەورە سود وزیان دەگەیەنێت، نەك ئەم سێ شتە زیان بگەیەنن.[1] واللَّه تعالى أعلم.

❁ ❁ ❁

(١) انظر: المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم لأبي العباس القرطبي (٦٢٩/٥).

ئافرەت لەبەر سێ هۆکار خوازبێنی دەکرێت

٨١/ لە ئەبو سەعیدی خودریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى إِحْدَى خِصَالٍ ثَلَاثَةٍ: تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى مَالِهَا، وَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى جَمَالِهَا، وَتُنْكَحُ الْمَرْأَةُ عَلَى دِينِهَا، فَخُذْ ذَاتَ الدِّينِ وَالْخُلُقِ تَرِبَتْ يَمِينُكَ».[١]

واتە: ئافرەت لەبەر یەکێك لەم سێ شتە دەخوازرێت: دەخوازرێت لەبەر مالّ وسامانەکەی، یان لەبەر جوانیەکەی، یان لەبەر دینداریەکەی، کەواتە ئەو ئافرەتە بخوازە کە دیندار وخاوەن ڕەوشتی بەرز وجوانە، دەستت بچێت بە خۆڵدا.

(تَرِبَتْ يَمِينُكَ) واتە: دەستت بچێت بە خۆڵدا: عەرەب ئەم دەستەواژەیە بەکاردێنن بۆ ڕێگری کردن وقەدەغەکردن لێی ومەبەستیان دوعاکردن نییە لێی.[٢]

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١١٧٦٥)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٣٠٧).

(٢) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٤٨٧/٧).

ئەو شتانەی ڕاستیان ڕاستیە، گاڵتە کردنیاشیان هەر ڕاستیە ونابێت گاڵتەی تێدا بکرێت

٨٢/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ جِدُّهُنَّ جِدٌّ، وَهَزْلُهُنَّ جِدٌّ: النِّكَاحُ، وَالطَّلَاقُ، والرَّجْعَةُ». (١)

واتە: سێ شت هەیە ڕاستیان ڕاستیە، بە گاڵتە وتنیشیان هەر ڕاستیە: ژن مارەکردن، تەڵاقدان، گەڕاندنەوەی ژن لەلایەن پیاوەکەیەوە (الرجعة).

٨٣/ لە فوضالەی کوڕی عوبەیدەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ لَا يَجُوزُ اللَّعِبُ فِيهِنَّ، الطَّلَاقُ، وَالنِّكَاحُ، وَالْعِتْقُ». (٢)

واتە: سێ شت هەن یاری کردن وگاڵتە کردن تێیدا دروست نیە: تەڵاقدان، ژن مارەکردن، ئازاد کردنی بەندە.

---

(١) أخرجه أبو داود (٢١٩٤)، والترمذي (١١٨٤)، وقال: حديث حسن غريب. وابن ماجة (٢٠٣٩)، وحسّنه الإمام الألباني في الإرواء (١٨٢٦).

(٢) أخرجه الطبراني في الكبير (٣٠٤/١٨) (٧٨٠)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٤٧)، والإرواء (١٨٢٦).

واتە کەسێك کە بە ڕاستی قسەیەك دەکات ومەبەستی ئەوەیە کارەکە ڕووبدات وئەنجام بدرێت، هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ کەسێك کە بە گاڵتەوە قسەیەك دەکات ومەبەستی ڕوودانی کارەکە نیە، لەم سێ بابەتەدا هەردوو قسەکە وەکو یەکن وبەڕاست دادەنرێت ئەگەر کەسەکە بەگاڵتەکردنەوەش وای وتبێت ومەبەستی ڕوودانی کارەکە نەبووبێت، بۆ نمونە:

مارەکردن: ئەگەر پیاوێك بە گاڵتەوە بە کەسێك بڵێت: کچکەم لێت مارەکرد. ئەو کەسەش بڵێت: قبوڵم کرد یان مارەم کرد وشایەد ئامادەبن ئەو مارەیە دامەزراوە.

تەڵاقدان: کەسێك بە گاڵتەوە یان بۆ تۆڕە کردنی خێزانی بڵێتە خێزانی: تۆ تەڵاقدراوی یان تەڵاقم دای. تەڵاقی کەوتووە با مەبەستیشی تەڵاقدان نەبێت؛ چونکە تەڵاقدان بە ڕاستی وگاڵتە وەکو یەکن.

گەڕاندنەوەی خێزانی (الرجعة): کەسێك خێزانی خۆی جارێك یان دووجار تەڵاق دابێت، بەڵام پێش تێپەڕبوونی عیدە دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە بەبێ مارەیی نوێ وپرسی وەلی ئەمر، جا ئەگەر کەسێك بە گاڵتەوە خێزانی بگەڕێنێتەوە گەڕاندنەوەکەی دروستە.

ئەم سێ باسە زۆر گرنگن، هەر بۆیە ڕاستێتی وگاڵتە کردن تێیدا وەکو یەکە؛ بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت گاڵتەی تێدا بکات.[1]

❁ ❁ ❁

(١) انظر: فتح ذي الجلال والإكرام بشرح بلوغ المرام (٥/٤٤).

سێ شت یاری و ڕابواردن تێیدا دروستە

٨٤/ لە ئەبو دەرداءەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «اللَّهْوُ فِي ثَلَاثٍ: تَأْدِيبِكَ فَرَسَكَ، وَرَمْيِكَ بِقَوْسِكَ -أَوْ قَالَ نَصْلَكَ- وَمُلَاعَبَتِكَ أَهْلَكَ».[١]

واتە: یاری کردن لەم سێ شتەدا دروستە: فێرکردن و ڕاهێنانی ئەسپەکەت، تیرهاوێشتن بە کەوانەکەت، یاریکردن لەگەڵ خێزانەکەت.

٨٥/ لە عوقبەی کوڕی عامیری جوهەنیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: «كُلُّ شَيْءٍ يَلْهُو بِهِ ابْنُ آدَمَ فَهُوَ بَاطِلٌ، إِلَّا ثَلَاثًا: رَمْيَهُ عَنْ قَوْسِهِ، وَتَأْدِيبَهُ فَرَسَهُ، وَمُلَاعَبَتَهُ أَهْلَهُ».[٢]

واتە: هەموو شتێك کە بەنی ئادەم یاری پێدەکات بێ سوودە، تەنها ئەم سێ دانە نەبێت: تیرهاوێشتن بە کەوانەکەی، ڕاهێنانی ئەسپەکەی، یاری کردن لەگەڵ خێزانەکەی.

---

(١) أخرجه القَرَّاب في فضائل الرمي (١٣)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٥٤٩٨).

(٢) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٧٣٠٠ و ١٧٣٣٧) واللفظ له، والترمذي (١٦٣٧)، وابن ماجة (٢٨١١)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٢٨١١)، والصحيحة (٣١٥).

دیاری کردنی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بۆ ئەم سێ شتانە کە دروستن یاریان تێدابکرێت، مانای ئەوە نادات کە یاریەکانی تری جگە لەم سیانە بێ سوود بن، بەڵکو یاری تریش هەن کە دروست و ڕێگە پێدراون، وە لە فەرموودەی تردا پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە جیاتی سێ شت، چوار شتی ژماردووە، کەواتە باسکردنی سێ شت بۆ ئەوە نییە کە جگە لەمانە بێ سوود بن، بەڵکو بۆئەوەیە ئەم سێ شتە زۆر گرنگن وسودی زۆر تێدایە بۆ بەهێزبوون وبەردەوام بوونی موسوڵمانان، بۆ نمونە: پێغەمبەری خوا صَلَّىٰ اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەگەڵ عائشەی خێزانی بەپێ پێشبڕکێی کردووە.

کەواتە کە پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: «فَهُوَ بَاطِلٌ». لێرەدا باتڵ نابێتە بەڵگە بۆ حەڕام بوونی جگە لەم سیانە، بەڵکو واتای ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لەوانە بێ سوودن و هیچ پاداشتێکی تێدا نییە و پەیوەستن بە دونیا، نەك ئاخیرەت.

وە مەبەست لە فێرکردنی ئەسپ و هاوێشتنی تیر، واتە بەو مەبەستە فێریان دەکات وڕاهێنان دەکەن بۆ ئەوەی ئامادە و گونجاوبن بۆ جیهادکردنی کافرەکان ولەکاتی جەنگدا ڕانەکەن وهەڵەشە نەبن.

وە هاوشتنی تیر لەکەوانەوە سوودی ئەوەی تێدایە ئەو بەندەیە بەهێز دەبێت وتەرکیزی زیاد دەکات، وە لەکاتی جەنگدا لەو سەردەمەدا هیچ چەکیك لە تیر وکەوان کاریگەرتر وخێراتر نەبوو بۆ لەناو بردنی دوژمن.

وە یاری کردن ودەست بازی کردن لەگەڵ خێزان ئەوە دەگرێتەوە کە خۆی وخێزانیشی بەحەڵاڵ تێربکات وچاویان لەحەرام نەبێت ونەوەی باش بخەنەوە

بۆ بەردەوام بوون وزیاد بوونی موسوڵمانان وە فێرکردنیان لەعیلمی شەرعی وئەو کردەوانەی بەخێر وباشە دەشکێتەوە بەسەر منداڵەکانیان ودایک وباوک وموسوڵمانانیشدا.

ئەو کاتانەی درۆ کردن یان تورية رێگەی پێدراوە

٨٦/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لَمْ يَكْذِبْ إِبْرَاهِيمُ النَّبِيُّ عَلَيْهِ السَّلَامُ قَطُّ إِلاَّ ثَلاَثَ كَذَبَاتٍ، ثِنْتَيْنِ فِي ذَاتِ اللهِ، قَوْلُهُ : ﴿ إِنِّي سَقِيمٌ ﴾ [الصافات: ٨٩]. وَقَوْلُهُ : ﴿ قَالَ بَلْ فَعَلَهُ كَبِيرُهُمْ هَذَا ﴾ [الأنبياء: ٦٣]، وَوَاحِدَةٌ فِي شَأْنِ سَارَةَ، فَإِنَّهُ قَدِمَ أَرْضَ جَبَّارٍ وَمَعَهُ سَارَةُ، وَكَانَتْ أَحْسَنَ النَّاسِ، فَقَالَ لَهَا: إِنَّ هَذَا الْجَبَّارَ، إِنْ يَعْلَمْ أَنَّكِ امْرَأَتِي يَغْلِبْنِي عَلَيْكِ، فَإِنْ سَأَلَكِ فَأَخْبِرِيهِ أَنَّكِ أُخْتِي، فَإِنَّكِ أُخْتِي فِي الإِسْلاَمِ، فَإِنِّي لاَ أَعْلَمُ فِي الأَرْضِ مُسْلِمًا غَيْرِي وَغَيْرَكِ، فَلَمَّا دَخَلَ أَرْضَهُ رَآهَا بَعْضُ أَهْلِ الْجَبَّارِ، أَتَاهُ فَقَالَ لَهُ: لَقَدْ قَدِمَ أَرْضَكَ امْرَأَةٌ لاَ يَنْبَغِي لَهَا أَنْ تَكُونَ إِلاَّ لَكَ، فَأَرْسَلَ إِلَيْهَا فَأُتِيَ بِهَا فَقَامَ إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلَامُ إِلَى الصَّلاَةِ، فَلَمَّا دَخَلَتْ عَلَيْهِ لَمْ يَتَمَالَكْ أَنْ بَسَطَ يَدَهُ إِلَيْهَا، فَقُبِضَتْ يَدُهُ قَبْضَةً شَدِيدَةً، فَقَالَ لَهَا: ادْعِي اللَّهَ أَنْ يُطْلِقَ يَدِي وَلاَ أَضُرُّكِ، فَفَعَلَتْ، فَعَادَ، فَقُبِضَتْ أَشَدَّ مِنَ الْقَبْضَةِ الأُولَى، فَقَالَ لَهَا مِثْلَ ذَلِكَ، فَفَعَلَتْ، فَعَادَ، فَقُبِضَتْ أَشَدَّ مِنَ الْقَبْضَتَيْنِ الأُولَيَيْنِ، فَقَالَ: ادْعِي اللَّهَ أَنْ يُطْلِقَ يَدِي، فَلَكِ اللَّهَ أَنْ لاَ أَضُرَّكِ، فَفَعَلَتْ، وَأُطْلِقَتْ يَدُهُ، وَدَعَا الَّذِي جَاءَ بِهَا فَقَالَ لَهُ: إِنَّكَ إِنَّمَا أَتَيْتَنِي بِشَيْطَانٍ، وَلَمْ تَأْتِنِي بِإِنْسَانٍ، فَأَخْرِجْهَا مِنْ أَرْضِي، وَأَعْطِهَا هَاجَرَ. قَالَ: فَأَقْبَلَتْ تَمْشِي، فَلَمَّا رَآهَا إِبْرَاهِيمُ عَلَيْهِ السَّلاَمُ انْصَرَفَ، فَقَالَ لَهَا:

مَهْيَمْ ؟ قَالَتْ: خَيْرًا، كَفَّ اللَّهُ يَدَ الْفَاجِرِ، وَأَخْدَمَ خَادِمًا». قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: فَتِلْكَ أُمُّكُمْ يَا بَنِي مَاءِ السَّمَاءِ.(١)

واتە: پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ هەرگیز درۆی نەکردووە، تەنها سێ جار نەبێت ناڕاستی وتووە، دووانیان لە پێناو خوای گەورە کە فەرمووی: ﴿ إِنِّي سَقِيمٌ ﴾ [الصافات: ٨٩]. واتە: من نەخۆشم. وە کاتێك فەرمووی: ﴿ قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا ﴾ [الأنبياء: ٦٣] واتە: بەڵکو بتە گەورەکە بتەکانی تری شکاندووە.

وە جارێکیش لەبەر سارای خێزانی، کاتێك چوونە شوێنێك کە کەسێکی زۆردار پادشایان بوو، پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ بە خێزانی فەرموو: ئەگەر بزانن تۆ خێزانی منی زانێ دەبن بەسەرمدا، ئەگەر پرسیاریان لێ کردیت بڵێ: خوشکی ئەوم، بێگومان تۆ خوشکی منی لە دیندا، وە نازانم لە غەیری من وتۆ کەسێك هەبێت موسڵمان بێت لەسەر زەوی، کاتێك چوونە شوێنەکە هەندێك لە شوێنکەوتوانی کەسە زۆرداڕەکە ئەوانیان بینی وچوون هەواڵی پادشاکەیان دا ووتیان: بەڕاستی کەسێك هاتۆتە ناو زەوی تۆ ئافرەتێکی لەگەڵە کە شایەنی ئەو نییە تەنها تۆ نەبیت، پادشاکەش ناردی بە شوێنی وهێنایان وپێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ هەستاوە بۆ نوێژکردن، کاتێك سارایان خستە ژوورەوە بۆ پادشاکە ووازی نەهێنا لەوەی کە دەستی بۆ ببات، بەڵام دەستەکانی زۆر بە تونڈی گرژبوون وکەوت بەزەویدا ودەنگێکی وەکو پڕخەی خەوی لێدەهات

(١) متفق عليه: البخاري (٣٣٥٨)، ومسلم (٦٢٢١) واللفظ له.

وەك بڵێی توشی گەشکە وپەلکەم بووبێت، پێی وت: لە خوا بپارێوە کە ژانی دەستەکانم نەهێڵێت وپەیمان بێت کە هیچ زیانێکت پێ نەگەیەنم، سارا خاتون وای کرد، بەڵام پادشاکە دووبارە ویستی دەستی بۆ ببات ودەستەکانی زۆر تووندتر لە جاری یەکەم گرژتربوون وبە ئازارتر بوون، وەك یەکەمجار پێی وت کە بپارێتەوە وزیانی پێ ناگەیەنێت، ئەمیش وای کرد، بەڵام پادشاکە سێ بارە ویستی دەستی بۆ ببات ولە دوو جارەکەی تر زیاتر دەستی گرژبوون وبە ئازارتر بوون، پادشاکە وتی: لە خوا بپارێوە کە ژانی دەستم نەهێڵێت وپەیمان بێت کە زیانت پێ نەگەینم وخوات بەسە، ئەمیش وای کرد وژانی دەستەکانی نەما، پاشان پادشا بانگی ئەو کەسەی کرد کە سارا خاتوونی بۆ هێنابوو پێی وت: تۆ شەیتانێکت بۆم هێناوە نەك مرۆڤ، لە زەوی من دەری بکە وهاجەری پێ بدە. (کۆیلەیەکی پێشکەش کرد بەناوی هاجەر)

سارا خاتون هاجەری قبوڵ کرد وڕۆشتن، کاتێك پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ ئەوانی بینی ڕووی تێکردن وپێی فەرموو: چی بوو (چی ڕوویدا)؟ فەرموو: خوای گەورە بۆمانی باشکرد وکردیە مایەی خێر بۆمان، خوای گەورە دەست وپیلانی خراپەکارەکەی بەسەر خۆیدا گەڕاندەوە (شکاندەوە) وخزمەتکارێکیشی پێدام.

دوای گێڕانەوەی فەرموودەکە ئەبو هورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، فەرمووی: ئەوە دایکتانە ئەی نەوەی ئاوی ئاسمان (باران).

مەبەست لەم قسەیەی ئەبو هورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ: يَا بَنِي مَاءِ السَّمَاءِ. عەڕەبەکانە، بۆیە وایان پێ دەوترێت؛ چونکە عەڕەبەکان بۆ لەوەڕاندنی مەڕ ومااڵتیان زیاتر لە شوێنانە دەبوون کە ئاوی بارانی زۆر بووە ولێ کۆدەبوەوە، یان لەبەر

پاکی ڕەچەڵەکیان بە ئاوی باران چوێندراون، یان هەموو ئەو کەسانەی کە لە إسماعیل عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ لە دایك بوونە پێیان دەوترێت: بَنِي مَاءِ السَّمَاءِ؛ چونکە إسماعیل عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ لە هاجر لە دایك بووە وبە ئاوی زەمزەم گەورە بووە، ئەویش لە ئاوی بارانە.(١)

تێبینی: درۆ کردن سیفەتێکی زەم کراوە، وە پێغەمبەران بەری ودوورن لە وەصف کردنیان بە سیفەتی زەم کراو، وە پارێزراو ومەعصومن لە تاوان، بۆیە دروست نییە سیفەتی درۆ بدرێتە پاڵ پێغەمبەران، بەڵام لەم فەرموودەیەی کە هاتووە مانای ئەوە نییە کە پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ درۆی کردبێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە لەلای گوێگر وا دەزانرێت کە ئەمە قسەیەکی ناڕاستی کردبێت، بەڵام لە ڕاستیدا گەر ورد بیتەوە دەردەکەوێت کە پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ ڕاستی وتووە، ئەگەر بوترێت: ئەی چۆن پێغەمبەری خوا صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وشەی درۆی بەکارهێناوە؟

بەکارهێنانی وشەی درۆ لەم فەرمودەیە لەبەر ئەوەیە گوێگر کە گوێی لەم قسانە دەبێت وا دەزانێت درۆیە بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر لێی وردببیتەوە دەزانرێت کە درۆ نین، وە بۆیە وشەی درۆ بەکارهاتووە چونکە لە شێوەدا لە درۆ دەچێت، بەڵام لە ڕاستیدا درۆ نیە، بەڵکو بەکارهێنانی وشەیەکە کە لە ڕووکەشدا مانایەك دەگەیەنێت بەڵام مانای تریش لە خۆی دەگرێت، وە ئەو کەسەی کە بەکاری دەهێنێت مەبەستی ئەو مانایە نییە کە گوێگر بیری بۆی

---

(١) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (١٢٥/٣٨).

دەچێت و وای لێ تێدەگات کە مەبەستت مانا ئاشکرا ودیارەکەیە، ئەمەش لە شەرعدا پێی دەوترێت (التعريض يان تورية)[1].

کاتێك فەرمووی: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ واتە: لە داهاتودا نەخۆش دەکەوم، یان مەبەستی نەخۆشی مردنە کە لە داهاتودا هەر پێی دەگات، یان واتە دڵم نەخۆشە لەو بتانەی کە ئێوە دەیپەرستن.

وە کاتێك کە داوایان کرد لەگەڵیان دەربچێت بۆ ئاهەنگ گێڕان، پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ بە تێڕامان وبیرکردنەوە سەیری ئاسمان وئەستێرەی کرد وفەرمووی: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ عەرەب دەڵێن: ئەگەر کەسێك بیربکاتەوە وسەیری ئەستێرە بکات وبڵێت: ﴿إِنِّي سَقِيمٌ﴾ بە مانای لاواز دێت، واتە من لاوازم.[2]

وە کە فەرمووی: ﴿قَالَ بَلْ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمْ هَٰذَا فَسْـَٔلُوهُمْ إِن كَانُوا۟ يَنطِقُونَ ﴿٦٣﴾﴾ [الأنبياء: ٦٣].

واتە: کاتێك پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ هێناو لێیان پرسی: ئایا تۆ ئەو بتانەت شکاندووە؟ فەرمووی: بەڵکو بتە گەورەکەیان وای کردبێت، لێیان بپرسن ئەگەر قسە دەکەن.

واتە: لەوانەیە گەورەکەیان توڕەبووبێت لەوەی کە ئەو بتە بچوکانە لەگەڵ ئەو بپەرستڕێن بۆیە ئەوانی شکاندووە، ئەوەتا بتە بچوکەکان لێیان ببپرسن کە

---

(١) انظر: الأذكار للنووي (ص٣٨٠).

(٢) انظر: تفسير ابن كثير (٨٤/٦).

کێ ئەوانی شکاندووە ئەگەر دەتوانن قسە بکەن!!.

بۆیە ئەگەر وردبیتەوە لە وەڵامەکەی پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ کە کاری شکاندنی بەستاوەتەوە وگرێداوە بە قسەکردنی بتەکان، واتە ئەگەر ئەو بتانە بتوانن قسە بکەن ئیتر دەتوانن کە کاری شکاندنی بتەکانی تر بکەن، بەڵام ئەگەر نەتوانن قسە بکەن کەواتە ناتوانن کاری شکاندن بکەن وئەو بتانە هیچ سود وزیانێك ناگەیەنن، ئەم وەڵامە بەڵگەیەکی زۆر بەهێز ودەمکوتکەر بوو بۆ بتپەرستەکان، وە هەر لە خودی وەڵامەکە ئەو پەیامەشی تێدایە کە بەڵێ من بتەکانم شکاندووە، بەڵام بە شێوەیەك وەڵامی دانەوە کە هەم ببێتە مایەی ئیقامە حوججە کردن ودەم کوتکردن وبەخۆداچوونەوەیان لە هەمان کاتیشدا ئەو وەڵامەی تێدایە کە بەڵێ من بتەکانم شکاندووە.[1]

وە کە فەرمووی: بڵێ خوشکی ئەوم؛ چونکە لە ڕیوایەتی تردا هاتووە کە پادشا زۆردارەکە پرسیاری لە پێغەمبەر ابراهیم عَلَيْهِ السَّلَامُ کرد کە ئەم ئافرەتە کێیە؟ فەرمووی: خوشکمە. واتە لە دیندا خوشکمە. ئەمەش قسەیەکی ڕاست ودروستە کە ئیمانداران هەموویان خوشك وبران لە دیندا. واللَّه تعالى أعلم.

٨٧/ لە ئەسمائی کچی یەزیدەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لاَ يَحِلُّ الْكَذِبُ إِلاَّ فِي ثَلاَثٍ: يُحَدِّثُ الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ لِيُرْضِيَهَا، وَالْكَذِبُ فِي الْحَرْبِ، وَالْكَذِبُ لِيُصْلِحَ بَيْنَ النَّاسِ».[2]

---

(١) انظر: تفسير البغوي (٣/٢٩٣).

(٢) أخرجه الترمذي (١٩٣٩)، وقال: هذا حديث حسن. وصححه الإمام الألباني دون قوله (ليرضيها) في صحيح وضعيف سنن الترمذي (١٩٣٩)، والصحيحة (٥٤٥).

واتە: درۆ کردن دروست نییە تەنها لەم سێ حاڵەتەدا نەبێت: قسەی پیاو بۆ ئافرەتەکەی بۆ ڕازی کردنی (ئەم بەشە (بۆ ڕازی کردنی) ئیمامی ئەلبانی بە ضعيفي داناوە)، وە درۆ لە کاتی جەنگدا، وە درۆ بۆ ئاشت کردنەوەی نێوانی خەڵکی.

مەبەست لە درۆی پیاو بۆ خێزانەکانی واتە دەرخستنی سۆز وخۆشەویستی بۆیان، بۆ نمونە بڵێت: تۆ لای من خۆشەویستی وتاجی سەری منیت، تۆم لە هەموو خێزانەکانم زیاتر خۆشدەوێت، یان قسانێك کە لەم شێوەدا بن ئەگەر ڕاستیش نەبن بەڵام بۆ دروست کردنی سۆز وخۆشەویستی، وە بەرژەوەندیەکە وا دەخوازێت کە ئەم قسانە بکرێت[1]، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بە فێڵ وتەڵەکەوە ئەم قسانە بکرێت بۆ ئەوەی حەقێکی خێزانەکەی نەدات، یان بۆ ئەوەی شتێك لە خێزانەکەی بستێنێت کە حەقی ئافرەتەکەیە، ئەمە بە کۆدەنگی موسڵمانان حەڕامە.[2]

هەروەها ئەمەش دەگرێتەوە کاتێك لە نێوان ژن ومێرددا کێشەیەك هەبێت لەسەر سەردانی کردن یان کڕینی پێداویستیەکان یان لەسەر بابەتێك لە بابەتەکانی نێوان خۆیان کە نەبێتە مایەی ئەوەی حەقی یەکتر نەدەن، بوترێت: ان شاء الله ماوەیەکی تر دەیکڕین، یان ماوەیەکی تر وا دەکەین ووا دەچین، ...هتد، بۆ ئەوەی کێشەکە لە نێوانیاندا نەمێنێت وبەردەوام نەبێت

---

(١) انظر: شرح النووي على مسلم (١٥٨/١٦)، وشرح رياض الصالحين لمحمد بن صالح العثيمين (١٨٤/٦).

(٢) انظر: شرح النووي على مسلم (١٥٨/١٦)، وفتح الباري (٣٠٠/٥).

وسەرنەکێشێت بۆ کێشەیەکی گەورەتر، دروستە ئەم قسانە بکرێت ئەگەر مەبەستی پیاوەکە یان ژنەکە ئەنجامدانی کارەکەش نەبێت، بەڵام بەرژەوەندیەکە وادەخوازێت بۆ ئەوەی کێشەکە نەمێنێت ولە کاتێکی تردا بە ئارامیەوە گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکەن وچارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە.(١)

هەروەها درۆ کردن لە کاتی جەنگدا بۆ ئەوەی ببێتە هاندان بۆجەنگاوەران، یان تاقیکردنەوەی جەنگاوەران تا بزانرێت ئایا ئامادەیی جەنگیان تێدایە، یان بڵاوکردنەوەی ئەو قسانەی کە دەبێتە مایەی تۆقاندن وترساندنی بەرامبەر بۆ نمونە: هێزێکی زۆر گەورە بە چەکی بەهێزەوە ئامادەن بۆ بەرەنگاربوونەوە یان هێرش کردن...هتد، هەروەها ئەو قسانەی کە دەبنە مایەی بەرزکردنەوەی وردەی جەنگاوەران، بەڵام ئەمە ئەوە ناگرێتەوە بەڵێن وپەیمان بە دوژمن بدرێت کە نوێنەریان بنێرن بۆ کۆبونەوە لە پاشاندا غەدر وخیانەت بکرێت وببیانکوژن، غەدر وخیانەت لە سیفاتی موسڵمانان نیە.

وە هەروەها ئەوەی کەوا قسەی ناڕاست ودرۆ دەکات بۆ ئاشت کردنەوەی نێوانی دوو کەس یان دوو بنەماڵە گوناهبار نابێت لەسەر ئەو ناڕاستیانەی کە دەیڵێت بۆ نزیکردنەوەیان لە یەکتر وئاشت کردنەوەیان. واللَّه تعالى أعلم.

(١) انظر: فتاوى نور على الدرب للشيخ عبدالعزيز بن باز (شريط:٦٢٨).

ئەو کەسانەی لە ژێر زەمانەتی خوای گەورە دان

٨٨/ لە ئەبو ئومامەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلاَثَةٌ كُلُّهُمْ ضَامِنٌ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ: رَجُلٌ خَرَجَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللهِ، فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللهِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُ فَيُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، أَوْ يَرُدَّهُ بِمَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ وَغَنِيمَةٍ، وَرَجُلٌ رَاحَ إِلَى الْمَسْجِدِ، فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللهِ حَتَّى يَتَوَفَّاهُ فَيُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، أَوْ يَرُدَّهُ بِمَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ وَغَنِيمَةٍ، وَرَجُلٌ دَخَلَ بَيْتَهُ بِسَلاَمٍ فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللهِ عَزَّ وَجَلَّ».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس هەیە لە ژێر زەمانەتی خوای گەورە دان (واتە: چاودێرە بەسەریان ودەیانپارێزێت): کەسێك لە پێناو خوای گەورە دەربچێت بۆ جیهاد وغەزا کردن ئەوە لە زەمانەتی خوای گەورەدایە تا ئەوکاتەی دەیمرێنێت (جا بە مردنی خۆی بمرێت یان لە غەزادا بکوژرێت) دەیخاتە بەهەشتەوە، یان بە پاداشت ودەستەکەوتەوە دەیگێڕێتەوە، وە کەسێك بچێت بۆ مزگەوت ئەویش لە زەمانەتی خوای گەورە دایە تا ئەوکاتەی دەیمرێنێت ودەیخاتە بەهەشتەوە، یان بە پاداشت ودەستەکەوتەوە دەیگێڕێتەوە، وە کەسێك بە

(١) أخرجه أبو داود (٢٤٩٤)، وصححه الإمام الألباني في صحيح سنن وضعيف سنن أبي داود (٢٤٩٤).

سەلامەتی وسەلامکردنەوە بچێتەوە مالّی خۆی ئەوە لە زەمانەتی خوای گەورەدایە (واتە: دەیانپارێزێت وپاداشت وبەرەکەتیان پێ دەدا)[١].

وفي رواية: «ثَلَاثَةٌ كُلُّهُمْ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ إِنْ عَاشَ رُزِقَ وَكُفِيَ وَإِنْ مَاتَ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ: مَنْ دَخَلَ بَيْتَهُ فسلَّم فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ خَرَجَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَهُوَ ضَامِنٌ عَلَى الله».[٢]

واتە: سێ کەس لە زەمانەتی خوای گەورەدان، ئەگەر بژین رزقیان دەدات وبەسیانە وبەشیان دەکات، وە ئەگەر بمرن خوای گەورە دەیانخاتە بەهەشتەوە: کەسێك بچێتە مالّەوە وسەلام بکات (یان بگەڕێتەوە مالّەوە بە سەلامەتی، جا سەلامەت بێت لە دەستی خەڵکی یان خەڵك لە دەستی سەلامەت بن)، وە کەسێك بچێتە مزگەوت، وە کەسێك دەربچێت بۆ جیهاد وغەزا لە پێناو خوای گەورە.

٨٩/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ فِي ضَمَانِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، رَجُلٌ خَرَجَ مِنْ بَيْتِهِ إِلَى مَسْجِدٍ مِنْ مَسَاجِدِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَرَجُلٌ خَرَجَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ، وَرَجُلٌ خَرَجَ حَاجًّا».[٣]

---

(١) انظر: مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح (٤٠٣/٢).

(٢) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٤٩٩)، وصححه الإمام الألباني في التعليقات الحسان (٤٩٩).

(٣) أخرجه الحميدي في مسنده (١١٢١)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٥٩٨).

واتە: سێ جۆرە کەس هەیە لە زەمانەتی خوای گەورەدان کە بیانپارێزێت وپاداشتیان بۆ دەستەبەر بکات: کەسێك بچێت بۆ مزگەوتێك لە مزگەوتەکانی خوای گەورە، وە کەسێك لە پێناو خوای گەورەدا دەرچووبێت بۆ جیهاد وغەزا، وە کەسێك دەرچووبێت بۆ حەج کردن.

ئەو کەسانەی مافی خۆیانە خوای گەورە یارمەتیان بدات وکۆمەکیان بکات

٩٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ حَقٌّ عَلَى اللهِ عَوْنُهُمْ: الْمُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللهِ، وَالمُكَاتَبُ الَّذِي يُرِيدُ الأَدَاءَ، وَالنَّاكِحُ الَّذِي يُرِيدُ العَفَافَ».[1]

واتە: سێ کەسە هەیە حەق ومافی خۆیانە لەسەر خوای گەورە کە یارمەتیان بدات وکۆمەکیان بکات: موجاهیدێك کە لە پێناو خوای گەورە وبۆ بەرزکردنەوەی کەلیمەی تەوحید تێبکۆشێت، وە ئەو بەندەیەی کە گەورەکەی نوسراوی بۆ کردووە کە ئەگەر ئەوەندە پارەیە بدەات ئازادی دەکەم، وە کەسێك بەو مەبەستە ژن دەهێنێت کە پارێزرا وپاك بێت لە زینا وتاوانەکانی تر.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الترمذي (١٦٥٥) وقال: هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ. والنسائي (٣٢١٨)، وابن ماجة (٢٥١٨)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (١٦٥٥)، والمشكاة (٣٠٨٩).

ئەو کەسانەی خوای گەورە خۆشیانی دەوێت یان ڕقی لێیانە

٩١/ لە ئەبو ذەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ يُحِبُّهُمُ اللَّهُ وَثَلَاثَةٌ يَشْنَؤُهُمُ اللَّهُ: الرَّجُلُ يَلْقَى الْعَدُوَّ فِي فِئَةٍ فَيَنْصِبُ لَهُمْ نَحْرَهُ حَتَّى يُقْتَلَ أَوْ يُفْتَحَ لأَصْحَابِهِ، وَالْقَوْمُ يُسَافِرُونَ فَيَطُولُ سُرَاهُمْ حتى يحبوا أن يَمَسُّوا الأرضَ، فينزلون فينتحى أحدهم فَيُصَلِّي حَتَّى يُوقِظَهُمْ لِرَحِيلِهِمْ، وَالرَّجُلُ يَكُونُ لَهُ الْجَارُ يُؤْذِيهِ جَارُهُ فَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُ حَتَّى يُفَرِّقَ بينهُمَا مَوْتٌ أو ظَعْنٌ. والذِينَ يَشْنَؤُهُمُ اللَّهُ: التَّاجِرُ الْحَلَّافُ، والفقيرُ الْمُخْتَالُ، وَالْبَخِيلُ الْمَنَّانُ».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس هەیە خوای گەورە خۆشیانی دەوێت، وە سێ جۆرە کەسیش هەیە خوای گەورە ڕقی لێیانە.

ئەو سێ کەسەی کە خۆشیانی دەوێت: پیاوێک لەناو کۆمەڵێکدا ژیانی خۆی دەخاتە مەترسیەوە وڕووبەڕووی دوژمن دەبێتەوە تا دەکوژرێت یانیش بەسەر دوژمنەکان سەردەکەوێت وڕێگا لە بەردەم هاوەڵەکانی دەکاتەوە.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢١٣٤٠)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٧٤).

وەکەسانێك لە گەشتدابن وبەدرێژایی شەوێکی درێژ بە رێگاوە بن پاشان دابەزن وبیانەوێت پشوویەك بدەن وبەکێك لەو گەشتیارانە هەڵدەستێت شەونوێژ دەکات، پاشان هاورێکانی لە خەو هەڵدەستێنێت.

وە پیاوێك جیرانێکی هەبێت وئازاری بدات وصەبر وئارام بگرێت لەسەر ئازارەکان تا ئەوکاتەی مردن لەیەکیان جیا دەکاتەوە یان یەکێکیان مالّی خۆی دەگوازێتەوە.

ئەو کەسانەی کە خوای گەورە زۆر رِقی لێیانە: بازرگانێك کە زۆر سوێند بخوات، هەژارێکی خۆبەگەورەزان، ڕەزیلێکی منەتکار.

٩٢/ لە ئەبو دەرداءەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ يُحِبُّهُمُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ، يَضْحَكُ إِلَيْهِمْ وَيَسْتَبْشِرُ بِهِمْ: الَّذِي إِذَا انْكَشَفَتْ فِئَةٌ قَاتَلَ وَرَاءَهَا بِنَفْسِهِ لِلَّهِ عَزَّوَجَلَّ، فَإِمَّا أَنْ يُقْتَلَ، وَإِمَّا أَنْ يَنْصُرَهُ اللَّهُ عَزَّوَجَلَّ وَيَكْفِيهِ، فَيَقُولُ: انْظُرُوا إِلَى عَبْدِي كَيْفَ صَبَّرَ لِي نَفْسَهُ، وَالَّذِي لَهُ امْرَأَةٌ حَسْنَاءُ وَفِرَاشٌ لَيِّنٌ حَسَنٌ، فَيَقُومُ مِنَ اللَّيْلِ فَيَذَرُ شَهْوَتَهُ فَيَذْكُرُنِي وَيُنَاجِينِي وَلَوْ شَاءَ لَرَقَدَ، وَالَّذِي يَكُونُ فِي سَفَرٍ وَكَانَ مَعَهُ رَكْبٌ فَسَهَرُوا وَنَصَبُوا ثُمَّ هَجَعُوا فَقَامَ فِي السَّحَرِ فِي سَرَّاءٍ أَوْ ضَرَّاءٍ».[١]

واتە: سێ جۆرە کەس هەیە خوای گەورە خۆشیانی دەوێت وپێیان پێدەکەنێت وموژدەیان پێدەدات: ئەو کەسەی کە لەگەڵ کۆمەڵێك لە جەنگاوەر دایە وسینگی خۆی دەداتە بەر دوژمن ولە پێناو خوای گەورە

(١) أخرجه البيهقي في الأسماء والصفات (٩٨٣)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٦٢٩)، والصحيحة (٣٤٧٨).

لەگەڵیان دەجەنگێت، یان ئەوەتا دەکوژرێت یان خوای گەورە سەری دەخات ودوژمنەکەی وازی لێ دەهێنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: سەیری بەندەکەم بکەن چۆن لە پێناو من صەبر وئارامی گرت ونەفسی خۆی خستە مەترسی لەبەر من.

وە کەسێك خێزانێکی زۆر جوانی هەیە لەگەڵ جێگەیەکی خەوی نەرم وئاسودەکەری چاك، بەڵام وازی لە ئارەزووی هێنا ونەچوو بەلای خێزانی هەروەها وازی لە خەو هێنا ویاد وزیکری منی کرد خۆ ئەگەر بیویستایە دەخەوت.

وە کەسێك لە گەشت دابێت وقافلەیەکی لەگەڵ بێت وشەو بەڕێگادا بڕۆن وماندوو بوون ونەخەوتوون، پاشان کەمێك بخەوێت وبەڵام لە بەرەبەیاندا زوو هەڵدەستێت وواز لە خەو دەهێنێت یاد وزیکری خوای گەورە دەکات، ئەم کەسە لە خۆشی وناخۆشی یاد وزیکری خودا لەیاد ناکات؛ چونکە هیچ شتێك لای گەشتیاران لەوە خۆشتر نییە کە لە پاش ماندوو بوونێکی زۆر پشو بدەن و بخەون.

٩٣/ لە ئیبن عەبباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «أَبْغَضُ النَّاسِ إِلَى اللهِ ثَلاَثَةٌ: مُلْحِدٌ فِي الْحَرَمِ، وَمُبْتَغٍ فِي الإِسْلاَمِ سُنَّةَ الْجَاهِلِيَّةِ، وَمُطَّلِبُ دَمِ امْرِئٍ بِغَيْرِ حَقٍّ لِيُهَرِيقَ دَمَهُ».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس هەیە لە موسڵمانان خوای گەورە لە هەموو کەس زیاتر ڕقی لێیانە: کەسێك پێشێلی مافی حەرەمی مەککە بکات بە ئەنجامدانی گوناە

(١) أخرجه البخاري (٦٨٨٢).

وتـاوان لـه حـەڕەمی مەککـەدا، وە کەسـێك لـەناو ئیسـلامدا کـار وکـردەوەی جاهیلیەت زیندوو بکاتەوە، وە کەسێك هەوڵ بدات وبگەڕێت بۆ ئەوەی خـوێنی کەسێك بەناحەق بڕێژێت وبیکوژێت.

خوای گـەورە زیـاتر ڕقـی لـەو کەسـانەیە؛ چـونکە خراپـی وناشـرینی تاوانیـان لەگەڵ ئەو شتانەدا کۆکردۆتەوە کـە تاوانەکـە گـەورەتر دەکـەن، سـتەم کـردن وئەنجامدانی گونـاه وتـاوان حـەڕامن، بـەڵام لـە حـەڕەمی مەککـەدا تاوانەکـەی گەورەترە، وەك دەوترێت ئەنجامدانی تاوانە بچوکەکان لە حەڕەمـدا گـەورەترە لە ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان لە غەیری حەڕەمدا وسزاکەشی تووندترە.

هەروەها داهێنان وزیندوکردنەوەی بیدعە لە دیندا حەڕامـە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو بیدعەیەی کە زیندوو دەکرێتەوە لە کار وکردەوەی جاهیلیەت بێت.

وە کوشـتنی کەسـێك بـەبێ هـیچ مەبەسـتێك تـەنها لەبـەر ئـەوە بیکوژێـت کـە خوێنی بڕێژێت، بۆیە خوای گەورە زیاتر ڕقی لەو کەسانەیە.[1]

❁ ❁ ❁

(١) انظر: فيض القدير (٨١/١).

پاڕێزگاری لەو کردەوانە بکەن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ خۆشتانی دەوێن

٩٤/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ أَنْ يُحِبَّكُمُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ، فَحَافِظُوا عَلَى ثَلَاثِ خِصَالٍ: صِدْقِ الْحَدِيثِ، وَأَدَاءِ الْأَمَانَةِ، وَحُسْنِ الْجِوَارِ».[1]

واتە: ئەگەر دەتانەوێت خوای گەورە وپێغەمبەرەکەی ﷺ خۆشتانی بوێت ئەوا پاڕێزگاری لەم سێ ڕەوشتە بکەن: ڕاستگۆیی لە قسەکردندا، بە جێهێنانی ئەمانەت، باشبوون لەگەڵ جیران.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الخِلَعي في الفوائد (٢/٢٢٢) (٨٨٢)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في الصحيحة (٢٩٩٨).

ئەو کەسانەی مەلائیکەت نزیکیان نابنەوە

٩٥/ لە عەماری کوڕی یاسرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلاَثَةٌ لاَ تَقْرَبُهُمُ الْمَلاَئِكَةُ: جِيفَةُ الْكَافِرِ، وَالْمُتَضَمِّخُ بِالْخَلُوقِ، وَالْجُنُبُ، إِلاَّ أَنْ يَتَوَضَّأَ».(١)

واتە: سێ جۆرە کەس مەلائیکەت نزیکیان نابنەوە: لاشە وتەرمی کافر، وە ئەو پیاوەی کە خۆی بۆنخۆش دەکات بە بۆنێك کە تایبەت بێت بە ئافرەتان، کەسی لەشگران کە جەنابەتی لەسەر بێت تا ئەو کاتەی دەست نوێژ دەگرێت.

٩٦/ لە بورەیدەی کوڕی حوصەیبی ئەسلەمیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلاثَةٌ لا تَقْرَبُهُمُ الْمَلائِكَةُ: السَّكْرَانُ، والمتمضخ بِالزَّعْفَرَانِ، وَالْحَائِضُ، أَوِ الْجُنُبُ».(٢)

واتە: سێ جۆرە کەس مەلائیکەت نزیکیان نابنەوە: کەسی بێهۆش، وە ئەو پیاوەی کە خۆی بۆنخۆش دەکات بە زەعفەران، وە ئافرەتی حائض یان کەسی لەشگران کە جەنابەتی لەسەر بێت.

---

(١) أخرجه أبو داود (٤١٨٠)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٧٣)، وصحيح الجامع (٣٠٦١).

(٢) أخرجه البزاز في مسنده (٤٤٤٦)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٧٤و٢٣٧٤)، والصحيحة (١٨٠٤).

خۆ بۆنخۆش کردن بە زەعەفەران بۆیە نەهی لێکراوە؛ چونکە تایبەت بووە بە ئافرەتان یاخود زیاتر ئەوان بەکاریان دەهێنا.[١]

کەسی لەشگران: مەبەست پێی ئەوەیە کە زۆربەی کاتەکان لەشی گران بێت ووەکو عادەتێکی لێکردووە وخۆی ناشوات، ئەمەش لە کەمی دینداری وپیسی ناخیەوەیە[٢]، کەواتە مەبەستەکە لەوەیە کە کردبێتی بە عادەت وزۆربەی کاتەکانی بە لەشگرانیەوە بێت؛ لەبەر ئەوەی هاتووە کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بە لەشگرانیەوە دەست نوێژی هەڵگرتووە وخەوتووە.[٣]

مەلائیکەت نزیکیان نابنەوە: مەبەست پێی ئەو مەلائکەتانەن کە بۆ بەرەکەت وڕەحمەت دادەبەزن، یان ئەو مەلائیکەتانەی کە لەسەر زەوی دەگەڕێن بۆ ئەو مەجلیس ودانیشتنانەی کە تێیدا زیکر ویادی خوای گەورە دەکرێت ومەلائیکەتەکان بەشدار دەبن، ئەو مەلائیکەتانە ناگرێتەوە کە چاکە وخراپە دەنوسنەوە، هەرکەسێك بالغ بووبێت ئەو مەلائیکەتانە لێیان دانابڕێن ولە هەموو کاتێکدا لەگەڵ مرۆڤەکانن وفەرمانیان پێکراوە بە نوسینی کردەوەکانی مرۆڤ.[٤]

---

(١) النهاية في غريب الحديث والأثر (٢/٧١).

(٢) النهاية في غريب الحديث والأثر (١/٣٠٢).

(٣) الصحيحة (٤/٤٢٠).

(٤) انظر: شرح النووي على مسلم (١٤/٨٤)، وفيض القدير (٣/٣٢٥).

ئەو شتانەی شیفایان تێدایە

٩٧/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثٌ فِيهن شِفَاءٌ مِنْ كُلِّ دَاءٍ إِلَّا السَّامَ: السَّنَا، والسَّنُوتُ، قال مُحَمَّد: ونسيتُ الثَّالِثَةَ».(١)

واتە: سێ شت هەیە شیفای بۆ هەموو دەردێك تێدایە تەنها مردن نەبێت: سینا (ڕوەکێکە ناسراوە بە سینامەکی)، وە هەنگوین (السَّنُوتُ)، یەکێك لە ڕاویەکان دەڵێت: سێیەمم لە بیرکردووە.

٩٨/ لە ئیبن عەباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الشِّفَاءُ فِي ثَلَاثَةٍ: شَرْطَةِ مِحْجَمٍ، أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ، أَوْ كَيَّةٍ بِنَارٍ وَأَنْهَى أُمَّتِي عَنِ الْكَيِّ».(٢)

واتە: شیفا لە سێ شتە: کەڵەشاخ کردن، خواردنی هەنگوین، داخکردن بە ئاگر، وە من قەدەغەی دەکەم کە خۆتان چارەسەر بکەن بە داخکردن.

ئەو فەرموودانەی سەبارەت بە داخکردن کە لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ هاتوون چوار شت لە خۆی دەگرێت:

---

(١) أخرجه النسائي في الكبرى (٧٥٧٧)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٣٤)، والصحيحة (١٧٩٨).

(٢) أخرجه البخاري (٥٦٨١).

یەکەم: ئەنجامدانی: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی چەندین صەحابەی داخکردووە: لە جابرەوە رضي الله عنه، دەفەرموێت: «بَعَثَ رَسُولُ اللهِ ﷺ إِلَى أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ طَبِيبًا، فَقَطَعَ مِنْهُ عِرْقًا، ثُمَّ كَوَاهُ عَلَيْهِ».(١)

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ پزیشکێکی بۆ ئوبەی کوڕی کەعب رضي الله عنه، نارد، دەماڕێکی خوێنی بۆ بڕی وپاشان شوێنەکەی داخکرد.

وە کاتێك سەعدی کوڕی موعاذ رضي الله عنه، بریندارکرا ودەماڕێکی دەستی بڕا، بۆ ڕاگرتنی خوێنەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی پیرۆزی خۆی شوێنەکەی داخکرد، بەڵام بریندەکەی ئاوسا، دووبارە پێغەمبەری خوا ﷺ داخیکردەوە.(٢)

وە کاتێك صەحابی بەڕێز ئەسعەدی کوڕی زوراڕە رضي الله عنه، توشی نەخۆشیەك بوو پێغەمبەری خوا ﷺ داخیکرد.(٣)

دووەم: حەز پێنەکردنی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «وَمَا أُحِبُّ أَنْ أَكْتَوِيَ».(٤) واتە: حەزم بەخۆ داخکردن نیە.

سێیەم: قەدەغەکردنی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «وَأَنْهَى أُمَّتِي عَنِ الْكَيِّ».(٥) واتە: وە من قەدەغەی ئوممەتەکەم دەکەم لە خۆ

---

(١) أخرجه مسلم (٥٧٩٦).

(٢) أخرجه مسلم (٥٧٩٩).

(٣) أخرجه الترمذي (٢٠٥٠)، وقال: حَسَنٌ غَرِيبٌ. وصححه الإمام الألباني في المشكاة (٥٤٣٤).

(٤) متفق عليه: البخاري (٥٦٨٣)، ومسلم (٥٩٧٤).

(٥) أخرجه البخاري (٥٦٨١).

داخکردن.

پێغەمبەری خوا بۆیە ﷺ قەدەغەی کردووە؛ چونکە لەو کاتەدا کە داخیان دەکرد بەو مەبەستەی کە داخکردنەکە شیفا دەنێرێت، بۆیە بیروباوەڕیان وابوو کە هەرکەسێك داخ نەکرێت لەناو دەچێت، لە بەر ئەم بیروباوەڕە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کرد.

وە دەوتریت ئەم قەدەغە کردنە تایبەت بووە بە صەحابی بەڕێز عیمرانی کوڕی حوصەین رضي الله عنه؛ چونکە توشی مایەسیری بوو، شوێنەکەی ترسناك بووە بۆیە قەدەغەی کردووە.

چوارەم: ستایش کردنی ئەو کەسانەی کە وازیان لە داخکردن هێناوە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِي سَبْعُونَ أَلْفًا بِغَيْرِ حِسَابٍ»، قَالُوا: وَمَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: «هُمُ الَّذِينَ لاَ يَكْتَوُونَ وَلاَ يَسْتَرْقُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ».(١)

واتە: حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتی من بەبێ حیساب ولێ پرسینەوە دەچنە بەهەشت.

فەرموویان: ئەو کەسانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرموو: ئەو کەسانەن کە داوای ڕوقیە خوێندن لەسەریان لە کەس ناکەن، وە ڕەشبین نین (وەك چۆن لە جاهیلیەت کەسێك بیویستایە سەفەرێك بکات ئەگەر بالّندەیەکی دیتبا کە بەلای ڕاست فڕیوە ئەوا سەفەرەکەی دەکرد، بەلّام ئەگەر بەلای

---

(١) متفق عليه: البخاري (٥٧٥٢)، ومسلم (٤٤٥).

چەپدا فڕیبا گەشتەکەی هەڵدەوەشاندەوە وبە ڕەشبینیەوە دەگەڕایەوە)، وە داوا لە کەس ناکەن داخیان بکات، وە پشت بە خوای گەورە دەبەستن.

الحمدلله هیچ تناقض ودژیەکبوونێك لە نێوان فەرموودەکان بەدی ناکرێت؛ چونکە ئەنجامدانی بەڵگەیە لەسەر دروستێتی داخکردن، وە حەز پێنەکردنی بەڵگە نییە لەسەر قەدەغەکردن وحەڕامکردنی داخکردن، وە سەبارەت بە ستایش کردنی ئەو کەسانەی کە وازیان لە داخکردن هێناوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە وازهێنان لێی شایستەتر وچاکترە، قەدەغەکردنیشی دەچێتە ژێر بواری هەڵبژاردن یان کەراهەت یان ئەو جۆرەیە کە پێویست نیە، بەڵکو کاتێك بەکاردەهێنرێت لە ترسی توشبوون بە نەخۆشی وخوێنبەربوون (نەزیف بوون). [١] واللَّه تعالى أعلم.

تێبینی: لەم فەرموودانە ئەو هۆکارانە باسکراون کە گرنگن بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، بەڵام فەرموودەکە مانای ئەوە نادات کە تەنها ئەم شتانە هۆکاری چارەسەر بن، بەڵکو هۆکاری تریش هەن کە دەبنە مایەی چارەسەری نەخۆشی. [٢]

(١) انظر: زاد المعاد في هدي خير العباد لابن القيم (٤/٥٩).

(٢) انظر: فتح الباري (١٠/١٣٨).

ئەو شتانەی بەرەکەتیان تێدایە

٩٩/ لە سەلمانی فارسیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الْبَرَكَةُ فِي ثَلَاثَةٍ: فِي الْجَمَاعَةِ، وَالثَّرِيدِ، وَالسَّحُورِ».[١]

واتە: بەرەکەت لە سێ شتدا هەیە: لە جەماعەت، خواردنی ثەرید، پارشێو کردن.

بەرەکەت لە جەماعەت: واتە: نوێژ کردن بە جەماعەت، و نان خواردن بە جەماعی وکۆبوونەوە لەسەر شتێك کە سوود بە موسڵمانان بگەیەنێت، دەست گرتن بە کۆمەڵی موسڵمانان.[٢]

(الثَّرِيدِ): گۆشتی سور لەگەڵ مەرەگە یان ئاوی گۆشتەکە ونان تێدەکوشرێت.

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (٦/٢٥١) (٦١٢٧)، والبيهقي في شعب الإيمان (٧٥٢٠)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٠٦٥)، والصحيحة (١٠٤٥).

(٢) انظر: فيض القدير (٣/٢١٩)، التَّنويرُ شَرْحُ الجَامِع الصَّغِيرِ للصنعاني (٤/٥٨٥).

ئەو کەسانەی قەڵەمیان لەسەر هەڵگیراوە و گوناهەکانیان نانوسرێت

١٠٠/ لە دایکی ئیماندارانەوە عائشەی پاک رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلَاثٍ: عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّغِيرِ حَتَّى يَكْبُرَ، وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ أَوْ يُفِيقَ».[1]

واتە: سێ کەس قەڵەمیان لەسەر هەڵگیراوە وهیچیان لەسەر نانوسرێت: کەسێك خەوتبێت تا خەبەری دەبێتەوە، وە منداڵ تا گەورە (بالغ) دەبێت وپێ دەگات، وە کەسێك شێت بووبێت تاوەکو عەقڵی بۆ دەگەڕێتەوە یان هۆشی بێتەوە.

(١) أخرجه أبو داود (٤٣٩٨)، والترمذي (١٤٢٣)، والنسائي (٣٤٣٢) واللفظ له، وابن ماجة (٢٠٤١)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف ابن ماجة (٢٠٤١).

خوای گەورە لەو شتانەی ئوممەتی محمد ﷺ خۆشبووە

١٠١/ لە ئیبن عەباسەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەفەرموویت: «إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي عَنْ ثَلَاثٍ: عَنِ الْخَطَإِ، وَالنِّسْيَانِ، وَمَا اسْتُكْرِهُوا عَلَيْهِ».(١)

واتە: خوای گەورە لەو سێ شتەی ئوممەتەکەم خۆشبووە: لە ئەنجامدانی کارێك بە هەڵە، لە بیرچوون لە ئەنجامدانی کارێك یاخود لە ئەنجام نەدانی کارێك، ئەنجامدانی کارێك یان وتنی شتێك بە زۆرە ملێ.

ئەو کارانەی کە ئەنجامدانیان حەرامە جا لەناو عیبادات بێت یان جگە لە عیباداتەکان ئەگەر کەسێك بە نەزانی وهەڵە یان لە بیری چووبێت یان زۆری لێکرابێت وئەنجامی بدات هیچ تاوانێك وشتێکی لەسەر نییە ئەگەر کارەکە پەیوەندی بە نێوان کەسەکە وخوای گەورە دابێت، بەڵام ئەگەر حەق ومافی خەڵکی تر بێت ئەوا لێ خۆشبوونی بۆ نییە لە پووی پێ بژاردن ودانەوەی، ئەگەرچی لە پووی گوناهـ وتاوان گوناهبار نابێت.

---

(١) أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (١٩٠٥١)، وابن حبان في صحيحه (٧١٧٥) واللفظ له، وصححه الإمام الألباني في التعليقات الحسان (٧١٧٥)، والمشكاة (٦٢٩٣).

بۆ نمونە کەسێك نازانێت کە حەڕامە ونابێت لە نوێژدا قسە بکرێت، یان کەسێك لە نزیك دەرگا نوێژ دەکات ولە دەرگا دەدرێت، لە بیری دەچێت کە لە ناو نوێژە ودەڵێت: فەرموو. تاوانی لەسەر نییە ونوێژەکەیشی بەتاڵ نابێتەوە؛ چونکە نەیزانیوە یان لەبیری چووە وبەبێ ویست ئەو کارەی کردووە، بەڵام کەسێك بزانێت قسە کردن حەڕامە لە نوێژدا وبە ویستی خۆی قسە بکات نوێژەکەی بە تاڵ دەبێتەوە وتاوانبارە.

ئەمە سەبارەت بەو کارانەی کە لە نێوان خۆی وخوای گەورەدایە، بەڵام مافی خەڵکی پێ بژاردن وزەمانی لەسەری لاناچێت ئەگەرچی تاوانەکەی لەسەر لابچێت وگوناهبار نەبێت، بۆ نمونە: کەسێك مەڕێکی دەکوژێتەوە وادەزانێت ئەمە هی خۆیەتی بەڵام دواتر بۆی دەردەکەوێت کە ئەو مەڕە هی خۆی نەبووە هی کەسێکی تر بووە، لەسەریەتی کە ماف وحەقی خاوەنەکەی بداتەوە ولەسەری لاناچێت.

یان زۆری لە کەسێك بکرێت کە کەسێك بکوژێت ئەگەرنا ئەو دەکوژن، ئەو کەسە بۆی نییە لەبەر مانەوەی نەفسی خۆی کەسێکی تر بکوژێت.

وە سەبارەت بەو شتانەی کە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە ئەنجامدانی ئەم عوزر وهۆکارانە نابنە ڕێگر لە ئەنجام نەدانی، بەڵکو هەردەبێت ئەنجام بدرێت، ئەگەرچی گوناهی ئەوەی لەسەر لابچێت کە لە بیری چووە لە درەنگ ئەنجامدانی کارەکە، بەڵام حوکمی ئەنجامدانی کارەکە هەر دەمێنێت ودەبێت ئەنجامی بدات.

بۆ نمونە: کەسێك لە بیری چووبێت کە دەستنوێژی نییە ونوێژ بکات، تاوانی لەسەر نییە کە لە بیری کردووە، بەڵام کە بەبیری هاتەوە دەستنوێژی نییە

پێویستە دەستنوێژ بگرێت ونوێژەکەی بکاتەوە، یان کەسێك لە بیری چووە کە نوێژی نەکردووە، تاوانی لەسەر نیە؛ چونکە لە بیری چووە، بەڵام نوێژەکەی لەسەرە و هەرکاتێك بەبیری هاتەوە دەبێت بیکات.[1]

(١) انظر: شرح الأربعين النووية لمحمد بن صالح العثيمين (ص٤١٣).

سێ جۆرە کەس قورئان دەخوێننەوە

١٠٢/ لە ئەبو سەعیدی خودریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو دەیفەرموو: «تَعَلَّمُوا الْقُرْآنَ وَاسْأَلُوا اللَّهَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَتَعَلَّمَهُ قَوْمٌ يَسْأَلُونَ بِهِ الدُّنْيَا، فَإِنَّ الْقُرْآنَ يَتَعَلَّمُهُ ثَلَاثَةُ نَفَرٍ: رَجُلٌ يُبَاهِي بِهِ، وَرَجُلٌ يَسْتَأْكِلُ بِهِ، وَرَجُلٌ يَقْرَؤُهُ لِلَّهِ».[1]

واتە: خۆتانی فێری قورئان بکەن وپێی داوا لە خوای گەورە بکەن پێش ئەوەی کەسانێك خۆیان فێربکەن وداوای دونیا وپارە لەخەڵك بکەن پێی، بێگومان سێ جۆرە کەس خۆیان فێری قورئان دەکەن: پیاوێك شانازی پێوەی دەکات (ڕیای تێدا دەکات)، وە پیاوێك پێوەی دەخوات، وە پیاوێك بۆ خوای گەورە دەیخوێنێت ونیەتی تەنها بۆ خودایە.

١٠٣/ لە ئەبو سەعیدی خودریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو دەیفەرموو: «يَقْرَأُ الْقُرْآنَ ثَلَاثَةٌ: مُؤْمِنٌ، وَمُنَافِقٌ، وَفَاجِرٌ».[2]

واتە: سێ جۆرە کەس قورئان دەخوێننەوە: کەسێکی ئیماندار، ومونافیق، وخراپ (فاجر).

---

(١) أخرجه المَرْوَزِي في قيام الليل (ص١٧٩)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٥٨).

(٢) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١١٣٤٠)، والحاكم في المستدرك (٨٦٤٣) وقال: هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحُ الْإِسْنَادِ. ووافقه الذهبي. وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (٣٠٣٤).

جۆرەکانی دادوەر

١٠٤/ **لە بورەیدەی کوڕی حوصەیبی ئەسلەمیەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **لە پێغەمبەری خواوە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:** «الْقُضَاةُ ثَلاَثَةٌ: وَاحِدٌ فِي الْجَنَّةِ، وَاثْنَانِ فِي النَّارِ، فَأَمَّا الَّذِي فِي الْجَنَّةِ فَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَقَضَى بِهِ، وَرَجُلٌ عَرَفَ الْحَقَّ فَجَارَ فِي الْحُكْمِ، فَهُوَ فِي النَّارِ، وَرَجُلٌ قَضَى لِلنَّاسِ عَلَى جَهْلٍ فَهُوَ فِي النَّارِ».[1]

واتە: دادوەرەکان سێ جۆرن: یەکیان بۆ بەهەشتە، دووانیان بۆ ئاگر: ئەو دادوەرەی دەچێتە بەهەشتەوە پیاوێك زانستی لایە وحەق دەناسێت وحوکم بەو حەقە دەدا، پیاوێك حەق دەزانێت وبە ئەنقەست لە حەقەکە لادەدات وحوکمی پێ نادات ئەو دادوەرە بۆ ئاگرە، وە پیاوێك حوکم بۆ خەڵکی دەدات ونەزانە ئەو دادوەرەش بۆ ئاگرە.

وفي لفظ الترمذي: «الْقُضَاةُ ثَلاَثَةٌ: قَاضِيَانِ فِي النَّارِ، وَقَاضٍ فِي الْجَنَّةِ: رَجُلٌ قَضَى بِغَيْرِ الْحَقِّ فَعَلِمَ ذَاكَ فَذَاكَ فِي النَّارِ، وَقَاضٍ لاَ يَعْلَمُ فَأَهْلَكَ حُقُوقَ النَّاسِ فَهُوَ فِي النَّارِ، وَقَاضٍ قَضَى بِالْحَقِّ فَذَلِكَ فِي الْجَنَّةِ».

---

(١) أخرجه أبو داود (٣٥٧٣)، والترمذي (١٣٢٢)، وابن ماجة (٢٣١٥)، وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢١٧٢)، والمشكاة (٣٧٣٥)، والإرواء (٢٦١٤).

واتە: دادوەرەکان سێ جۆرن: دووانیان بۆ ئاگر، یەکیان بۆ بەهەشتە: پیاوێک بەناحەق حوکم دەدات لە کاتێکدا زانستی بە حەقەکە پێە ودەزانێت بۆ ئاگرە، دادوەرێک زانستی نییە وحوکم دەدات وحەق ومافی خەڵک لەناو دەبات بۆ ئاگرە، وە دادوەرێک حەق دەزانێت وحوکم بە حەق دەدات بۆ بەهەشتە.

١٠٥/ لە ئیبن عومەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «القُضَاةُ ثَلاَثَةٌ: قَاضِيَانِ فِي النَّارِ، وقَاضٍ فِي الجَنَّةِ؛ قَاضٍ قَضَى بِالهَوَى فَهُوَ فِي النَّارِ، وقَاضٍ قَضَى بِغَيْرِ عِلْمٍ فَهُوَ فِي النَّارِ، وقَاضٍ قَضَى بِالحَقِّ فَهُوَ فِي الجَنَّةِ».[1]

واتە: دادوەرەکان سێ جۆرن: دووانیان بۆ ئاگر، یەکیان بۆ بەهەشتە: دادوەرێک حوکم بە هەوا وئارەزوی خۆی حوکم بدات بۆ ئاگرە، دادوەرێک بەبێ زانست حوکم بدات بۆ ئاگرە، دادوەرێک بە ڕاست وحەق حوکم دەدات بۆ بەهەشتە.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (١٣/١٣١) (١٣٨٠١)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٤٤٤٧).

جۆری کوژراوەکان

١٠٦/ **لە عوتبەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **لە پێغەمبەری خواوە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:**
«الْقَتْلَى ثَلَاثَةٌ: رَجُلٌ مُؤْمِنٌ جَاهَدَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ؛ حَتَّى إِذَا لَقِيَ الْعَدُوَّ قَاتَلَهُمْ حَتَّى يُقْتَلَ، فَذَلِكَ الشَّهِيدُ الْمُمْتَحَنُ فِي خَيْمَةِ اللَّهِ تَحْتَ عَرْشِهِ، وَلَا يَفْضُلُهُ النَّبِيُّونَ إِلَّا بِفَضْلِ دَرَجَةِ النُّبُوَّةِ. وَرَجُلٌ مُؤْمِنٌ قَرَفَ عَلَى نَفْسِهِ مِنَ الذُّنُوبِ وَالْخَطَايَا، جَاهَدَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، حَتَّى إِذَا لَقِيَ الْعَدُوَّ قَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ، فَتِلْكَ مَصْمَصَةٌ مَحَتْ ذُنُوبَهُ وَخَطَايَاهُ، إِنَّ السَّيْفَ مَحَّاءُ لِلْخَطَايَا، وأُدْخِلَ مِنْ أَيِّ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ شَاءَ، فَإِنَّ لَهَا ثَمَانِيَةَ أَبْوَابٍ، وَلِجَهَنَّمَ سَبْعَةُ أَبْوَابٍ، وَبَعْضُهَا أَفْضَلُ مِنْ بَعْضٍ. وَرَجُلٌ مُنَافِقٌ جَاهَدَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، حَتَّى إِذَا لَقِيَ الْعَدُوَّ قَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ، فَذَلِكَ فِي النَّارِ؛ إِنَّ السَّيْفَ لَا يَمْحُو النِّفَاقَ».[1]

واتە: کوژراوەکان سێ جۆرن: پیاوێکی ئیماندار کە ئیمانێکی تەواوی هەیە وبە نەفسی خۆی ومالّ وسامانی تێدەکۆشێت لە پێناو خوای گەورە تا دەگاتە دوژمن ودەجەنگێت ودەیانکوژێت تاوەکو دەکوژرێت، ئەوە شەهیدێکی

---

(١) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٤٦٤٤)، والطبراني في الكبير (١٢٦/١٧) (٣١١)، وصححه الإمام الألباني في التعليقات الحسان (٤٦٤٤)، وصحيح الترغيب والترهيب (١٣٧٠).

تاقیکراوەیە (خوای گەورە خۆشحاڵ ودڵشادی کردووە بۆ تەقوای خوای گەورە وتێکۆشان لە پێناویدا وئارام گرتن لەسەر ئەو تاقیکردنەوەیە) ولە بەهەشتی خوای گەورە دایە کە لە ژێر عەرشی خودایە، پێغەمبەران پلەیان بەرزتر نییە لەو تەنها بە پلەی پێغەمبەرایەتی نەبێت.

وە پیاوێکی ئیماندار کە زوڵم لە نەفسی خۆی دەکات وتاوان وگوناە ئەنجامداوە وبە نەفسی خۆی وماڵ وسامانی تێدەکۆشێت لە پێناو خوای گەورە تا دەگاتە دوژمن ودەجەنگێت ودەیانکوژێت تاوەکو دەکوژرێت وپاککەرەوەیەکە وپاکی دەکاتەوە لە پیسی گوناە وتاوان، بێگومان تێکۆشان لە پێناو خوای گەورە گونهاو وتاوانەکان بە تەواوی دەسڕێتەوە، لە هەر دەرگایەک لە دەرگاکانی بەهەشت بیەوێت دەچێتە بەهەشت، بێگومان بەهەشت هەشت دەرگای هەیە ودۆزەخیش حەوت دەرگا، هەندێکیان پلەیان بەرزترە لە هەندێکی تریان.

وە پیاوێکی مونافیق کە بە نەفسی خۆی وماڵ وسامانی تێدەکۆشێت لە پێناو خوای گەورە (بۆ خەڵکی وا دەریدەخات کە لە پێناو خوای گەورە تێدەکۆشێت بەڵام لە ڕاستیدا وانیە)، دەگاتە دوژمن ودەجەنگێت ودەیانکوژێت تاوەکو دەکوژرێت، ئەوەیان دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ، بێگومان تێکۆشان وکوژران نیفاق ناسڕێتەوە.

(مَصْمَصَةٌ): جوڵاندنی ئاو لە دەمدا کاتێک ئاو لە دەم وەردەدرێت بۆ پاککردنەوەی دەم، یان کاتێک ئاو دەخرێتە ناو تەشتێک ودەجوڵنرێت یان دەخولێنرێتەوە بۆ ئەوەی پاک بێتەوە، جیهاد و کوژران لە پێناو خوای گەورە بەمشێوەیە تاوانەکان دەسڕێتەوە، بەڵام تاوانە گەورەکان دەچێتە ژێر ویستی

خوای گەورە، وە هاتووە لە عبدالله ی کوڕی عەمری کوڕی عاصـەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، لە پێغەمبـەری خـواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفـەرموویێت: «يُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلُّ ذَنْبٍ إِلاَّ الدَّيْنَ».(١)

واتە: شەهید لە پێناوی خوای گەورە هەموو گونـاە وتاوانـەکانی دادەپۆشـرێت ودەبەخشرێت تەنها قەرز نەبێت.

(إِنَّ السَّيْفَ لَا يَمْحُو النِّفَاقَ): بێگومـان تێکۆشـان وکـوژران نیفـاق ناسـڕێتەوە (مەبەست پێی نیفاقی دڵە (النفاق القلبي) واتـە: خـۆی بـە کەسـێکی ئیمانـدار وموسڵمان دەردەخات وکوفر وبێباوەڕیەکەی دەشارێتەوە).(٢)

(١) أخرجه مسلم (٤٩١٧).

(٢) انظر: مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح (٣٨٥/٧)، وتعليق الإمام الألباني على الحديث في صحيح الترغيب والترهيب (١٣٧/٢).

جۆرەکانی جنۆکە

١٠٧/ لە ئەبو ثەعلەبەی خوشەنیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بوو دەیفەرموو: «الجِنُّ عَلَى ثَلَاثَةِ أَصْنَافٍ: صِنْفٌ كِلَابٌ وَحَيَّاتٌ، وَصِنْفٌ يَطِيرُونَ فِي الْهَوَاءِ، وَصِنْفٌ يَحُلُّونَ وَيَظْعَنُونَ».[1]

واتە: جنەکان دابەش دەبن بۆ سێ جۆر: جۆرێکیان سەگ ومارن، جۆرێکیان لە هەوادا دەفڕن، جۆرێکیشیان نیشتەجێ دەبن وهاتوچۆ دەکەن وگەشت دەکەن.

(١) أخرجه ابن حبان في صحيحه (٦١٢٣)، والطبراني في الكبير (٢١٤/٢٢) (٥٧٣)، والحاكم في المستدرك (٣٧٠٢)، وصححه الإمام الألباني في المشكاة (٤١٤٨)، والتعليقات الحسان (٦١٢٣).

گرێیەکانی شەیتان

١٠٨/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، کە دەیگەیاندە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ إِذَا هُوَ نَامَ ثَلاَثَ عُقَدٍ، يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ مَكَانَهَا: عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ، فَإِنِ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقَدُهُ كُلُّهَا، فأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ، وإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلاَنَ».[1]

واتە: ئەگەر یەکێکتان خەوت شەیتان سێ گرێ لەپشتی سەری دەدات، لەهەر گرێیەکیدا دەڵێ: شەوێکی درێژت لە پێشە بخەوە، بەڵام ئەگەر هەستاو زیکر ویادی خوای گەورەی کرد، گرێیەکیان دەکرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژی گرت دووەمیشیان دەکرێتەوە، ئینجا ئەگەر نوێژی کرد هەرسێکیان دەکرێنەوە، ئینجا چالاک ودەروون ئارام وئاسودە دەبێت، ئەگەر وانەکات ئەوا نا ئارام وتەمەڵ دەبێت.

❁ ❁ ❁

(١) متفق عليه: البخاري (١١٤٢ و٣٢٦٩) واللفظ له، ومسلم (١٧٦٩).

سێ جۆرە کەس کشتوکاڵ دەکەن

١٠٩/ لە ڕافیعی کوڕی خەدیجەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنِ الْمُحَاقَلَةِ، وَالْمُزَابَنَةِ، وَقَالَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «إِنَّمَا يَزْرَعُ ثَلَاثَةٌ: رَجُلٌ لَهُ أَرْضٌ، فَهُوَ يَزْرَعُهَا، أَوْ رَجُلٌ مُنِحَ أَرْضًا، فَهُوَ يَزْرَعُ مَا مُنِحَ، أَوْ رَجُلٌ اسْتَكْرَى أَرْضًا بِذَهَبٍ، أَوْ فِضَّةٍ».(١)

واتە: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کڕین وفرۆشتنی (الْمُحَاقَلَةِ) و(الْمُزَابَنَةِ) قەدەغە کردووە، وە دەفەرموێت: بێگومان سێ جۆرە کەس کشتوکاڵ دەکەن: پیاوێك زەویەکی هەبێت وکشتوکاڵی تێدا بکات، یان پیاوێك زەویەکی پێ بەخشرابێت ولەو زەوییەی کە پێی بەخشراوە کشتوکاڵ دەکات، یان پیاوێك زەوییەکی بە زێڕ یان بە زیو بە کرێ گرتووە وکشتوکاڵی تێدا دەکات.

(الْمُحَاقَلَةِ): بریتی یە لە فرۆشتنی دانەوێڵەی سەوزی پێنەگەیشتو ولە گوڵەکەیدا بێت بفرۆشرێت بە دانەوێڵەی وشك، یان فرۆشتنی کێڵگەیەك کە دانەوێڵەی تێدا چاندرابێت بە دانەوێڵەی تری وشك.

(الْمُزَابَنَةِ): بریتی یە لە فرۆشتنی خورمای تازە پێگەیشتوو بە خورمای وشك.

(١) أخرجه أبو داود (١٤٠٠)، والنسائي (٣٩٦٢)، وابن ماجة (٢٤٤٩)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (١٧١٥).

ئەسپ سێ جۆرە، وە بۆ سێ کەسە

١١٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الْخَيْلُ ثَلاَثَةٌ: هِيَ لِرَجُلٍ وِزْرٌ، وَهِيَ لِرَجُلٍ سِتْرٌ، وَهِيَ لِرَجُلٍ أَجْرٌ، فَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ وِزْرٌ: فَرَجُلٌ رَبَطَهَا رِيَاءً وَفَخْرًا وَنِوَاءً عَلَى أَهْلِ الإِسْلاَمِ، فَهِيَ لَهُ وِزْرٌ. وَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ سِتْرٌ: فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللهِ، ثُمَّ لَمْ يَنْسَ حَقَّ اللهِ فِي ظُهُورِهَا وَلاَ رِقَابِهَا، فَهِيَ لَهُ سِتْرٌ. وَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ أَجْرٌ: فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللهِ لأَهْلِ الإِسْلاَمِ، فِي مَرْجٍ وَرَوْضَةٍ، فَمَا أَكَلَتْ مِنْ ذَلِكَ الْمَرْجِ، أَوِ الرَّوْضَةِ مِنْ شَيْءٍ، إِلاَّ كُتِبَ لَهُ عَدَدَ مَا أَكَلَتْ حَسَنَاتٌ، وَكُتِبَ لَهُ عَدَدَ أَرْوَاثِهَا وَأَبْوَالِهَا حَسَنَاتٌ، وَلاَ تَقْطَعُ طِوَلَهَا فَاسْتَنَّتْ شَرَفًا، أَوْ شَرَفَيْنِ، إِلاَّ كَتَبَ اللَّهُ لَهُ عَدَدَ آثَارِهَا وَأَرْوَاثِهَا حَسَنَاتٍ، وَلاَ مَرَّ بِهَا صَاحِبُهَا عَلَى نَهْرٍ، فَشَرِبَتْ مِنْهُ وَلاَ يُرِيدُ أَنْ يَسْقِيَهَا، إِلاَّ كَتَبَ اللَّهُ لَهُ، عَدَدَ مَا شَرِبَتْ حَسَنَاتٍ».[1]

واتە: ئەسپ دەبێتە سێ بەش: بۆ پیاوێك هۆكارە بۆ ئەوەی توشی تاوان وگوناه ببێت، وە بۆ پیاوێك دەبێتە داپۆشەر وپاریزەر كە پێویستی بە كەس نەبێت وداوا لە كەس نەكات، وە بۆ پیاوێك دەبێتە مایەی بەدەستهێنانی پاداشت.

---

(١) متفق عليه: البخاري (٢٨٦٠)، ومسلم (٢٢٥٢) واللفظ له.

ئەو پیاوەی کە ئەسپەکە دەبێتە هۆکارێك بۆ توشبوون بە تاوان: پیاوێك ئەسپەکەی بەستاوەتەوە بۆ ڕوپامایی (ریاء) تا خەڵك ببینێت وخۆی پێ هەڵدەکێشێت ولاف لەسەر خەڵکی پێ لێدەدات یانیش ئەسپەکەی بەستاوەتەوە بۆ ئەوەی دژایەتی ئەهلی ئیسلامی پێ بکات. ئەمە بوەتە هۆکارێك بۆ تاوانبار بوونی.

وە ئەو پیاوەی کە ئەسپەکەی داپۆشەر وپارێزەرە بۆی لەوەی داوا لە خەڵك نەکات وپێویستی بە کەس نەبێت: کەسێك ئەسپەکەی لە پێناو خوای گەورەدا بەستابێتەوە وکاری خۆی پێ دەکات وپاراستویەتی لەوەی داوا لە خەڵك بکات، پاشان حەقی خوای گەورەی لە بیرنەکردووە کە لە ئەستۆی دایە لەوەی لەکاتی جیهاددا جیهادی پێ بکات یان لە پێناو خوای گەورە باری لێ بار بکات یان خێر وصەدەقەی پێ بکات، ئەمە بووەتە پەردەیەك لە نێوان خاوەنەکەی وهەژاری، خاوەنەکەی لە هەژاری بە دوور گرتووە.

وە بۆ ئەو پیاوە کە پاداشتی تەواوی پێ دەستدەکەوێت: پیاوێك ئەسپەکەی بەستابێتەوە تەنها لە پێناو خوای گەورە بۆ ئەوەی موسڵمانان لە کاتی جیهاددا سوودی لێ ببینن وبەکاری بهێنن، ئەسپەکانی لە لەوەرگایەکی فراوانی پڕ گژوگیا وشوێنێك کە ئاوی لێ کۆبوبێتەوە ودەوروبەری ئاوەکە پڕ بێت لە هەرێز وڕووەك، ئەو ئەسپە هەر گژوگیایەك لەو لەوەرگایە فراوانە بخوات، یان هەرشتێك لەو زەویە بە ئاو وڕووەکە بخوات ئیللا بە ئەندازەی ئەوەندەی خواردویەتی چاکەی بۆ دەنوسرێت، وە بە ئەندازەی ئەوەندەی تەرەس ومیزی کردووە چاکەی بۆ دەنوسرێت، وە بە دووری ئەو کندڕەی کە ئەسپەکەی پێ بەستراوەتەوە جارێك یا دووجار بخولێتەوە (چەندە بڕوات

ودوور بکەوێتەوە یان چەندە بخولێتەوە وبمێنێتەوە) ئیللا بە ئەندازەی هەنگاوەکانی وتەرەسی چاکەی بۆ دەنوسرێت، وە خاوەنەکەی بەلای هەر ڕوبارێکیدا ببات وئاوی لێ

بخواتەوە ومەبەستی ئاودانی نەبێت ئیللا بە ئەندازەی خواردنەوەی چاکە بۆ خاوەنەکەی دەنوسرێت.

١١١/ وە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ دەفەرموویت: «الْخَيْلُ ثَلَاثَةٌ: فَرَسٌ يَرْبُطُهُ الرَّجُلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَعَالَى، فَثَمَنُهُ أَجْرٌ، وَرُكُوبُهُ أَجْرٌ، وَعَارِيَتُهُ أَجْرٌ، وَعَلَفُهُ أَجْرٌ، وَفَرَسٌ يُغَالِقُ عَلَيْهَا الرَّجُلُ وَيُرَاهِنُ، فَثَمَنُهُ وِزْرٌ، وَعَلَفُهُ وِزْرٌ، وَرُكُوبُهُ وِزْرٌ، وَفَرَسٌ لِلْبِطْنَةِ، فَعَسَى أَنْ يَكُونَ سَدَّادًا مِنْ الْفَقْرِ إِنْ شَاءَ اللَّهُ تَعَالَى».[1]

واتە: ئەسپ دەبێتە سێ بەش: ئەسپێك پیاوێك بەستای بێتەوە لە پێناو خوای گەورە، نرخەکەی پاداشتە بۆی، سواربوونی پاداشتە، پێدانی بە ئەمانەت بە کەسێك پاداشتە، ئالیك پێدانی پاداشتە.

وە ئەسپێك پیاوێك پێشبڕکێی پێدەکات وگرەوی لەسەر دەکات، نرخەکەی تاوانە، ئالیك پێدانی تاوانە، سواربونی تاوانە.

وە ئەسپێك دابەسترێت وئالیکی پێ بدرێت مەبەست پێی کە بۆ سواربوون وکاروباری ڕۆژانە بەکاربێت، ڕەنگە ببێتە ڕێگر لە هەژاربوون إِنْ شَاءَ اللَّهُ تَعَالَى.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٣٢٣٠)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٢٤٣).

جۆرەکانی خەون

١١٢/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «الرُّؤْيَا ثَلَاثٌ، فَالْبُشْرَى مِنَ اللَّهِ، وَحَدِيثُ النَّفْسِ، وَتَخْوِيفٌ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا رَأَى أَحَدُكُمْ رُؤْيَا تُعْجِبُهُ فَلْيَقُصَّهَا لِمَنْ شَاءَ، وَإِذَا رَأَى شَيْئًا يَكْرَهُهُ فَلَا يَقُصَّهُ عَلَى أَحَدٍ وَلْيَقُمْ يُصَلِّي».[١]

واتە: خەون سێ جۆرە: یان موژدەیەکە لەلایەن خوای گەورەیە، یان دالّغە وشتێکە مرۆڤ زۆر بیری لێ دەکاتەوە وخەونی پێ دەبینێت، یان ترساندنە لەلایەن شەیتانەوە، جا ئەگەر یەکێك لە ئێوە خەونێکی بینی وپێی خۆش وسەرسام بوو ئەگەر ویستی با باسی بکات ئەگەرنا باسی نەکات، وە ئەگەر خەونێکی بینی وپێی ناخۆش بوو با باسی نەکات وهەڵسێت نوێژ بکات.

١١٣/ لە عەوفی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «إِنَّ الرُّؤْيَا ثَلَاثٌ: مِنْهَا أَهَاوِيلُ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ بِهَا ابْنَ آدَمَ، وَمِنْهَا مَا يَهُمُّ بِهِ الرَّجُلُ فِي يَقَظَتِهِ، فَيَرَاهُ فِي مَنَامِهِ، وَمِنْهَا جُزْءٌ مِنْ سِتَّةٍ وَأَرْبَعِينَ جُزْءًا مِنَ النُّبُوَّةِ».[٢]

---

(١) أخرجه ابن أبي شيبة في المصنف (٣٠٥٠٨)، والإمام أحمد في مسنده (٩١٢٩)، وابن ماجة (٣٩٠٦)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (١٣٤١).

(٢) أخرجه ابن ماجة (٣٩٠٧)، والطبراني في الكبير (٦٣/١٨) (١١٨)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٣٩٠٧)، والصحيحة (١٨٧٠).

واتە: بێگومان خەون سێ جۆرە: هەیانە ترسێنەر وتۆقێنەرن ولە شەیتانەوەیە بۆ ئەوەی بەنی ئادەمی پێ خەفەتبار وغەمبار بکات، وە هەندێکی شتێکە کەسێك کە بە خەبەرە دەیەوێت کارێك ئەنجام بدات، لە خەوندا دەیبینێت کە ئەنجامی دەدا، وە هەندێکیشی بەشێکە لە چل وشەش بەشی پێغەمبەرایەتی.

ئەو منداڵانەی بە مەلۆتکەیی قسەیان کردووە

١١٤/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لَمْ يَتَكَلَّمْ فِي الْمَهْدِ إِلَّا ثَلَاثَةٌ: عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ، وَصَاحِبُ جُرَيْجٍ، وَكَانَ جُرَيْجٌ رَجُلاً عَابِداً، فَاتَّخَذَ صَوْمَعَةً، فَكَانَ فِيهَا، فَأَتَتْهُ أُمُّهُ، وَهُوَ يُصَلِّي، فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: يَا رَبِّ أُمِّي، وَصَلَاتِي، فَأَقْبَلَ عَلَى صَلَاتِهِ، فَانْصَرَفَتْ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ، وَهُوَ يُصَلِّي، فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: يَا رَبِّ أُمِّي، وَصَلَاتِي، فَأَقْبَلَ عَلَى صَلَاتِهِ، فَانْصَرَفَتْ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَتْهُ، وَهُوَ يُصَلِّي، فَقَالَتْ: يَا جُرَيْجُ، فَقَالَ: أي: رَبِّ أُمِّي، وَصَلَاتِي، فَأَقْبَلَ عَلَى صَلَاتِهِ، فَقَالَت: اللَّهُمَّ لَا تُمِتْهُ حَتَّى يَنْظُرَ إِلَى وُجُوهِ الْمُومِسَاتِ، فَتَذَاكَرَ بَنُو إِسرَ ائِيلَ جُرَيْجاً، وَعِبَادَتَهُ، وَكَانَتِ امْرَأَةٌ بَغِيٌّ، يُتَمَثَّلُ بِحُسْنِهَا، فَقَالَتْ: إِنْ شِئْتُمْ لأَفتِنَنَّهُ لَكُمْ، قَالَ: فَتَعَرَّضَتْ لَهُ، فَلَمْ يَلْتَفِتْ إِلَيْهَا، فَأَتَتْ رَاعِياً كَانَ يَأْوِي إِلَى صَوْمَعَتِهِ، فَأَمْكَنَتْهُ مِنْ نَفْسِهَا، فَوَقَعَ عَلَيْهَا، فَحَمَلَتْ، فَلَمَّا وَلَدَتْ، قَالَتْ: هُوَ مِنْ جُرَيْجٍ، فَأَتَوْهُ، فَاسْتَنْزَلُوهُ، وَهَدَمُوا صَوْمَعَتَهُ، وَجَعَلُوا يَضْرِبُونَهُ، فَقَالَ: مَا شَأْنُكُمْ؟ قَالُوا: زَنَيْتَ بِهَذِهِ الْبَغِيِّ، فَوَلَدَتْ مِنْكَ، فَقَالَ: أَيْنَ الصَّبِيُّ؟ فَجَاؤُوا بِهِ، فَقَالَ: دَعُونِي حَتَّى أُصَلِّيَ، فَصَلَّى، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَتَى الصَّبِيَّ، فَطَعَنَ فِي بَطْنِهِ، وَقَالَ: يَا غُلَامُ مَنْ أَبُوكَ؟ قَالَ: فُلَانٌ الرَّاعِي، قَالَ: فَأَقْبَلُوا عَلَى جُرَيْجٍ يُقَبِّلُونَهُ، وَيَتَمَسَّحُونَ بِهِ، وَقَالُوا: نَبْنِي لَكَ صَوْمَعَتَكَ مِنْ

ذَهَبٍ، قَالَ: لَا، أَعِيدُوهَا مِنْ طِينٍ، كَمَا كَانَتْ، فَفَعَلُوا. وَبَيْنَا صَبِيٌّ يَرْضَعُ مِنْ أُمِّهِ، فَمَرَّ رَجُلٌ رَاكِبٌ عَلَى دَابَّةٍ فَارِهَةٍ، وَشَارَةٍ حَسَنَةٍ، فَقَالَتْ أُمُّهُ: اللَّهُمَّ اجْعَلِ ابْنِي مِثْلَ هَذَا، فَتَرَكَ الثَّدْيَ، وَأَقْبَلَ إِلَيْهِ، فَنَظَرَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى ثَدْيِهِ، فَجَعَلَ يَرْتَضِعُ»، قَالَ: فَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَهُوَ يَحْكِي ارْتِضَاعَهُ بِإِصْبَعِهِ السَّبَّابَةِ فِي فَمِهِ، فَجَعَلَ يَمُصُّهَا. قَالَ: «وَمَرُّوا بِجَارِيَةٍ، وَهُمْ يَضْرِبُونَهَا، وَيَقُولُونَ: زَنَيْتِ، سَرَقْتِ، وَهِيَ تَقُولُ: حَسْبِيَ اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، فَقَالَتْ أُمُّهُ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلِ ابْنِي مِثْلَهَا، فَتَرَكَ الرَّضَاعَ، وَنَظَرَ إِلَيْهَا، فَقَالَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِثْلَهَا، فَهُنَاكَ تَرَاجَعَا الْحَدِيثَ، فَقَالَتْ: حَلْقَى مَرَّ رَجُلٌ حَسَنُ الْهَيْئَةِ، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ اجْعَلِ ابْنِي مِثْلَهُ، فَقُلْتَ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ، وَمَرُّوا بِهَذِهِ الأَمَةِ، وَهُمْ يَضْرِبُونَهَا، وَيَقُولُونَ: زَنَيْتِ، سَرَقْتِ، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلِ ابْنِي مِثْلَهَا، فَقُلْتَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِثْلَهَا، قَالَ: إِنَّ ذَاكَ الرَّجُلَ كَانَ جَبَّاراً، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ لَا تَجْعَلْنِي مِثْلَهُ، وَإِنَّ هَذِهِ يَقُولُونَ لَهَا: زَنَيْتِ، وَلَمْ تَزْنِ، وَسَرَقْتِ، وَلَمْ تَسْرِقْ، فَقُلْتُ: اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِثْلَهَا».[1]

واتە: هیچ منداڵێك لەناو بێشكەدا (بە مەلۆتكەیی) قسەی نەكردووە تەنها ئەم سیانە نەبن: عیسای كوڕی مەریەم عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ، جوڕەیجی خواپەرست، جوڕەیج پیاوێكی خواپەرست بوو، دێرێكی دروست كردبوو تێیدا خواپەرستی دەكرد، ژۆژێكیان لە نوێژدابوو دایكی هاتە لای وبانگی كرد: ئەی جوڕەیج.

(١) متفق عليه: البخاري (٣٤٣٦)، ومسلم (٦٦٠١) واللفظ له.

جـوڕەیج وتـی: خوایـەگیان دایکـم یـان نوێژەکـەم؟ وەڵامـی دایکـی نەدایـەوە وبەردەوام بوو لە نوێژەکەی، دایکی ڕۆیشت، بـۆ ڕۆژی دواتـر هاتـەوە وبـانگی کرد وجوڕەیج لە نوێژدابوو، جوڕەیج وتی: خوایـەگیان دایکـم یـان نوێژەکـەم؟ وەڵامی دایکی نەدایەوە وبەردەوام بوو لە نوێژەکەی، دایکی ڕۆیشت، بـۆ ڕۆژی دواتر هاتەوە وبانگی کرد وجوڕەیج لـە نوێـژدابوو، جـوڕەیج وتـی: خوایـەگیان دایکم یان نوێژەکەم؟ وەڵامی دایکی نەدایـەوە وبـەردەوام بـوو لـە نوێژەکـەی. دایکـی وتـی: خودایـە مەیمرێنـە تـاوەکو ڕوخسـاری داوێـن پیسـانی نیشـان دەدەیـت، خـەڵکی لـەناو بـەنی ئیسـرائیل زۆر باسـی جوڕەیجیـان دەکـرد وعیبادەتەکەیان دەکرد، ئافرەتێکی داوێن پیس هەبوو کە لە جوانیـدا نمونـەی پێـدەهێنراوە، وتـی: ئەگـەر دەتانـەوێت توشـی فیتنـەی دەکـەم، پاشـان ئافرەتەکە چووە لای، بەڵام جوڕەیج ئـاوڕی لـێ نەدایـەوە، پاشـان ئافرەتەکـە چووە لای شوانێك کە لە دەوروبـەری دێرەکـەی جـوڕەیج بـوو، خۆیـدا دەسـت شوانەکە وزینـای لەگـەڵ کـرد وسـکپڕبوو، کاتێـك منداڵەکـەی بـوو، وتـی: ئـەو منداڵـە لـە جوڕەیجـە، خەڵکەکـە بـۆ جـوڕەیج چـووین ولـە دێرەکـە هێنایانـە خوارەوە ودێرەکەیان تێکدا ولێیان دەدا، جوڕەیج وتی: بۆ وادەکـەن؟ وتیـان: تـۆ زینـات لەگـەڵ ئـەو ئافرەتـە داوێـن پیسـە کـردوە ومنـداڵێکت لێـی هەیـە، جوڕەیج وتی: منداڵەکە لە کوێیە؟ منداڵەکـەیان بـۆ هێنـا، جـوڕەیج وتـی: لـێم گەڕێن تا نوێژ بکەم، نوێژی کرد، پاشان ڕووی کردە منداڵەکـە ودەسـتێکی بـە سکی منداڵەکە هێناو پێی وت: کێ باوکتە؟ منداڵەکە بە قسە هات ووتی: فـلاّن شوان باوکمە. خەڵکەکە ڕوویان کردە جوڕەیج وماچیان دەکرد ودەستیان پێی

دادەهێنا، وتیان: دێرێکت بۆ دروست دەکەین لە زێڕ، جوڕەیج وتی: نەخێر، وەکو خۆی لە قوڕ دروستی بکەنەوە وبۆیان دروست کردەوە.

وە ئەو منداڵەی کە دایکی شیری پێدەدا، پۆژێکیان پیاوێك بە سوارێکی زۆر جوان بە لایاندا تێپەڕی، سیما وپۆشاکی جوان وکەشخە بوو، دایکی وتی: خوایە کوڕەکەم وەکو ئەو پیاوە لێ بکەیت، منداڵەکە مەمکی دایکی بەردا وڕووی کردە پیاوەکە وسەیرێکی کرد ووتی: خوایە وەکو ئەو پیاوەم لێ نەکەیت، پاشان ڕووی کردە مەمکی دایکی ودەستی کردەوە بە مژینی مەمکی دایکی.

ئەبو هورەیرە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: ئێستا وەکو ئەوە وایە کەوا سەیری پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەکەم کاتێك ئەوەی دەگێڕایەوە کە منداڵەکە چۆن مەمکی دایکی مژی پەنجەی شایەتومانی خستە ناو دەمی ودەیمژی.

دوای ئەوە ئافرەتێکی کۆیلە بەلایاندا تێپەڕی وخەڵکی لێیان دەدا ودەیان وت: زینات کرد ودزیت کرد، ئافرەتەکەش دەی وت: حَسْبِيَ اللهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ. واتە: خوای گەورەم بەسە وبێگومان باشترین یاریدەدەرە کە کارەکانی خۆمی پێ بسپێرم.

دایکی وتی: خوایە منداڵەکەم وەکو ئەو ئافرەتە لێ نەکەیت. منداڵەکە مەمکی بەردا وسەیرێکی ئافرەتەکەی کرد ووتی: خوایە وەکو ئەو کۆیلەیەم لێ بکەیت.

لێرەدا دایکەکە ڕووی کردە منداڵەکە ووتی: حَلْقَى. واتە: ئەی خوای گەورە توشی ئازارت بکا. (ئەم قسەیە کە بەکاردەهێنرێت لە دوعا دەچێت بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست پێی دوعاکردن نیە).

پاشان دایکەکە بە منداڵەکەی وت: پیاوێکی جوان وڕێك تێپەڕی، وتم: خوایە کوڕەکەم وەك ئەو پیاوە لێ بکەیت، وتت: خوایە وەکو ئەو پیاوەم لێ نەکەیت، دواتر ئەو کۆیلەیە بەلاماندا تێپەڕی وخەڵکی لێیان دەدا ودەیان وت: زینات کرد ودزیت کرد، وتم: خوایە منداڵەکەم وەکو ئەم کۆیلەیە لێ نەکەیت، وتت: خوایە وەکو ئەو کۆیلەیەم لێ بکەیت.

منداڵەکە وتی: ئەو پیاوە کەسێکی زۆردار وستەمکاربوو، بۆیە وتم: خوایە وەکو ئەو پیاوەم لێ نەکەیت، وە ئەوەی خەڵك بەو کۆیلەیان دەوت: زینات کرد، زیناشی نەکردووە، دەیان وت: دزیت کرد، دزیشی نەکردووە، بۆیە وتم: خوایە وەکو ئەوەم لێ بکەیت.

سێ شت ڕەت ناکرێتەوە ئەگەر بۆتیان هێنا

١١٥/ لە ئیبن عومەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثٌ لاَ تُرَدُّ: الوَسَائِدُ، وَالدُّهْنُ، وَاللَّبَنُ».[1]

واتە: سێ شت ئەگەر بۆتیان هێنا ڕەت ناکرێتەوە: سەرین (بالیف)، وبۆن، شیر.

زۆرێك لە خەڵکی کە دەچنە میوانی کاتێك بالیفیان بۆ دەهێنرێت ڕەتی دەکەنەوە ودەڵێن: پێویست ناکات!، بەڵام لە سوننەتی پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کە قبوڵی بکات وڕەتی نەکاتەوە.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الترمذي (٢٧٩٠) وقال: هَذَا حَدِيثٌ غَرِيبٌ. وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (٢٧٩٠)، والصحيحة (٦١٩).

ئەو شتانەی پێش مردن لێی بەری بیت دەچیتە بەهەشتەوە

١١٦/ لە ثەوبانەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «مَنْ فَارَقَ الرُّوحُ الْجَسَدَ وَهُوَ بَرِيءٌ مِنْ ثَلَاثٍ دَخَلَ الْجَنَّةَ: الْكِبْرِ وَالدَّيْنِ وَالْغُلُولِ».[١]

واتە: هەرکەسێك ڕوحی لە جەستەی جیابێتەوە ولەم سێ شتە بەری بێت دەچێتە بەهەشتەوە (واتە: ئەم سێ کارەی ئەنجام نەدابێت، ئەگەر ئەنجامیشی دابێت تەوبەی لێ کردبێت): خۆبەگەورەزانین وقەرزداری ودزینی دەستەکەوتەکان لە جیهاد (غەنیمەت).

وفي لفظ: «مَنْ مَاتَ وَهُوَ بَرِيءٌ مِنْ ثَلَاثٍ: الْكِبْرِ، وَالْغُلُولِ، وَالدَّيْنِ دَخَلَ الْجَنَّةَ».[٢] وفي لفظ آخر: «مَنْ جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بَرِيئًا مِنْ ثَلَاثٍ دَخَلَ الْجَنَّةَ: الْكِبْرِ وَالْغُلُولِ وَالدَّيْنِ».[٣]

واتە: هەرکەسێك بمرێت وبەری بێت لەم سێ شتە دەچیتە بەهەشتەوە:

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٢٣٦٩)، وابن ماجة (٢٤١٢)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٧٨٥)، وصحيح الترغيب والترهيب (١٧٩٨).

(٢) والترمذي (١٥٧٢)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن الترمذي (١٥٧٢).

(٣) أخرجه ابن حبان في صحيحه (١٩٨)، وصححه الإمام الألباني في التعليقات الحسان (١٩٨).

خۆبەگەورەزانین وقەرزداری ودزینی دەستەکەوتەکان لە جیهاد (غەنیمەت). لە لەفزێکی تردا هاتووە: هەرکەسێك پۆژی قیامەت بێت وبەری بێت لەم سێ شتە دەچێتە بەهەشت...

ئیمامی ابن باز رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: "الغلول: واتە بردنی دەستەکەوتەکانی جیهادی (غەنیمەت) پێش دابەش کردنی بەڕێگایەکی شاراوە ونهێنی، بەهەمان شێوە بردنی مالّی ئەمانەت بۆ نمونە ئەوەی کرابێتە وەکیل لەسەر (بیت المال)، یان کرابێتە وەکیل لەسەر دابەشکردنی ئەمانەتی یەتیمەکان ویان هەر جۆرێك لەم جۆرانە، بردنی مالّ لێیان بە ناحەق پێی دەوترێت (غلول)، بێگومان ئەم تاوانە هەڕەشەی تونْدی لەسەرە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ ﴾ [آل عمران: ١٦١]. واتە: هەرکەسێك لە دەستکەوتی جیهادی بردبێت (غەنیمەت) ئەوا لە پۆژی قیامەت ئەوەی کە بردویەتی دەهێنرێت وپێی سزا دەدرێت.

کەواتە دزینی دەستکەوتی جیهاد (غەنیمەت) لە حەرامکراوەکانە وە لە تاوانە گەورەکانە وپێویستە ئاگادارین". (١)

شێخ ئیبن عوثەیمین رَحِمَهُ ٱللَّهُ دەفەرموێت: "ئەو کەسەی کە شتێکی کافرەکانی دەستکەوتوە لە جیهاددا ودەیشارێتەوە بۆ ئەوەی ببێتە هی خۆی، ئەمەش لە تاوانە گەورەکانە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ ﴾ [آل عمران: ١٦١]. واتە: هەرکەسێك لە

---

(١) فتاوى نور على الدرب (١/١٤٢٧).

دەستکەوتی جیهادی بردبێت (غەنیمەت) ئەوا لە پۆژی قیامەت ئەوەی کە بردویەتی دەهێنرێت وپێی سزا دەدرێت. لە قیامەتدا پێی سزا دەدرێت ولە دونیاشدا لۆمە وسەرزەنشتی لەسەرە ...، نمونەی کەسێك لە جیهاددا شتێکی دەستکەوتووە ودەیشارێتەوە تا بۆ خۆی ببات، بێگومان ئەوە تاوانێکی گەورەی کردووە وپەنا بەخوا یەکێك لە تاوانە گەورەکانی ئەنجامداوە، لەوانەیە لە قیامەتدا ئەوەی کە بردویەتی لەسەر ملی هەڵی گرتبێت وەك ئابڕوچوونێك وشورەیی وئاشکرابوون.

وە لەبەر ئەوەی باسەکە زۆر گەورەیە وپەیوەندی بە موسڵمانانەوە هەیە، بۆیە پێغەمبەری خوا نوێژی لەسەر کەسێك نەکردووە کە دەستکەوتی جیهاددی (غەنیمەت) بردبێت، وە بۆ ئەوەی ببێتە پەندێك بۆ ئەوانەی دوای ئەو، بەڵام نوێژی مردوو لەسەر موسڵمانان لاناچێت وپێویستە نوێژی لەسەر بکەن". (١)

❁ ❁ ❁

(١) تفسير ابن عثيمين (٣/٤٩٦).

ئەو شتانەی شوێن مردوو دەکەون

١١٧/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «يَتْبَعُ الْمَيِّتَ ثَلَاثَةٌ، فَيَرْجِعُ اثْنَانِ وَيَبْقَى وَاحِدٌ، يَتْبَعُهُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ، فَيَرْجِعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَيَبْقَى عَمَلُهُ».[1]

واتە: سێ شت دوای مردوو دەکەوێت، دووانیان دەگەڕێنەوە ویەکیان دەمێنێتەوە لەگەڵی، کەس وکار ومالّ وسامان وکردەوەکانی شوێنی دەکەون، کەس وکار ومالّ وسامانەکەی دەگەڕێنەوە وکردەوەکانی لەگەڵی دەمێننەوە.

❁ ❁ ❁

(١) متفق عليه: البخاري (٦٥١٤)، ومسلم (٧٥٣٤).

کردەوەی چاك دڵسۆزترین و بەوەفاترین هاوڕێیە

١١٨/ لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «مَا مِنْ عَبْدٍ وَلا أَمَةٍ إلا وَلَهُ ثَلاثَةُ أَخِلاَّءَ؛ فَخَلِيلٌ يَقُولُ: أَنَا مَعَكَ، فَخُذْ مَا شِئْتَ وَدَعْ مَا شِئْتَ؛ فَذَلِكَ مَالُهُ. وَخَلِيلٌ يَقُولُ: أَنَا مَعَكَ، فَإِذَا أتيْتَ بَابَ الْمَلِكِ تَرَكْتُكَ؛ فَذَلِكَ خَدمُهُ وَأَهْلُهُ. وَخَلِيلٌ يَقُولُ: أَنَا مَعَكَ حَيْثُ دَخَلْتَ وَحَيْثُ خَرَجْتَ؛ فَذلِكَ عَمَلُهُ».(١)

واتە: هیچ بەندەیەکی نێر ومێ نییە ئیللا سێ هاوڕێی هەیە: هاوڕێیەك دەڵێت: من لەگەڵتم ئەوەی دەتەوێت بیبە وئەوەی ناتەوێت وازی لێ بێنە، ئەوە ماڵەکەیەتی.

وە هاوڕێیەك دەڵێت: من لەگەڵتم تا ئەو کاتەی دەگەیتە سەرەمەرگ ووازت لێ دەهێنم، ئەوە خزمەتکار وخێزان وخزمەکانیەتی.

وە هاوڕێیەك دەڵێت: من لەگەڵتم لە هەر کوێیەك بچیتەوە ژوورەوە وبێیتە دەرەوە، ئەوە کردەوەکانیەتی.

١١٩/ لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «مَثَلُ الرَّجُلِ وَمَثَلُ الْمَوْتِ؛ كَمَثَلِ رَجُلٍ لَهُ ثَلاثَةُ

---

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (٢١/١١٩) (١٤٢)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٢٣١)، وانظر الصحيحة (٢٤٨١).

أَخِلَّاءَ؛ فَقَالَ أَحَدُهُم: هَذَا مَالِي؛ مِنْهُ مَا شِئْتَ، وَأَعْطِ مَا شِئْتَ، وَدَعْ مَا شِئْتَ. وَقَالَ الآخَرُ: أَنَا مَعَكَ أَخْدِمُكَ؛ فَإِذَا مِتَّ تَرَكْتُكَ. وَقَالَ الآخَرُ: أَنَا مَعَكَ؛ أَدْخُلُ مَعَكَ، وَأَخْرُجُ مَعَكَ، إِنْ مِتَّ وَإِنْ حَيِيْتَ، فَأَمَّا الَّذِي قَالَ: هَذَا مَالِي فَخُذْ مِنْهُ مَا شِئْتَ وَدَعْ مَا شِئْتَ فَهُوَ مَالُهُ، وَالآخَرُ: عَشِيرَتُهُ، وَالآخَرُ: عَمَلُهُ، يَدْخُلُ مَعَهُ وَيَخْرُجُ مَعَهُ حَيْثُ كانَ». (١)

واتە: نمونەی پیاوێك ومردن وەکو نمونەی پیاوێك وایە کە سێ هاورێی هەبێت، یەکێکیان دەڵێت: ئەوە مالّی من ئەوەی دەتەوێت ببەە وە ئەوەی دەتەوێت ببەخشە یان وازی لێ بێنە.

ئەوەی تریان دەڵێت: من لەگەڵتم وخزمەتت دەکەم ئەگەر مردیت وازت لێ دەهێنم.

ئەوەی تریان دەڵێت: من لەگەڵتم، لەگەڵت دێمە ژوورەوە ودەچمە دەرەوە، ئەگەر بمریت یان بژیت هەر لەگەڵتم.

ئەوەی وتی: ئەوە مالّی من ئەوەی دەتەوێت ببە ویان وازی لێ بێنە ئەوە مالّ وسامانەکەیەتی، ئەوەی تریان: عەشیرەت وکەس وکاریەتی، ئەوەی تریان: کردەوەکانیەتی، لە هەر کوێیەك بێت لەگەڵی دەچێتە ژوورەوە ودێتە دەرەوە.

١٢٠/ **لە ئەبو هورەیرەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **لە پێغەمبەری خواوە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموێت:** «مَثَلُ ابْنِ آدَمَ وَمَالِهِ، وَأَهْلِهِ، وَعَمَلِهِ، كَرَجُلٍ لَهُ ثَلَاثَةُ إِخْوَةٍ، أَوْ

---

(١) أخرجه الطبراني في الأوسط (٧٣٩٦)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٢٣١)، وانظر الصحيحة (٢٤٨١).

ثَلَاثَةُ أَصْحَابٍ: فَقَالَ أَحَدُهُمْ: أَنَا مَعَكَ حَيَاتَكَ، فَإِذَا مِتَّ فَلَسْتُ مِنْكَ، وَلَسْتَ مِنِّي؛ فَهُو مَالُهُ، وَقَالَ الْآخَرُ: أَنَا مَعَكَ، فَإِذَا بَلَغْتَ تِلْكَ الشَّجَرَةَ فَلَسْتُ مِنْكَ، وَلَسْتَ مِنِّي، وَقَالَ الْآخَرُ: أَنَا مَعَكَ حَيًّا وَمَيِّتًا».[١]

واتە: نمونەی نەوەی ئادەم ومالّەکەی وخێزانەکەی وکردەوەکانی وەکو پیاوێك وایە کە سێ بـرای هـەبێت یـان سـێ هـاوڕێی هـەبێت، یـەکێکیان دەڵێـت: مـن لەگەڵت دام هەتا بژیت ولە ژیاندابێت ئەگەر مردیت تۆ لە من نیت ومـن لـە تـۆ نیم، ئـەوە مـاڵ وسـامانەکەیەتی. ئـەوەی تریـان دەڵێـت: مـن لەگـەڵتم ئەگـەر گەیشتیت بەو دارە ئەوا تۆ لە من نیت ومن لە تۆ نـیم، ئـەوەی تریـان دەڵێـت: من لەگەڵتم بە زیندوویی ومردوویی.

١٢١/ **لە ئەنەسی کـوڕی مالیکـەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفـەرموێت: پێغەمبـەری خـوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفــەرموێت:** «الْأَخِلَّاءُ ثَلَاثَةٌ: فَإِمَّا خَلِيلٌ فَيَقُولُ لَكَ: مَا أَعْطَيْتَ، وَمَا أَمْسَكْتَ فَلَيْسَ لَكَ فَذَلِكَ مَالُكَ، وَإِمَّا خَلِيلٌ فَيَقُولُ: أَنَا مَعَكَ حَتَّى تَأْتِيَ بَابَ الْمَلِكِ، ثُمَّ أَرْجِعُ وَأَتْرُكُكَ، فَذَلِكَ أَهْلُكَ وَعَشِيرَتُكَ يُشَيِّعُونَكَ حَتَّى تَأْتِيَ قَبْرَكَ، ثُمَّ يَرْجِعُونَ فَيَتْرُكُونَكَ، وَإِمَّا خَلِيلٌ فَيَقُولُ: أَنَا مَعَكَ حَيْثُ دَخَلْتَ وَحَيْثُ خَرَجْتَ فَذَلِكَ عَمَلُكَ فَيَقُولُ: وَاللَّهِ لَقَدْ كُنْتَ مِنْ أَهْوَنِ الثَّلَاثَةِ عَلَيَّ».[٢]

---

(١) أخرجه البزار في مسنده (٨٣٥٦)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٢٣٢)، وانظر الصحيحة (٢٤٨١).

(٢) أخرجه الحاكم في المستدرك (٢٤٨)، وقال: صَحِيحٌ عَلَى شَرْطِ الشَّيْخَيْنِ. ووافقه الذهبي. وصححه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٩١٩).

واتە: هاوڕێیێ سێ جۆرە: هاوڕێیەکیان پێت دەڵێت: ئەوەی دەیبخەشێت وئەوەی هەڵیدەگریت ونایبەخشیت هی تۆ نییە ئەوە ماڵەکەتە، یان هاوڕێیەك دەڵێت: من لەگەڵتم تا ئەوکاتەی دەگەیتە سەرەمەرگ ودەمریت، پاشان دەگەڕێمەوە ووازت لێ دەهێنم، ئەوە خێزان ومندااڵ وعەشیرەتەکەتەو شوێنت دەکەون تا ئەوکاتەی دەگەیتە ناو گۆڕەکەت. یان هاوڕێیەك دەڵێت: من لەگەڵتم لە هەر کوێ بچیتە ژوورەوە وبێیتە دەرەوە، ئەوە کردەوەکانتە وبەندە دەڵێت: سوێند بەخوای گەورە لەو سێیانە تۆ لە هەموویان بێ نرختر بوویت لەلام وگرنگیم پێت نەدا.

ئەو کردەوانەی دوای مردنیش پاداشت بۆ خاوەنەکەی دەچێت

١٢٢/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلاَّ مِنْ ثَلاَثَةٍ: إِلاَّ مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ».[١]

واتە: ئەگەر مرۆڤ مرد ئەوا پاداشتی هەموو کردەوەکانی دەوەستێت تەنها سێ کردەوە نەبێت: خێر وصەدەقەیەکی بەردەوام، یان زانستێك کە سودی لێ ببینرێت، یان منداڵێکی چاك کە دوعای خێری بۆ بکات.

١٢٣/ لە ئەبو قەتادەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «خَيْرُ مَا يُخَلِّفُ الرَّجُلُ مِنْ بَعْدِهِ ثَلَاثٌ: وَلَدٌ صَالِحٌ يَدْعُو لَهُ، وَصَدَقَةٌ تَجْرِي يَبْلُغُهُ أَجْرُهَا، وَعِلْمٌ يُعْمَلُ بِهِ مِنْ بَعْدِهِ».[٢]

واتە: باشترین شت کە مرۆڤ لە پاش مردنی خۆی جێی بهێڵێت سێ شتە: منداڵێکی چاك کە دوعای خێری بۆ بکات، خێر وصەدەقەیەك کە بەبەردەوامی پاداشتەکەی بۆ بگەڕێتەوە، زانستێك کە ئەوانەی لە پاش ئەو دێن کاری پێ بکەن.

---

(١) أخرجه مسلم (٤٢٣٢).

(٢) أخرجه ابن ماجة (٢٤١)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (٢٤١).

سێ بابەت کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ

١٢٤/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رضي الله عنه، دەفەرموێت: بَلَغَ عَبْدَ اللَّهِ بنَ سَلَامٍ مَقْدَمُ رَسولِ اللَّه ﷺ المَدِينَةَ فأتَاهُ، فَقالَ: إنِّي سَائِلُكَ عن ثَلَاثٍ لا يَعْلَمُهُنَّ إلَّا نَبِيٌّ قالَ: ما أوَّلُ أشْرَاطِ السَّاعَةِ؟ وما أوَّلُ طَعَامٍ يَأْكُلُهُ أهْلُ الجَنَّةِ؟ ومِنْ أيِّ شيءٍ يَنْزِعُ الوَلَدُ إلى أبِيهِ؟ ومِنْ أيِّ شيءٍ يَنْزِعُ إلى أخْوَالِهِ؟ فَقالَ رَسولُ اللَّهِ ﷺ: «خَبَّرَنِي بهِنَّ آنِفًا جِبْرِيلُ». قالَ: فَقالَ عبدُ اللَّهِ: ذَاكَ عَدُوُّ اليَهُودِ مِنَ المَلَائِكَةِ، فَقالَ رَسولُ اللَّهِ ﷺ: «أمَّا أوَّلُ أشْرَاطِ السَّاعَةِ فَنَارٌ تَحْشُرُ النَّاسَ مِنَ المَشْرِقِ إلى المَغْرِبِ، وأمَّا أوَّلُ طَعَامٍ يَأْكُلُهُ أهْلُ الجَنَّةِ فَزِيَادَةُ كَبِدِ حُوتٍ، وأمَّا الشَّبَهُ في الوَلَدِ: فإنَّ الرَّجُلَ إذَا غَشِيَ المَرْأَةَ فَسَبَقَهَا مَاؤُهُ كانَ الشَّبَهُ له، وإذَا سَبَقَ مَاؤُهَا كانَ الشَّبَهُ لَهَا». قالَ: أشْهَدُ أنَّكَ رَسولُ اللَّهِ.[1]

واتە: عبدالله ی کوڕی سەلام رضي الله عنه هەوالّی گەیشتنی پێغەمبەری ﷺ بۆ مەدینە پێگەیشت و هاتە لای، فەرمووی: من پرسیارت لێ دەکەم دەربارەی سێ شت، کە هیچ کەسێك نایزانێت تەنها نێردراوی خودا

---

(١) أخرجه البخاري (٣٣٢٩).

نەبێت: یەکەمین نیشانەکانی هاتنی قیامەت چیە؟ وە یەکەمین خواردن کە بەهەشتیەکان دەیخۆن چیە؟ وە بە چ شتێك دەزانرێت کە منداڵ لە باوکی دەچێت؟ یان لە خاڵەکانی دەچێت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کەمێك پێش ئێستا جبریل پێی ڕاگەیاندم.

عبدالله کوڕی سەلام رضي الله عنه، وتی: ئەوە دوژمنی جولەکەکانە لەناو مەلائیکەتەکاندا.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: یەکەمین نیشانەکانی هاتنی قیامەت ئاگرێکە لە ڕۆژهەڵات خەڵکی بەرەو ڕۆژئاوا کۆدەکاتەوە، وە یەکەمین خواردنی بەهەشتیەکان کە دەیخۆن زیادەیەکە بە جگەری حوتەوە، وە سەبارەت بە لێکچوونی منداڵ، ئەگەر پیاو جیماع لەگەڵ خێزانی بکات و پێش ئەو ئاوی بێت ئەوا منداڵ لە باوکی دەکات، وە ئەگەر ئاوی ئافرەتەکە پێش پیاوەکە بێت ئەوا منداڵ لە دایکی دەکات.

عبدالله ی کوڕی سەلام رضي الله عنه وتی: بەڕاستی من شایەتی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوای.

مۆری ئەنگوستیلەکەی پێغەمبەری ﷺ لە سێ دێر پێکهاتبوو

/

١٢٥/ ئەنەسی کوڕی مالیک رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: «وَكَانَ نَقْشُ الْخَاتَمِ ثَلَاثَةَ أَسْطُرٍ: مُحَمَّدٌ سَطْرٌ، وَرَسُولُ سَطْرٌ، وَاللَّهِ سَطْرٌ».(١)

واتە: نەخشی ئەنگوستیلە و مۆری پێغەمبەری خوا ﷺ لە سێ دێر پێکهاتبوو: (مُحَمَّدٌ) لە دێرێک، (رَسُولُ) لە دێرێک، (اللَّهِ) لە دێرێک.

لەم فەرموودەیە بە ڕوونی دیارە کەوا ناوی (مُحَمَّدٌ) لەسەرەوە نوسراوە، پاشان (رَسُولُ)، لە دێری ژێرەوەش (اللَّهِ)، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کەوا گومان دەبەن کە پێچەوانە بێت، واتە: (اللَّهِ) لە دێری سەرەوە بێت و ناوی (مُحَمَّدٌ)یش لە خوارەوە بێت، وەک ئەوەی داعشەکان وایان نیشاندا کە مۆرکە بەمشێوەیە نوسراوە، بەڵام ئەمە ڕاست نیە، بەڵکو ئەمە ڕاستە کە لە فەرموودەکەدا هاتووە. -خوای گەورە لەناویان بەرێت-.

---

(١) أخرجه البخاري (٥٨٧٨).

هەرکەسێك لەم فیتنانە ڕزگاری ببێت
بێگومان ڕزگاری بووە

١٢٦/ لە عبدالله ی کوڕی حەوالەی ئەزدیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «مَنْ نَجَا مِنْ ثَلَاثٍ فَقَدْ نَجَا» ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، قَالُوا: مَاذَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: «مَوْتِي، وَالدَّجَّالِ، وَقَتْلِ خَلِيفَةٍ مُصْطَبِرٍ بِالْحَقِّ يُعْطِيهِ».(١)

واتە: هەرکەسێك لەم سێ فیتنەیە ڕزگاری ببێت، وەك ئەوە وایە کە لە هەموو فیتنەیەك ڕزگاری بووە. سێ جار ئەمەی وتەوە. فەرموویان: ئەو شتانە چین ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ؟ فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: مردنی من، هاتنی دەججال، وە کوشتنی خەلیفەیەکی ئارامگری لەسەر حەق، ئەو مافەی کە لەسەری بووە بە تەواوی پێی هەستاوە.

بێگومان ئەم فیتنانە لە گەورەترین وزەحمەتترین فیتنەکانن وکەمن ئەو کەسانەی کە لەم فیتنانە ڕزگاریان دەبێت وتوشی گومڕایی وبەهەلاکەت چوون نابن.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٢٤٨٨)، وابن أبي عاصم في السنة (١١٧٧)، والحاكم في المستدرك (٤٥٤٨)، وقال: صحيح الإسناد، ووافقه الذهبي، وصححه الإمام الألباني في ظلال الجنة (١١٧٧).

مردنی پێغەمبەری خوا ﷺ فیتنە وتاقیکردنەوە وموصیبەتێکی زۆر گەورە بوو، بەهۆیەوە کەسانێکی زۆر توشی فیتنە وگومڕایی بوون ولە دین هەڵگەڕانەوە، بەڵام خوای گەورە ئەباتی ئەبوبەکریدا رضی الله عنه وجیهادی هەڵگەڕاوەکانی کرد وئیسلام وموسڵمانانی سەرخست.

وە کوشتنی خەلیفەیەکی ئارامگری لەسەر حەق کە مەبەست پێی خەلیفەی سێیەم عوثمانی کوڕی عەففانە رضی الله عنه، وە ئەم فەرموودەیە مەنقەبە ومەدحە بۆ خەلیفە عوثمان رضی الله عنه، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: کوشتنی خەلیفەیەکی ئارامگری لەسەر لەسەر حەق، ئەو مافەی کە لەسەری بووە بە تەواوی پێی هەستاوە.

کوشتنی: ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە بە مردنی خۆی نامرێت، بەڵکو دەکوژرێت، کەسێکی لەسەر حەق وزوڵم لێکراوە وبە ناحەق کوژراوە، وە ئەوانەی دەیکوژن یان بەشداربوونە کەسانی زاڵم وتاوانبارن.

خەلیفەیەکی: ئاماژەیە بۆ دانپێدانانی خەلیفایەتی خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان رضی الله عنه، ڕەدێکە بۆ ئەوانەی کە دان بە خەلافەتی دانانێن وەك ڕافیزەکان.

ئارامگر: ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەو صەبر وئارامی لەسەر ئەو ناڕەحەتی ودژایەتیانە گرتووە کە بەرامبەری کراوە، ئارامی گرتووە وبە هیوا وئومێدی پاداشت وەرگرتن بووە لەبەرامبەر ئارام گرتن لەسەر ئەو ناڕەحەتی وئەزیەتدان وکوشتنەی.

لەسەر حەق: ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەو خەلیفەیە لەسەر حەق بووە وئەوانەی کوشتویانە لەسەر باتل وگومڕایی بوونە.

ئەو مافەی کە لەسەری بووە بە تەواوی پێی هەستاوە: ئاماژەیەکی پووتە لەسەر ئەوەی کە خەلیفە بەو حەق ومافانە هەستاوە کە وەکو خەلیفەیەک لەسەر شانی بووە لە دادپەروەری وبەڕێوەبردنی دەوڵەت وپێدانی مافی ژێردەستەکانی، وە ئاماژەیە بۆ پوچەڵی ئەو تۆمەتانەی کە دەخرێتە پاڵی لەوەی کەسێکی دادپەروەر نەبووبێت وبە ماف وکاری خەلیفایەتی هەڵنەستابێت ومالّ وسامانی بەیتو المالی بە ناحەق بردبێت...هتد، وەڵامێکە بۆ ڕافیزە گومڕاکان وخەواریجەکانی سەردەم لە ئیخوانیەکانی وەك سید قطب وهاوبیرەکانی کە طەعن وتانە لە خەلاقەتی عوثمانی کوڕی عەففان رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دەدەن، لە کاتێکدا پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: خەلیفەیەکی ئارامگر ولەسەر حەق بووە ومافی ژێردەستەکانی داوە، بەڵام ئەو گومڕایانە دەڵێن: نەخێر وانییە لەسەر حەق نەبووە ومافی ژێردەستەکانی نەداوە ودزی کردووە ومالّ وسامانی ژێردەستەکانی بردووە(!).

وە فیتنەی دەجال: کەسانێکی زۆر توشی فیتنەی دەبن وبڕوای پێدەهێنن وشوێنی دەکەون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەججال حەق دەشارێتەوە و بە باتل نیشانی خەڵکی دەدات، وە باتڵیش دەڕازێنێتەوە وبە حەق نیشانی خەڵکی دەدات.

لەبەر ترسناکی و گەورەیی فیتنەکە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: هەرکەسێك لەم سێ فیتنەیە ڕزگاری ببێت وەکو ئەوە وایە لە هەموو فیتنەکان ڕزگاری بووبێت.

وە کەوتنە ناو ئەم فیتنانە یان توشبوون بەم فیتانە تایبەت نییە بەو کەسانەی کە بەو فیتنانە گەیشتوون یان پێی دەگەن، بەڵکو فەرموودەکە

گشتیە وبۆ هەموو خەڵکیە، پێویستە موسڵمانان خۆیان بپارێزن وخۆیان نەخەنە ناو ئەم فیتنانە جا بەوەی پێی بگەن وتێی بکەون، یان بە عەقیدە وقسەکردن تێیدا بە باتل، بەڵکو پێویستە ئینسانی موسڵمان عەقیدە وزمان وکرداری سەلامەت بێت لەم فیتنانە، عەقیدەی وانەبێت کە بڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ نەمردووە ونامرێت ونەمرە.

وە تانە لە خەلیفە عوثمانی کوڕی عەففان رضي الله عنه بدەن، یان ڕەوایەتی وحەق بدەن بەو کەسانەی کە خەلیفە عوثمانیان کوشتووە ومەدحی ئەو کەسانە بکەن کە عوثمانیان کوشت.[1] واللَّه تعالى أعلم.

❁ ❁ ❁

(١) انظر: مجموع الفتاوى لشيخ الإسلام ابن تيمية (٣٠٣/٢٥)، وحاشية السندي على مسند الإمام أحمد (٥٢/١٠).

فەزڵی بەنو تەمیم

١٢٧/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: لاَ أَزَالُ أُحِبُّ بَنِي تَمِيمٍ، مِنْ ثَلاَثٍ سَمِعْتُهُنَّ مِنْ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُول: «هُمْ أَشَدُّ أُمَّتِي عَلَى الدَّجَّالِ». قَالَ: وَجَاءَتْ صَدَقَاتُهُمْ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «هَذِهِ صَدَقَاتُ قَوْمِنَا». قَالَ: وَكَانَتْ سَبِيَّةٌ مِنْهُمْ عِنْدَ عَائِشَةَ، فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «أَعْتِقِيهَا، فَإِنَّهَا مِنْ وَلَدِ إِسْمَاعِيلَ».(١)

واتە: بەردەوام بەنی تەمیم خۆشدەوێ؛ لەبەر سێ شت کە لە پێغەمبەری خودام صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە دەربارەیان: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: ئەوان بەهێزترینی ئوممەتەکەمن بەرامبەر دەججال.

وە کاتێك زەکاتەکانیان هێنا، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئەمە زەکاتی خزمەکانمانە.

وەفەرموی: کەنیزەکێك کەلەوان بوو لەلای عائیشە بوو رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ئازادی بکە؛ ئەوە لە نەوەی ئیسماعیلە عَلَيْهِ السَّلَامُ.

(١) متفق عليه: البخاري (٢٥٤٣) واللفظ له، ومسلم (٦٥٣٨ و ٦٥٣٩).

لە نیشانەکانی رۆژی قیامەت

١٢٨/ **لە ئەبو بەکرە نوفەیعی کوڕی حارثەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **لە پێغەمبەری خواوە** صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **دەفەرموویت:** «يَنْزِلُ نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي بِغَائِطٍ يُسَمُّونَهُ الْبَصْرَةَ، عِنْدَ نَهَرٍ يُقَالُ لَهُ: دِجْلَةُ، يَكُونُ عَلَيْهِ جِسْرٌ، يَكْثُرُ أَهْلُهَا، وَتَكُونُ مِنْ أَمْصَارِ الْمُهَاجِرِينَ، قَالَ ابْنُ يَحْيَى: قَالَ أَبُو مَعْمَرٍ: وَتَكُونُ مِنْ أَمْصَارِ الْمُسْلِمِينَ، فَإِذَا كَانَ فِي آخِرِ الزَّمَانِ جَاءَ بَنُو قَنْطُورَاءَ عِرَاضُ الْوُجُوهِ، صِغَارُ الأَعْيُنِ، حَتَّى يَنْزِلُوا عَلَى شَطِّ النَّهْرِ، فَيَتَفَرَّقُ أَهْلُهَا ثَلاَثَ فِرَقٍ: فِرْقَةٌ يَأْخُذُونَ أَذْنَابَ الْبَقَرِ وَالْبَرِّيَّةِ وَهَلَكُوا، وَفِرْقَةٌ يَأْخُذُونَ لأَنْفُسِهِمْ وَكَفَرُوا، وَفِرْقَةٌ يَجْعَلُونَ ذَرَارِيَّهُمْ خَلْفَ ظُهُورِهِمْ، وَيُقَاتِلُونَهُمْ وَهُمُ الشُّهَدَاءُ».[١]

واتە: خەڵکانێك لە ئوممەتی من لە دەشتاییەکی نزمدا نیشتەجێ دەبن کە پێی دەڵێن: بەصرە، لەلای ڕووبارێکە پێی دەڵێن: دیجلە، پردێکی گەورەی لەسەرە، خەڵکێکی زۆری تێدا نیشتەجێ دەبێت، دەبێتە یەکێك لە شارەکانی موسڵمانان، جا کە ڕۆژی دوایی دادێت نەوەکانی قەنطوراء دێن، کەسانێکی

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٠٤٥١)، وأبو داود (٤٣٠٦)، وابن حبان في صحيحه (٦٧١٣)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابي داود (٤٣٠٦)، والتعليقات الحسان (٦٧١٣).

ڕوومەت پان وچاو بچوکن، دادەبەزن تا دەگەنە لێواری ئەو ڕووبارە، لەو کاتە خەڵکەکە دابەش دەبن بۆ سێ کۆمەڵ:

کۆمەڵەیەکیان بۆ ئەوەی نەگەن بە دوژمن وشەڕ نەکەن دەردەچن بۆ دەشت ودەر وخەریکی مانگا بە خێوکردن وکشتوکاڵ دەبن و واز لە جیهادکردن وبەرگریکردن دەهێنن، بە هەڵاکەت دادەچن ودەفەوتێن.

کۆمەڵێکی تر بۆ ئەوەی سەلامەت بن لە دەستی دوژمن کوفر دەکەن بە خوای گەورە ودەچنە سەر دینی دوژمنەکان ولە ئیسلامەتی هەڵدەگەڕێنەوە.

کۆمەڵەکەی تر بۆ پاراستن وبەرگریکردن مالّ ومنداڵیان دەخەنە دوای خۆیان خۆیان دەکەنە قەڵغانێك بۆ پاراستنیان، شەڕ دەکەن ودەجەنگن ودەکوژرێن، کوژراوەکانیان بە شەهیدن.

هەندێك لە زانایان دەفەرموون مەبەست لە شاری بەصرە بەغدایە؛ چونکە شاری بەغدا دەکەوێت لێواری ڕووباری دیجلە وپردەکەش دەکەوێتە ناوڕاستی شارەکە، وە ئەم ڕووداوە لە ساڵی (٦٥٦کۆچی) ڕوویداوە کاتێك مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر شاری بەغدا، وە نەزنراوە کە ئەو کۆمەڵەیە – نەوەکانی قەنطوڕاء– بە شەڕ وجەنگ چوبێتنە ناو شاری بەصرا؛ بۆیە پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ بە بەصرە ناوی هێناوە؛ چونکە لە دەرەوەی شاری بەغدا شوێنێك هەبووە بە ناوی (باب البصرة).

شاری بەغدا وبەصرە لەسەردەمی پێغەمبەری خوا صَلَّىٰٱللَّهُعَلَيْهِوَسَلَّمَ نەبوونە بەڵکو شاری بەصرە لەسەردەمی خەلیفەی دووەم عومەر رَضِيَٱللَّهُعَنْهُ دروست کراوە، وە شاری بەغدا لەسەردەمی خەلافەتی عەببباسی دروست کراوە، ئەگەر مەبەست پێی شاری بەصرای ئێستا بێت، بێگومان دەبێت باوەڕمان پێی هەبێت وهیچ

گومانێکیش نییە لەوەی کە ئەم ڕووداوە ئەگەر ڕووی نەدابێت بێگومان پێش هاتنی ڕۆژی قیامەت ڕوو دەدات. (١)

(بَنُو قَنْطُورَاءَ): ناوی باوکی تورکەکانە، دەڵێن: ناوی یەکێك لە جاریەکانی پێغەمبەر ابراهیمە عَلَيْهِ السَّلَامُ، بەڵام تورکەکان منداڵی یافث بن نوحن عَلَيْهِ السَّلَامُ زۆر پێش پێغەمبەر ابراهیم بووە عَلَيْهِ السَّلَامُ، بەڵام مەبەست لە تورك ئەو تورکانە نین کە ئێستا لە وڵاتی تورکیان هەن، بەڵکو مەبەست ئەو کەسانەن کە ڕومەت پانن و چاو بچوکن لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیان، لەوانەیە هەندێك لە تورکەکانی ئێستا ڕەچەڵەکیان بگەڕێتەوە سەر تورکەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بەڵام ئەوەی لە فەرموودەکان هاتوون لەسەر تورك باسی تورکیای ئێستا نییە. (٢) واللَّه تعالى أعلم.

❁ ❁ ❁

---

(١) انظر: شرح سنن أبي داود لابن رسلان (١١٩/١٧)، وحاشية السندي على سنن أبي داود (٢٤٠/٤).

(٢) انظر: عون المعبود (٣٢٦/١١)، وشرح سنن أبي داود للشيخ عبدالمحسن العباد (شريط:٤٨٤).

خەڵکی پێش ڕۆژی قیامەت بە سێ شێوە کۆدەکرێنەوە

١٢٩/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى ثَلَاثٍ، طَرَائِقَ: رَاغِبِينَ، رَاهِبِينَ، وَاثْنَانِ عَلَى بَعِيرٍ، وَثَلَاثَةٌ عَلَى بَعِيرٍ، وَأَرْبَعَةٌ عَلَى بَعِيرٍ، وَعَشَرَةٌ عَلَى بَعِيرٍ، وَتَحْشُرُ بَقِيَّتَهُمُ النَّارُ، تَبِيتُ مَعَهُمْ حَيْثُ بَاتُوا، وَتَقِيلُ مَعَهُمْ حَيْثُ قَالُوا، وَتُصْبِحُ مَعَهُمْ حَيْثُ أَصْبَحُوا، وَتُمْسِي مَعَهُمْ حَيْثُ أَمْسَوْا».(١)

واتە: خەڵکی لە کۆتایی دونیادا پێش هاتنی قیامەت بەسێ کۆمەڵ کۆدەکرێنەوە:

کۆمەڵی یەکەم: ئەوانەن کە بەخۆشحاڵی وهیوا وئومێدی ڕەحمەتی خوای گەورەیەوە دەڕۆن، وە ئەوانەی بەترسەوە دەڕۆن. (ئەو ئیماندارانە دەگرێتەوە کە کاری چاکیان هەیە وتاوانیشیان هەیە لە نێوان ڕەجاو وئومێد وترسدان، جا تێیاندایە بە ئومێدە، هەیانە دەترسێت، وە تێیاندایە هەردوو سیفەتی تێدایە).

کۆمەڵی دووەم: دوو کەس لەسەر وشترێك وسێ کەس لەسەر وشترێك وچوارکەس لەسەر وشترێك وده کەس لەسەر وشترێك. (ئەو ئیماندارانە

---

(١) متفق عليه: البخاري (٦٥٢٢)، ومسلم (٧٣٠٤) واللفظ له.

دەگرێتەوە کە پلەیان بەرزە وچاکەکارن، لەوانەیە بەیەک تاو بگەن بە شوێنی کۆبوونەوە (الحشر)).

کۆمەڵی سێیەم: ئەوانەی کەدەمێننەوە ئاگر کۆیان دەکاتەوە، شەو بخەون ئاگرەکە لەگەڵیان دەبێت، لە نیوەی ڕۆژ کەمێك بخەون لەگەڵیان دەمێنێتەوە، بەیانی بکەنەوە وشەو بکەنەوە هەر لەگەڵیان دەبێت تا دەگەنە شوێنی کۆبوونەوە (الحشر). (ئەوانەن کە ناتوانن سواری وشتر ببن یان ڕێ بکەن وپێشکەون وناشتوانن خۆیان ڕزگار بکەن لەو فیتنە وئاگرەی کە تێی کەوتوون).

زانایان بۆچوونیان جیاوازە لەوەی کە ئایا ئەمە چ حەشرێکە؟ حەشری ڕۆژی قیامەتە یان حەشری دەرچوون وهاتنەدەرەوەیە لە گۆڕدا یان حەشری دونیایە کاتێك ئاگرێك لە (حَضْرَ مَوْتَ) یان لە قولاّیی شاری عەدەنی یەمەن، ئەم ئاگرە بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات دەڕوات وخەڵکی بۆ ڕۆژئاوا دەچن ولە شام کۆدەبنەوە، ئەمە پێش هاتنی ڕۆژی قیامەتە.

بۆچوونی سێیەم ڕاست ودورستە؛ چونکە سواربوونی وشتر وخەوتن لە شەو ورۆژ وهاتنی بەیانی وئێوارە لە دونیادا ڕوو دەدەن.[1] واللَّه تعالى أعلم.

❁ ❁ ❁

(١) انظر: شرح صحيح مسلم للشيخ مُحَمَّد بن صالح العثيمين (١٧١/٨)، البحر المحيط الثجاج في شرح صحيح الإمام مسلم بن الحجاج (٤٤/ ٣٠).

بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە

١٣٠/ لە ئیبن دەیلەمی -یەکێك لە خزمەتکارەکانی موعاذی کوڕی جەبەل-، دەفەرموێت: کاتێك موعاذی کوڕی جەبەل رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لەکاتی سەرەمەرگدابوو چووینە لای و وتمان: وای دەبینین کە کاتی سەرەمەرگتە، تکایە ئامۆژگاریەکمان بکە کە لە پێغەمبەری خوات صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستبێت، فەرمووی: بەڵێ، منیش وای دەبینم کاتی سەرەمەرگ هاتبێت، بێگومان ئەم کات و ساتەی من تێیدام هی ئەوە نییە کە درۆی تێدا بکەم، بێگومان گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو: «مَنْ مَاتَ وَهُوَ يُوقِنُ بِثَلَاثٍ: أَنَّ اللَّهَ حَقٌّ، وَأَنَّ السَّاعَةَ قَائِمَةٌ، وَأَنَّ اللَّهَ يَبْعَثُ مَنْ فِي الْقُبُورِ». قَالَ ابْنُ سِيرِينَ: فَأَنَا نَسِيتُ، إِمَّا قَالَ: «دَخَلَ الْجَنَّةَ»، وَإِمَّا قَالَ: «نَجَا مِنَ النَّارِ».(١)

واتە: هەرکەسێك بمرێت و بە تەواوەتی لە دڵیەوە یەقینی بەم سێ شتە هەبێت: بڕوای وابێت کە خوای گەورە حەقە و هەر ئەو پەرستراوی حەقە و شایەنی پەرستنە بە تاك وتەنیایی، وە ئیمانی بە هاتنی ڕۆژی دوایی هەبێت

(١) أخرجه ابن أبي عاصم في كتاب السنة (٨٨٨)، وابن خزيمة في كتاب التوحيد (٧٣)، والطبراني في الكبير (٣٥٩)، وقال الإمام الألباني في ظلال الجنة (ص٣٨٧): إسناده صحيح.

کە بەبێگومان ئەو ڕۆژە هەردێت، وە ئیمانی بەوە هەبێت کە خوای گەورە مردووەکان زیندوو دەکاتەوە.

ابن سیرین کە فەرموودەکە لە ئیبن دەیلەمی دەگێڕێتەوە، دەفەرموێت: من لە بیرم چوو یان فەرمووی: دەچێتە بەهەشتەوە، یانیش فەرمووی: ڕزگاری دەبێت لە ئاگری دۆزەخ.

لێ پرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت
لەسەر هەموو ئەو نیعمەتانەی پێمان بەخشراوە

١٣١/ **لە ئەبو عەسیبەوە** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، **دەفەرموێت:** خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَيْلًا، فَمَرَّ بِي، فَدَعَانِي إِلَيْهِ، فَخَرَجْتُ، ثُمَّ مَرَّ بِأَبِي بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فَدَعَاهُ، فَخَرَجَ إِلَيْهِ، ثُمَّ بِعُمَرَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ فَدَعَاهُ، فَخَرَجَ إِلَيْهِ، فَانْطَلَقَ حَتَّى دَخَلَ حَائِطًا لِبَعْضِ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ لِصَاحِبِ الْحَائِطِ: «أَطْعِمْنَا بُسْرًا»، فَجَاءَ بِعِذْقٍ فَوَضَعَهُ، فَأَكَلَ، رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَأَصْحَابُهُ، ثُمَّ دَعَا بِمَاءٍ بَارِدٍ فَشَرِبَ، فَقَالَ: «لَتُسْأَلُنَّ عَنْ هَذَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ»، قَالَ: فَأَخَذَ عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ الْعِذْقَ، فَضَرَبَ بِهِ الْأَرْضَ حَتَّى تَنَاثَرَ الْبُسْرُ قِبَلَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَئِنَّا لَمَسْئُولُونَ عَنْ هَذَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: «نَعَمْ، إِلَّا مِنْ ثَلَاثٍ: خِرْقَةٍ كَفَّ بِهَا الرَّجُلُ عَوْرَتَهُ، أَوْ كِسْرَةٍ سَدَّ بِهَا جَوْعَتَهُ، أَوْ جُحْرٍ يَتَدَخَّلُ فِيهِ مِنَ الحَرِّ، والقَرِّ».[1]

واتە: شەوێکیان پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ **بەلای ماڵەکەمدا تێپەڕی وبانگی کردم وچوومە دەرەوە، پاشان بەلای ماڵی ئەبوبکر** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **تێپەڕی وبانگی ئەویشی کرد وهاتە دەرەوە، پاشان بەلای عومەردا** رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ **تێپەڕی وبانگی**

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٢٠٧٦٨)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٣٢٢١).

ئەویشی کرد وهاتە دەرەوە، پاشان ڕۆیشت تا گەیشت بەلای دیوارێك هەندێك لە ئەنصاریەکان بوو، بە خاوەنی دیوارەکەی فەرموو: لەو خورما تازانەمان پێ بدە. خاوەن مالّ ووشەیەك لە خورمای هێنا ودایناء پێغەمبەری خوا ﷺ وصەحابە بەڕێزەکان لێیان خوارد، پاشان داوای ئاوی ساردی کرد وخواردیەوە وفەرمووی: بێگومان خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت لەوەش لێ پرسینەوەتان لەگەڵدا دەکات.

ئیمامی عومەر ڕضی الله عنه ووشە خورماکەی گرت وپاشان فڕێدا سەر زەوی و وشەکە لەلایەکی پێغەمبەری خوا ﷺ پەرش وبڵاو بووەوە وپاشان فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئێمە لەو شتانەش بەرپرسیارین ولە ڕۆژی قیامەتدا لێ پرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت لەسەری؟ فەرمووی ﷺ: بەڵێ بەرپرسیارن لە هەموو ئەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە پێتانی بەخشیوە، تەنها یەکێك لەم سێ شتانە نەبێت: ئەو پارچە قوماشە نەبێت کە لە دەوری خۆت دەئاڵێنیت وعەوڕەتی پێ دەشاریتەوە، یان پارچە نانێك کە ڕێگرە لە برسی بوونتان، یان ماڵێکی بچوکی تەسك کە لەبەر گەرما وسەرما دەچنە ناوی.

تێبینی: ئیمامی عومەر ڕضی الله عنه، لەبەر زۆری ترسانی لە خوای گەورە وترسان لە لێ پرسینەوە ووشە خورماکەی فڕێدا وەك ئەوەی بڵێت: لەسەر شتێکی ئاوا کەم وسادە لێ پرسینەوەمان لەسەر دەکرێت؟

ئەو کەسانەی خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات و سەیریان ناکات ونایان خاتە بەهەشتەوە

١٣٢/ لە عەمماری کوڕی یاسرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ أَبَدًا: الدَّيُّوثُ مِنَ الرِّجَالِ، وَالرَّجُلَةُ مِنَ النِّسَاءِ، وَمُدْمِنُ الْخَمْرِ». فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ أَمَّا مُدْمِنُ الْخَمْرِ فَقَدْ عَرَفْنَاهُ، فَمَا الدَّيُّوثُ مِنَ الرِّجَالِ؟، قَالَ: «الَّذِي لَا يُبَالِي مَنْ دَخَلَ عَلَى أَهْلِهِ». قُلْنَا: فَالرَّجُلَةُ مِنَ النِّسَاءِ؟، قَالَ: «الَّتِي تَشَبَّهُ بِالرِّجَالِ».(١)

واتە: سێ کەس هەن هەرگیز ناچنە بەهەشتەوە: لە پیاوان کەسی بێ ئابڕو و بێ غیرەت (دیوث)، وە لە ئافرەتان ئافرەتێکی پیاوانی، کەسێك هەمیشە ئارەق بخواتەوە وبەردەوام بێت لە خواردنەوەی. فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کەسێك هەمیشە ئارەق بخواتەوە زانیمان، بەڵام ئەی کەسی (الدَّيُّوثُ) کێیە؟ فەرمووی: ئەو کەسەی کە گوێی لێ نییە کێ دەچێتە لای خێزانی. فەرموویان: ئەی (فَالرَّجُلَةُ مِنَ النِّسَاءِ) کێیە؟ فەرمووی: ئەو ئافرەتەی خۆی بە پیاوان دەچوێنێت.

---

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (٣٠٢/١٢) (١٣١٨٠)، والبيهقي في شعب الإيمان (١٠٣١٠) واللفظ له، وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٠٧١)، وصحيح الجامع (٣٠٦٢).

١٣٣/ لـە ئـەبو موسـای ئەشـعەریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لـە پێغەمبـەری خـواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلَاثَةٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ: مُدْمِنُ الْخَمْرِ، وَقَاطِعُ الرَّحِمِ، وَمُصَدِّقٌ بِالسِّحْرِ».(١)

واتـە: سـێ جـۆرە کـەس هـەن ناچـنە بەهەشـتەوە: کەسـێك هەمیشـە ئـارەق بخواتەوە وبەردەوام بێت لـە خواردنـەوەی، وە کەسـێك پەیوەندی خزمایـەتی بپچڕێنێت (صیلەی ڕەحم)، وە بڕوابوون وبەڕاستدانانی سیحر.

کەسـێك بـڕوای وابێـت کـە ئـەو کـارەی سـاحیرەکان دەیکـەن لـە سـیحرکردن شتێکی حەق وڕاستە، ساحیرەکان لەسەر حەقن، بڕوای وابێت کە سـاحیرەکان غەیب دەزانن، وە بڕوای وابێت کە خودی سیحر وساحران دەتوانن سود وزیـان بە خەڵك بگەیەنن، وە دەتوانن هەموو شتێك بکـەن کـە بیانـەوێت لـە نانـەوەی کێشە لە نێوان خەڵکی وتێکدانی نێوانی ژن ومێـرد ونـەخۆش خسـتنی خـەڵکی وکوشتن وئـازاردان و... هتـد، ئەمـە کـوفرە، بـەر ئـەم هەڕەشـەیە دەکـەوێت؛ چونکە سیحر وساحرانن ناتوانن هیچ کارێك بکەن وهیچ کاریگەریـەکیان هـەبێت لەسەر کەس، ئەگەر ئیزنی خوای گەورەی لەسەر نەبێت.

وە بەڕاستدانانی هـەموو جۆرەکـانی سـیحر وسـاحران دەگرێتـەوە، لـە فاڵچـی وجادووگـەر جگـە لەوانـە، بەتاییـەت بـە ڕاسـتدانان وبڕوابـوون بـەو قسـە و هەواڵانەی کە دەیدەن لەسەر شتە نادیارەکان (غەیب)، کە ئەمە غەیبـە وجگـە لەخوای گەورە کەس نازانێت لە داهاتوودا چی دەبێت وچـی ڕوو دەدات، بۆیـە

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١٩٥٦٩)، وابن حبان في صحيحه (٥٣٢٢)، وصححه لغيره الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (٢٥٣٩).

کەسێك هەواڵیان بەڕاست دابنێت وبڕوایان پێ بکات بەر ئەو هەڕەشە تونده دەکەوێت.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگرێتەوە کە بڕوات وابێت کە سیحر بوونی هەیە وکاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەیە پاش ئیزنی خوای گەورە.

١٣٤/ لە ئیبن عومەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا يَنْظُرُ اللهُ إِلَيْهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَثَلَاثَةٌ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ، فَأَمَّا الثَّلَاثَةُ الَّذِينَ لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ: فَالْعَاقُّ لِوَالِدَيْهِ، وَالْمَرْأَةُ الْمُتَرَجِّلَةُ تَشَبَّهُ بِالرِّجَالِ، وَالدَّيُّوثُ، وَأَمَّا الثَّلَاثَةُ الَّذِينَ لَا يَنْظُرُ اللهُ إِلَيْهِمْ: فَالْعَاقُّ لِوَالِدَيْهِ، وَمُدْمِنُ خَمْرٍ، وَالْمَنَّانُ بِمَا أَعْطَى».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت سەیریان ناکات، وە سێ کەسی تر هەیە ناچنە بەهەشت. ئەو سێ کەسەی کە ناچنە بەهەشت: ئەو کەسەی خراپە لەگەڵ دایك وباوکی وئازاریان دەدات، وە ئەو ئافرەتەی کە خۆی دەچوێنێت بە پیاوان، وە ئەو پیاوەی کە غیرەتی نییە (دیوث) بێدەنگە وگوێ نادات بەوەی کە دەچنە لای خێزانی.

وە ئەو سێ کەسەی کە خوای گەورە سەیریان ناکات: ئەو کەسەی خراپە لەگەڵ دایك وباوکی وئازاریان دەدات، وە ئەو کەسەی کە بەردەوام ئارەق دەخواتەوە، وە کەسەی کە دەبەخشێت ومنەتی لەسەر دەکات.

---

(١) أخرجه النسائي (٢٥٦٢)، والبيهقي في شعب الإيمان (٧٤٩٣)، وقال الألباني: حسن صحيح. في صحيح الترغيب والترهيب (٢٥٦٢)، والصحيحة (٦٧٤).

١٣٥/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموویت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلاَثَةٌ لاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ، قَالَ أَبُو مُعَاوِيَةَ: وَلاَ يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ، وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: شَيْخٌ زَانٍ، وَمَلِكٌ كَذَّابٌ، وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِرٌ». (١)

واتە: سێ جۆرە کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵ ناکات وپاکیان ناکاتەوە لە پیسی گوناە وتاوان، ئەبو معاویە فەرمووی: وە سەیریان ناکات وسزای سەخت وبە ئازاریان بۆ هەیە: کەسێکی بەتەمەنی زیناکار، وە پادشایەکی درۆزن، وە هەژارێکی خۆبەزلزان.

١٣٦/ لە ئەبو ذەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «ثَلاَثَةٌ لاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلاَ يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ». قَالَ: فَقَرَأَهَا رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ثَلاَثَ مِرَارًا، قَالَ أَبُو ذَرٍّ: خَابُوا وَخَسِرُوا، مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: «الْمُسْبِلُ، وَالْمَنَّانُ، وَالْمُنَفِّقُ سِلْعَتَهُ بِالْحَلِفِ الْكَاذِبِ». (٢)

واتە: سێ جۆرە کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵ ناکات، وە سەیریان ناکات وپاکیان ناکاتەوە لە پیسی تاوان وسزای سەخت وبە ئێشیان بۆ هەیە. پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، ئەبو ذەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، فەرمووی: نائومێد وخەسارەتمەندبن، ئەمانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ؟ فەرمووی صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : ئەو کەسەی جل

---

(١) أخرجه مسلم (٢١١).

(٢) أخرجه مسلم (٢٠٨).

وپۆشاکی شۆڕدەکاتەوە، وە ئەکەسەی کە هەرچی ببەخشێت مننەتی لەسەر دەکات، وە ئەو کەسەی سوێند بە درۆ دەخوات بۆ ئەوەی کڕیار ڕابکێشێت وبازاڕی خۆی گەرم بکات.

١٣٧/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلاَثٌ لاَ يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلاَ يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ، وَلاَ يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: رَجُلٌ عَلَى فَضْلِ مَاءٍ بِالْفَلاَةِ يَمْنَعُهُ مِنَ ابْنِ السَّبِيلِ، وَرَجُلٌ بَايَعَ رَجُلاً بِسِلْعَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ فَحَلَفَ لَهُ بِاللَّهِ لأَخَذَهَا بِكَذَا وَكَذَا فَصَدَّقَهُ وَهُوَ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ، وَرَجُلٌ بَايَعَ إِمَامًا لاَ يُبَايِعُهُ إِلاَّ لِدُنْيَا فَإِنْ أَعْطَاهُ مِنْهَا وَفَى، وَإِنْ لَمْ يُعْطِهِ مِنْهَا لَمْ يَفِ».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵ ناکات، وە سەیریان ناکات وپاکیان ناکاتەوە لە پیسی تاوان وسزای سەخت وبە ئێشیان بۆ هەیە: پیاوێك ئاوێکی زیاد لە پێویستی لابێت لە دەشتاییەك کە کەسی لێ نیشتەجێ نەبێت ڕێگری لە گەشتیاران بکات کە ئاوی لێ بخۆنەوە وبەکاری بهێنن.

وە پیاوێك لە پاش عصر شتێك بفرۆشێت بە کەسێکی تر وسوێند بخوات کە بەوەندەی کڕیوە، ئەویش باوەڕی پێ بکات، ڕاستیش نەبێت وبەوەندەی نەکڕی بێت.

وە پیاوێك کە پەیمان وبەیعەت بدات بە پێشەوایەك، وە بەیعەتی پێ نادات تەنها لەبەر مالّی دونیا نەبێت، ئەگەر پێشەوا شتێکی پێ بدات ئەوە بەوەفا

---

(١) متفق عليه: البخاري (٢٣٥٨)، ومسلم (٢١٢) واللفظ له.

دەبێت، بەڵام ئەگەر پێی نەدا بێ وەفا دەبێت لەگەڵی.

١٣٨/ لە سەلمانی فارسیەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَلَا يُزَكِّيهِمْ، وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: أُشَيْمِطٌ زَانٍ، وَعَائِلٌ مُسْتَكْبِرٌ، وَرَجُلٌ جَعَلَ اللَّهَ لَهُ بِضَاعَتَهُ؛ لَا يَشْتَرِي إِلَّا بِيَمِينِهِ وَلَا يَبِيعُ إِلَّا بِيَمِينِهِ».(١)

واتە: سێ جۆرە کەس هەن خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت قسەیان لەگەڵ ناکات، وپاکیان ناکاتەوە لە پیسی تاوان وسزای سەخت وبە ئێشیان بۆ هەیە: پیاوێکی بەتەمەنی زیناکار، وە هەژارێکی خۆ بەزلزان، وە پیاوێك کە خوای گەورەی کردبێتە ئامرازێکی سەر زوبانی هیچ شتێك ناکڕێت ونافرۆشێت ئیللا بە سوێند خواردن نەبێت.

(أُشَيْمِطٌ): پیاوێك کە ڕەنگی موی سپی وڕەش تێکەڵ بووبێت.

١٣٩/ لە عیسمەتەی کوڕی مالیکی خەطمییەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا يَنْظُرُ اللهُ إِلَيْهِمْ غَدًا: شَيْخٌ زَانٍ، وَرَجُلٌ اتَّخَذَ الْأَيْمَانَ بِضَاعَةً يَحْلِفُ فِي كُلِّ حَقٍّ وَبَاطِلٍ، وَفَقِيرٌ مُخْتَالٌ مَزْهُوٌّ».(٢)

---

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (٦/٢٤٦) (٦١١١)، والصغير (٢/٨٢) (٨٢١)، وصححه الإمام الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١٧٨٨)، وصحيح الجامع (٣٠٧٢).

(٢) أخرجه الطبراني في الكبير (١٧/١٨٤) (٤٩٢)، وحسّنه الإمام الألباني في صحيح الجامع (٣٠٧٠).

واتە: سێ جۆرە کەس هەن سبەینێ خوای گەورە سەیریان ناکات: پیرێکی زیناکار، وە کەسێك سوێند خواردنی کردبێتە ئامرازی خۆی لە حەق وباطلدا سوێند دەخوات، وە هەژارێکی خۆ بەگەورەزانی لوتبەرز.

(لَا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ): واتە: ئەگەر کەسێك ئەم تاوانانەی حەلال کردبێت ئەوا ناچێتە بەهەشتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێك بەبێ حەلال کردن ئەو تاوانانەی ئەنجام دابێت ئەوا مانای وایە کە لەسەرەتادا لەگەڵ ئەو کەسانە ناچنە بەهەشتەوە کە بەبێ سزا دەچنە بەهەشت، بەڵکو دەچنە دۆزەخ وسزا وپاداشتی تاوانەکانیان وەردەگرنەوە، پاشان خوای گەورە ڕەحمیان پێ دەکات یاخود بەر شەفاعەت دەکەون ودەچنە بەهەشتەوە، ئەوانەش لە کاتێکدایە کە ئەگەر لە دونیادا پێش مردنی تەوبەی لەو تاوانانەی نەکردبێت.[1] واللَّه تعالى أعلم.

❁ ❁ ❁

(١) انظر: ذخيرة العقبى في شرح المجتبى (٢٣/٧٠).

ئەو کەسانەی خوای گەورە دژیانە لە ڕۆژی قیامەت

١٤٠/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ثَلَاثَةٌ أَنَا خَصْمُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ: رَجُلٌ أَعْطَى بِي ثُمَّ غَدَرَ، وَرَجُلٌ بَاعَ حُرًّا فَأَكَلَ ثَمَنَهُ، وَرَجُلٌ اسْتَأْجَرَ أَجِيرًا فَاسْتَوْفَى مِنْهُ وَلَمْ يُعْطِهِ أَجْرَهُ». (١)

واتە: خوای گەورە دەفەرموویت: سێ جۆرە کەس هەن من دژیانم لە ڕۆژی قیامەتدا: پیاوێك پەیمانێك بدات وناوی خوای گەورەی لەسەر بهێنێت وپاشان پەیمانەکە بشکێنێت وغەدر وناپاکی تێدا بکات، وەپیاوێك کەسێکی ئازاد بە کۆیلە بفرۆشێت ونرخەکەی بخوات، وە پیاوێك کەسێك بەکرێ بگرێت وسودی لێ ببێنێت وبەڵام حەق ومافی خۆی نەداتێ.

بەداخەوە لە ئێستادا ئەمە زۆر ڕوو دەدات کە کەسانێك کرێکار دەگرن وکارەکانیان پێدەکەن وپاشان کرێکەیان پێنادەن، وە ئەو جۆرە کرێکارە بیانیانەش دەگرێتەوە کە کاریان پێدەکرێت وحەق ومافیان پێنادرێت یان حەقی تەواویان نادەنێ، بێگومان ئەم کارە حەرامە وخواردنی ئەم پارەیە حەرامە، با ئەم جۆرە کەسانە لە خوای گەورە بترسن؛ چونکە خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەت دژیانە.

---

(١) أخرجه البخاري (٢٢٧٠).

ئەو کەسانەی ئەهلی بەهەشتن

١٤١/ لە عیاضی کوڕی حیماری موجاشیعی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، لە پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموویت: «أَهْلُ الْجَنَّةِ ثَلَاثَةٌ: ذُو سُلْطَانٍ مُقْسِطٌ، مُتَصَدِّقٌ، مُوَفَّقٌ، وَرَجُلٌ رَحِيمٌ، رَقِيقُ الْقَلْبِ لِكُلِّ ذِي قُرْبَى، وَمُسْلِمٍ، وَعَفِيفٌ، مُتَعَفِّفٌ، ذُو عِيَالٍ».(١)

واتە: سێ جۆرە کەس لە ئەهلی بەهەشتن (شایەن وموستەحەقی چوونە بەهەشتن): دەسەلاتدارێکی دادپەروەری خێرخوازی سەرکەوتوبێت وڕێگا ودەرگاکانی خێر وچاکەی بۆ کرابێتەوە، وە پیاوێك بەبەزەیی ودڵنەرم بێت بۆ خزم وکەس وکاری بەتایبەت وموسڵمانان بەگشتی، وە پیاوێکی هەژاری داوێن پاکی بەڕەوشتی خاوەن خێزان ومندالّ.

(مُتَعَفِّفٌ) واتە: خۆی دەپارێزێت ودەگرێتەوە لەوەی کارێك بکات کە حەلال نەبێت، وە خۆی لەو قسە وکردەوانە دەپارێزێت کە شیاو نییە بۆی، جا ئەو کارەی کە شیاو وحەلال نییە بۆی ئەوە بێت کە خۆی بە دوور دەگرێت لەوەی سوالّ بکات وداوا لە خەڵکی بکات لەکاتێکدا پێویستیەتی، نەفسی خۆی وبژێوی خێزان ومندالّەکانی وای لێ ناکات کە واز لە پشت بەستن بە خوای گەورە بهێنێت (التوكل) وسوالّ بکات وداوا لە خەڵکی بکات، یانیش هەوڵ بدات

---

(١) أخرجه مسلم (٧٣٠٩).

مالّی حەڕام یان بە ڕێگای حەڕام مالّ وسامان وبژێوی خێزان ومندالّەکانی پەیدا بکات.

سێ کەس بەهەشت تامەزرۆیانە

١٤٢/ لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «إِنَّ الْجَنَّةَ تَشْتَاقُ إِلَى ثَلَاثَةٍ: عَلِيٍّ، وَعَمَّارٍ، وَسَلْمَانَ».(١)

واتە: بەهەشت تامەزۆری ئەم سێ کەسە: عەلی کوڕی ئەبو طالب و عەماری کوڕی یاسر و سەلمانی فارسی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الترمذي (٣٧٩٧)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في صحيح الجامع (١٥٩٨).

سێ فەزڵی خەلیفەی چوارەم علي بن أبي طالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ

١٤٣/ لە ئیبن عومەرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، دەفەرموویت: «كُنَّا نَقُولُ فِي زَمَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: رَسُولُ اللَّهِ خَيْرُ النَّاسِ، ثُمَّ أَبُو بَكْرٍ، ثُمَّ عُمَرُ، وَلَقَدْ أُوتِيَ ابْنُ أَبِي طَالِبٍ ثَلَاثَ خِصَالٍ، لَأَنْ تَكُونَ لِي وَاحِدَةٌ مِنْهُنَّ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ: زَوَّجَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ابْنَتَهُ، وَوَلَدَتْ لَهُ، وَسَدَّ الْأَبْوَابَ إِلَّا بَابَهُ فِي الْمَسْجِدِ، وَأَعْطَاهُ الرَّايَةَ يَوْمَ خَيْبَرَ». (١)

واتە: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەمان وت: باشترین کەس پێغەمبەری خوایە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، پاشان ئەبوبەکر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، پاشان عومەر رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، بێگومان سێ شت بە علی کوڕی ئەبو طالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، بەخشرا، ئەگەر یەکێك لەو سیانە بەمن بەخشرایە لەلام خۆشەویستر بوو لە وشتری سوور، (لە ڕیوایەتی ابن أبی عاصم دەفەرموویت: لەلام خۆشەویستر بوو لە دونیا و ئەوەیشی کە لە دونیادایە): پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کچەکەی خۆی پێبدا و منداڵی لێی بوو، وە کاتێك پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەرگاکانی مزگەوتی داخست؛ بۆ ئەوەی مزگەوت نەبێتە سەر ڕێگای خەڵکی و هاتووچۆی پێدا بکەن، تەنها دەرگای علی کوڕی ئەبو طالبی رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ دانەخست، وە لە غەزای خەیبەردا ئاڵای پێ بەخشرا.

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٤٧٩٧)، وابن أبي عاصم في السنة (١١٩٩)، وقال الإمام الألباني في ظلال الجنة (ص٥٢٤): إسناده جيد.

لە غەزار خەیبەردا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەیانی ئالآ دەدەم بە کەسێك کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت، وە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیشی ئەویان خۆشدەوێت، بۆ بەیانی ئالآکەی پێدا.

١٤٤/ لە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاصەوە رضي الله عنه، دەفەرموێت: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ فِي عَلِيٍّ ثَلَاثَ خِصَالٍ، لَأَنْ يَكُونَ لِي وَاحِدَةٌ مِنْهُنَّ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا. سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «مَنْ كُنْتُ مَوْلَاهُ»، «وَأَنْتَ مِنِّي بِمَنْزِلَةِ هَارُونَ مِنْ مُوسَى»، «وَلَأُعْطِيَنَّ الرَّايَةَ».(١)

واتە: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ سێ شتی دەربارەی علی کوڕی ئەبو طالب رضي الله عنه دەفەرموو، ئەگەر یەکێك لەو سیانە بەمن بەخشرایە لەلام خۆشەویستر بوو لە دونیا و ئەوەیشی کە لە دونیادایە: گوێم لە پێغەمبەری خوابوو ﷺ دەیفەرموو: هەرکەسێك من خۆشم بوێت و یاریدەدەری بم، عەلیش خۆشی دەوێت و یاریدەدەریەتی، تۆ بۆ من لە پلە و مەنزلەی هاروندایت بۆ موسا عليهما السلام، بەلآم پێغەمبەرایەتی لە دوای من نییە وهیچ پێغەمبەرێك نییە، لە غەزای خەیبەردا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەیانی ئالآ دەدەم بە کەسێك کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت، وە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەیشی ئەویان خۆشدەوێت، بۆ بەیانی ئالآکەی بە عەلی بەخشی رضي الله عنه.

---

(١) أخرجه الترمذي (٣٧٢٤)، وابن ماجة (١٢١)، وابن أبي عاصم في السنة (١٣٨٦)، وصححه الإمام الألباني في صحيح وضعيف سنن ابن ماجة (١٢١).

ئەو کەسانەی لە ڕۆژی قیامەتدا چاویان ئاگر نابینێت

١٤٥/ لە موعاویەی قوشەیریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «ثَلَاثَةٌ لَا تَرَى أَعْيُنُهُمُ النَّارَ: عَيْنٌ بَكَتْ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ، وَعَيْنٌ حَرَسَتْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَعَيْنٌ غَضَّتْ عَنْ مَحَارِمِ اللَّهِ».[1]

واتە: سێ جۆرە کەس لە ڕۆژی قیامەتدا چاویان ئاگر نابێنێت: چاوێك لە ترسی خودا گریابێت، وە چاوێك لە پێناو خودا پاسەوانی گرتبێت، وە چاوێك خۆی دانواندبێت وپاراست بێت لە حەڕامکراوەکان خوای گەورە.

❁ ❁ ❁

(١) أخرجه الطبراني في الكبير (١٩/٤١٦) (١٠٠٣)، وصححه لغيره الإمام الألباني في الصحيحة (٢٦٧٣).

ئەو کەسانەی دەخرێنە ناو دۆزەخ

١٤٦/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «تَخْرُجُ عُنُقٌ مِنَ النَّارِ يَوْمَ القِيَامَةِ لَهَا عَيْنَانِ تُبْصِرَانِ وَأُذُنَانِ تَسْمَعَانِ وَلِسَانٌ يَنْطِقُ، يَقُولُ: إِنِّي وُكِّلْتُ بِثَلاَثَةٍ، بِكُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ، وَبِكُلِّ مَنْ دَعَا مَعَ اللهِ إِلَهًا آخَرَ، وَبِالمُصَوِّرِينَ».(١)

واتە: لە رۆژی قیامەت بڵێسەیەك لە ئاگری دۆزەخ لە لایەکی دۆزەخەوە دردێژ دەبێتەوە ودەردەچێت، دوو چاوی هەیە پێیان دەبینێت، ودوو گوێی هەیە پێیان دەبیستێت، ودوو زمانی هەیە پێیان قسە دەکات، دەڵێت: خوای گەورە رایسپاردوم بۆ ئەوەی بە ئاشکرا وبەبەرچاوی هەموو خەڵك سزای سێ جۆرە کەس بدەم وبیانخەمە ناو دۆزەخ: هەموو زاڵمێکی خۆبەزلزانی سەرسەختی عیناد، پێداگربێت لە زوڵم کردن وحەق ڕەد بکاتەوە لەکاتێکدا زانستی بەوە هەیە کە ئەمە حەقە، وە هەموو کەسێك کە لەگەڵ خوای گەورەدا داوا لە غەیری خوای گەورە بکات وهاوبەش (شیرك) بڕیاربدات، وە وێنەگرانیش.

١٤٧/ لە ئەبو سەعیدی خودریەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «يَخْرُجُ عُنُقٌ مِنَ النَّارِ يَتَكَلَّمُ يَقُولُ: وُكِّلْتُ الْيَوْمَ

---

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (٨٤٣٠)، والترمذي (٢٥٧٤)، وقال: حديث حسن صحيح غريب. وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٥١٢)، وصحيح الترغيب والترهيب (٣٠٦١).

بِثَلَاثَةٍ: بِكُلِّ جَبَّارٍ، وَبِمَنْ جَعَلَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ، وَبِمَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ، فَيَنْطَوِي عَلَيْهِمْ فَيَقْذِفُهُمْ فِي غَمَرَاتِ جَهَنَّمَ». (١)

واتە: لە ڕۆژی قیامەت بڵێسەیەك لە ئاگری دۆزەخ لە لایەکی دۆزەخەوە دەرێژ دەبێتەوە ودەردەچێت وقسە دەکات، دەڵێت: خوای گەورە ڕایسپاردوم بۆ ئەوەی بە ئاشکرا وبەبەرچاوی هەموو خەڵك سزای سێ جۆرە کەس بدەم وبیانخەمە ناو دۆزەخ: هەموو زاڵمێکی خۆبەزلزانی سەرسەختی عیناد، کە پێداگربێت وزوڵم بکات وحەق ڕەد بکاتەوە لەکاتێکدا زانستی بەوە هەیە کە ئەمە حەقە، وە هەر کەسێك کە لەگەڵ خوای گەورەدا هاوبەشی (شیرك) بڕیاربدات، وە هەرکەسێك بە ناحەق کەسێکی کوشتبێت، ئاگرەکە دەیان پێچێتەوە ودەیاننوشتێنتەوە ودەیان هاوێژێت بۆ ئەو شوێنانەی دۆزەخ کە ئاگریان زیاترە وناڕەحەتی وئازاری زیاترە.

(١) أخرجه الإمام أحمد في مسنده (١١٣٥٤)، وحسّنه لغيره الإمام الألباني في الصحيحة (٢٦٩٩)، وصحيح الترغيب والترهيب (٢٤٥١).

ئەو شتانەی لە بەهەشتەوە دابەزیون بۆ سەر زەوی

١٤٨/ لە ئەبو هورەیرەوە رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «لَيْسَ فِي الأَرْضِ مِنَ الْجَنَّةِ إِلا ثَلاثَةُ أَشْيَاءَ: غَرْسُ الْعَجْوَةِ، وَأَوَاقٌ تَنْزِلُ فِي الْفُرَاتِ كُلَّ يَوْمٍ مِنْ بَرَكَةِ الْجَنَّةِ، وَالْحَجَرُ».[١]

واتە: هیچ شتێك لەسەر زەویدا نییە کە لە بەهەشتەوە هاتبێت تەنها سێ شت نەبێت: دار خورمای عەجوە، وە هەموو پۆژێك بە ئەندازەی چەند ئوقیەیەك لە بەرەکەتی بەهەشت دادەبەزێتە ناو پووباری فورات، وە بەردە پەشەکە.

ئیمامی ئەلبانی رَحِمَهُ اللَّهُ دەفەرموێت: "ئەم فەرموودەیە هیچ دژیەکێکی نییە لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەفەرموێت: «وَمَا عَلَى الْأَرْضِ شَيْءٌ مِنَ الْجَنَّةِ غَيْرُهُ».[٢]

واتە: هیچ شتێکی بەهەشت لەسەر زەوی نییە جگە لە بەردە پەشەکە.

---

(١) أخرجه إسحاق بن راهويه في مسنده (٢٥٥)، والخطيب البغدادي في التأريخ (١/٣٦٠)، وحسّنه الإمام الألباني في الصحيحة (٣١١١).

(٢) أخرجه البيهقي في سنن الكبرى (٩٣٠٣)، وشعب الإيمان (٣٧٤٣)، وصححه الإمام الألباني في الصحيحة (٢٦١٩، ٣٣٥٥).

لەوانەیە پێغەمبەری خوا ﷺ لەم فەرمودەیە مەبەستی ئەوە بێت کە لە بەردەکان هیچ بەردێك نییە کە هی بەهەشت بێت جگە لە بەردە ڕەشەکە". [1]

❁ ❁ ❁

(١) الصحيحة (٧/ ٣٠٥)، و (٧/ ١٠٧٢).

سەرچاوەکان

١. **إرواء الغليل في تخريج أحاديث منار السبيل**: لمحمد ناصر الدين الألباني, ن: المكتب الإسلامي – بيروت, ط٢, ١٤٠٥ هـ / ١٩٨٥م.

٢. **الأسماء والصفات**: للبيهقي، ت: عبد الله بن مُحَمَّد الحاشدي.

٣. **البحر المحيط الثجاج في شرح صحيح الإمام مسلم بن الحجاج**: لمحمد بن علي بن آدم بن موسى الإثيوبي الوَلَّوِي، ط:١.

٤. **تاريخ بغداد: للخطيب البغدادي**، ت: بشار عواد معروف.

٥. **تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي**: للمباركفوري.

٦. **التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان**: لمحمد ناصر الدين الألباني, ن: دار با وزير للنشر والتوزيع، جدة – المملكة العربية السعودية, ط١, ١٤٢٤ هـ / ٢٠٠٣ م.

٧. **تفسير ابن عثيمين**.

٨. **تفسير البغوي**.

٩. **تفسير القرآن العظيم**: لابن كثير.

١٠. **التَّنويرُ شَرْحُ الجَامِعِ الصَّغِيرِ**: للصنعاني، ت: د. محمَّد إسحاق محمَّد إبراهيم.

١١. **حاشية السندي على مسند الإمام أحمد**: ت: نورالدين طالب، ط:١.

١٢. **الرياض الناضرة**: لعبدالرحمن بن ناصر السعدي، ط:١، ن: دار المنهاج.

١٣. **زاد المعاد في هدي خير العباد**: لابن قيم الجوزية، ن: مؤسسة الرسالة.

١٤. **سلسلة الأحاديث الصحيحة وشيء من فقهها وفوائدها**: للإمام مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.

١٥. **سنن ابن ماجة**: لأبي عبد الله مُحَمَّد بن يزيد القزويني, الشهير بـ(ابن ماجة), ت: مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.

١٦. **سنن أبي داود**: لأبي داود سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني, ت: مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.
١٧. **سنن الترمذي**: لأبي عيسى مُحَمَّد بن عيسى، الترمذي, ت: مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.
١٨. **سنن الدارقطني**: ن: مؤسسة الرسالة.
١٩. **السنن الكبرى للبيهقي**: ت: مُحَمَّد عبد القادر عطا، ط:٣.
٢٠. **السنن الكبرى**: للنسائي، ت: حسن عبد المنعم شلبي.
٢١. **سنن النسائي**: لأبي عبدالرحمن أحمد بن شعيب بن علي الخراساني النسائي, ت: مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.
٢٢. **شرح الأربعين النووية**: لمحمد بن صالح العثيمين.
٢٣. **شرح رياض الصالحين**: لمحمد بن صالح العثيمين.
٢٤. **شرح سنن أبي داود لابن رسلان**: ط:١.
٢٥. **شرح سنن النسائي المسمى ذخيرة العقبى في شرح المجتبى**: لمحمد بن علي بن آدم بن موسى الإثيوبي الوَلَّوِي، ط:١.
٢٦. **شرح صحيح مسلم**: للشيخ مُحَمَّد بن صالح العثيمين.
٢٧. **شعب الإيمان**: للبيهقي، ت: عبد العلي عبد الحميد حامد، ط:١.
٢٨. **صحيح ابن خزيمة**: ت: د. مُحَمَّد مصطفى الأعظمي.
٢٩. **صحيح الأدب المفرد للإمام البخاري**: ت: مُحَمَّد ناصر الدين الألباني، ط:٤، ن: دار الصديق للنشر والتوزيع.
٣٠. **صحيح البخاري**: للإمام أبي عبدالله مُحَمَّد بن إسماعيل بن المغيرة البخاري، ط: دار الشعب.
٣١. **صَحِيحُ التَّرْغِيب وَالتَّرْهِيب**: للإمام مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.
٣٢. **صحيح الجامع الصغير وزياداته**: للإمام مُحَمَّد ناصر الدين الألباني.
٣٣. **صحيح مسلم**: للإمام الحافظ مسلم بن الحجاج النيسابوري.

٣٤. **ظلال الجنة في تخريج السنة لابن أبي عاصم**: لمحمد ناصر الدين الألباني, ن: المكتب الإسلامي, ط١, ١٤٠٠هـ/ ١٩٨٠م.
٣٥. **عون المعبود شرح سنن أبي داود**: للعظيم آبادي، ط:٢.
٣٦. **فتاوى نور على الدرب**: لابن باز.
٣٧. **فتح الباري شرح صحيح البخاري**: لأحمد بن علي بن مُحَمَّد الكناني العسقلاني, ترتيب وترقيم مُحَمَّد فؤاد عبد الباقي, ن: دار المعرفة - بيروت، ط (بدون), ١٣٧٩هـ.
٣٨. **فتح ذي الجلال والإكرام بشرح بلوغ المرام**: لمحمد بن صالح العثيمين، ط:١.
٣٩. **فضائل الرمي في سبيل الله**: لإسحاق القراب.
٤٠. **الفوائد المنتقاة الحسان الصحاح والغرائب**: لأبي الحسن الخِلَعي الشافعيّ.
٤١. **فيض القدير شرح الجامع الصغير**: للمناوي.
٤٢. **كتاب التوحيد**: لابن خزيمة، ت: عبد العزيز بن إبراهيم الشهوان، ط: ٥.
٤٣. **مجموع الفتاوى**: لشيخ الإسلام ابن تيمية، ت: عبد الرحمن بن مُحَمَّد بن قاسم.
٤٤. **مختصر قيام الليل**: للمَرْوَزِي، اختصرها: المقريزي.
٤٥. مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح: للهروي.
٤٦. **المستدرك على الصحيحين**: للحاكم، ت: مصطفى عبد القادر عطا، ط:١، ن: دار الكتب العلمية — بيروت.
٤٧. **مسند أبي داود الطيالسي**: ت: مُحَمَّد بن عبد المحسن التركي.
٤٨. **مسند أبي يعلى الموصلي**: ت: حسين سليم أسد، ط:٢.
٤٩. **مسند إسحاق بن راهويه**: ت: عبد الغفور بن عبد الحق البلوشي.
٥٠. **مسند الإمام أحمد بن حنبل**: لأبي عبدالله أحمد بن حنبل، ت: شعيب الأرنؤوط - عادل مرشد، وآخرون, ن: مؤسسة الرسالة, ط٢.
٥١. **مسند البزار**: ط:١
٥٢. **مسند الحميدي**: ت: حسن سليم أسد الدَّارَانيّ.
٥٣. **مشكاة المصابيح**: للتبريزي، ت: مُحَمَّد ناصر الدين الألباني، ط:٣.

٥٤. **المصنف ابن أبي شيبة**: ت: كمال يوسف الحوت، ط:١.
٥٥. **المعجم الأوسط**: للطبراني.
٥٦. **المعجم الصغير**: للطبراني.
٥٧. **المعجم الكبير**: للطبراني، ت: حمدي بن عبد المجيد السلفي، ط:٢.
٥٨. **المعجم في أسامي شيوخ أبي بكر الإسماعيلي**: ت: د. زياد مُحَمَّد منصور.
٥٩. **معرفة الصحابة**: لأبي نعيم الأصبهاني، ت: عادل بن يوسف العزازي.
٦٠. **مفتاح دار السعادة**: لابن قيم الجوزية، ت: عبد الرحمن بن حسن بن قائد.
٦١. **المفهم لما أشكل من تلخيص كتاب مسلم**: لأبي العباس القرطبي، ت: محيي الدين ديب ميستو - أحمد مُحَمَّد السيد - يوسف علي بديوي - محمود إبراهيم بزال، ط:١.
٦٢. **المنهاج شرح صحيح مسلم بن الحجاج**: للنووي, ن: دار إحياء التراث العربي - بيروت, ط٢, ١٣٩٢هـ.
٦٣. **النهاية في غريب الحديث والأثر**: لابن الأثير.
٦٤. **نور البصائر والألباب**: لعبدالرحمن بن ناصر السعدي.
٦٥. **وحاشية السندي على سنن أبي داود**: ت: مُحَمَّد زكي الخولي.

ناوەڕۆک

پێشەکی ٥
هاندان بۆ ئەنجامدانی کردەوە لە پێناو خوای گەورە وترسناکی ریاء ٧
ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە ١١
ئەو سێ شتەی نابێت دڵی موسڵمان ڕق وقینەی بەرامبەریان هەبێت ١٣
فەرمانڕەوایان لە قوڕەیشن ١٨
سەبارەت بە گەورەیی تاوانی ئەو سێ کەسە پرسیاریان مەکەن ١٩
ئەو کەسانەی تام وچێژی ئیمانیان چەشتووە ٢١
ئەو کەسانەی دوو جار پاداشت وەردەگرن ٢٤
ئیمان هێنان پاش ڕوودانی ئەم سێ شتە سوودی نییە ٢٥
ڕشتنی خوێنی موسڵمان ڕەوا نییە تەنها بەم شتانە نەبێت ٢٧
جۆرەکان زوڵم ٣٠
ئەو کردەوانەی کوفرن بە خوای گەورە ٣٢
ئەو کردەوانەی لە کردەوەی جاهیلیەتە ٣٣
بانگەوازی کردنی موشریکەکان بۆ یەکێک لەم سێ شتە پێش جیهاد
کردن لەگەڵیان ٣٥
صولحی حودیبیە ٣٨

ئەو کردەوانەی نیشانەی دوو ڕووەکانە ٣٩
خۆتان بپارێزن لەو سێ شوێنەی کە دەبنە هۆی لەعنەت کردنی خەڵکی لێتان ٤٠
ئەو سێ شتەی لە إسراء و معراج بە پێغەمبەری خوا ﷺ بەخشرا ٤٢
ئەو کاتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغە کردووە نوێژی تێدا بکرێت ومردوو بنێژرێت ٤٥
بەشەکانی نوێژ ٤٦
تەکبیرکردن ودەست بەرزکردنەوە لە نوێژدا لەگەڵ خوێندنی دوعای استفتاح ٤٧
ئەو کردەوانەی لە ڕەوشتی پێغەمبەرانە ٤٩
ئەو کەسانەی نوێژیان بەرز نابێتەوە ووەرناگیرێت ٥٠
ئەو کەسانەی خوای گەورە فەرز وسوننەتیان لێ وەرناگرێت ٥٣
ئەو کردەوانەی پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە ئەنجامی بدات ٥٦
سێ جۆرە کەس وتار بۆ خەڵکی دەدەن ٥٧
سێ جۆرە کەس ئامادەی وتاری هەینی دەبن ٦٠
دانیشتن لە مزگەوت سێ شت بەدەست دەهێنی ٦٢
گەشت کردن بە مەبەستی عیبادەت بۆ هیچ مزگەوتێك مەکەن تەنها سێ مزگەوت نەبێت ٦٣
اعتکاف ناکرێت تەنها لەم سێ مزگەوتە نەبێت ٦٦
میوانانی خوای گەورە ٦٧

مالّی بەندەکان دەبێتە سێ بەش ٦٩
ئەو شتانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوێندی لەسەر خواردوون... ٧٠
ئەو شتانەی حەق وڕاستن ٧٤
داواکردنی پارە وسامان دروست نییە تەنها بۆ ئەم چەند کەسە نەبێت ٧٦
دەستەکان دەبنە سێ جۆر..... ٧٩
ئەو شتانەی خوای گەورە حەڕامی کردوون یان قەدەغەی کردوون ٨٠
ئەو شتانەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێ کردووە یان ڕێگری کردووە ٨٢
ئەو شتانەی کە پێغەمبەری ﷺ قەدەغەی کردبوون پاشان فەرمانی پێدا ٨٩
ئەو شتانەی موسڵمانان تێیدا هاوبەشن و نابێت لە یەکتری قەدەغە بکەن... ٩١
سێ ئامۆژگاری پێغەمبەری خوا ﷺ ٩٣
ئەو سێ ڕۆژە بە ڕۆژوو بە ئەگەر وێستت لە مانگێکدا بە ڕۆژوو بیت..... ٩٦
ئەو سێ شتەی کە بە هیچ ئوممەتێك نەدراوە جگە لە ئوممەتی محمد ﷺ ٩٧
ئەو سێ شتەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کرد بۆ ئوممەتەکەی.....٩٩
خوای گەورە ئوممەتی محمدی ﷺ پاراستووە لەم سێ شتە ١٠١
ئەو کردەوانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئوممەتەکەی ترساوە ١٠٢
ئەو کەسانەی دوعا وپاڕانەوەیان ڕەت ناکرێتەوە ووەردەگیرێن ١٠٣

ئەو کەسانەی دوعا وپارانەوەیان گێرا نابێت ١٠٥
هەرکەسێك دوعا بکات ئیلا یەکێك لەم سێ شتەی پێ دەدرێت ١٠٧
سێ گەورەترین ناوی خوای گەورە لە قورئاندا ١٠٩
داواکاریەکانی پێغەمبەر سولەیمان عَلَيْهِ ٱلسَّلَامُ ١١٠
ئەو کردەوانەی دەبنە هۆی لە ناو بردن یان پزگار کردن یان سزاینەوەی
تاوان یان پلەی بەرز کردنەوە ١١٢
ترسناکی لە خۆبایی بوون ١١٤
ئەو شتانەی دەبنە هۆی بەختەوەری وبەدبەختی ١١٦
ئەو شتانەی شوومیان تێدایە ١٢٠
ئافرەت لەبەر سێ هۆکار خوازبێنی دەکرێت ١٢٥
ئەو شتانەی ڕاستیان ڕاستیە، گاڵتە کردنیاشیان هەر ڕاستیە ونابێت
گاڵتەی تێدا بکرێت ١٢٦
سێ شت یاری و ڕابواردن تێیدا دروستە ١٢٨
ئەو کاتانەی درۆ کردن یان توریە ڕێگەی پێدراوە ١٣١
ئەو کەسانەی لە ژێر زەمانەتی خوای گەورە دان ١٣٩
ئەو کەسانەی مافی خۆیانە خوای گەورە یارمەتیان بدات وکۆمەکیان
بکات ١٤٢
ئەو کەسانەی خوای گەورە خۆشیانی دەوێت یان ڕقی لێیانە ١٤٣
پاڕێزگاری لەو کردەوانە بکەن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی
صَلَّى ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ خۆشتانی دەوێن ١٤٧
ئەو کەسانەی مەلائیکەت نزیکیان نابنەوە ١٤٨

ئەو شتانەی شیفایان تێدایە ١٥٠
ئەو شتانەی بەرەکەتیان تێدایە ١٥٤
ئەو کەسانەی قەڵەمیان لەسەر هەڵگیراوە و گوناهەکانیان نانوسرێت ١٥٥
خوای گەورە لەو شتانەی ئوممەتی محمد ﷺ خۆشبووە ١٥٦
سێ جۆرە کەس قورئان دەخوێننەوە ١٥٩
جۆرەکانی دادوەر ١٦٠
جۆری کوژراوەکان ١٦٢
جۆرەکانی جنۆکە ١٦٥
گرێیەکانی شەیتان ١٦٦
سێ جۆرە کەس کشتوکاڵ دەکەن ١٦٧
ئەسپ سێ جۆرە، وە بۆ سێ کەسە ١٦٨
جۆرەکانی خەون ١٧١
ئەو منداڵانەی بە مەڵۆتکەیی قسەیان کردووە ١٧٣
سێ شت ڕەت ناکرێتەوە ئەگەر بۆتیان هێنا ١٧٨
ئەو شتانەی پێش مردن لێی بەری بیت دەچیتە بەهەشتەوە ١٧٩
ئەو شتانەی شوێن مردوو دەکەون ١٨٢
کردەوەی چاك دڵسۆزترین وبەوەفاترین هاوڕێیە ١٨٣
ئەو کردەوانەی دوای مردنیش پاداشت بۆ خاوەنەکەی دەچێت ١٨٧
سێ بابەت کە بەڵگەن لەسەر پێغەمبەرایەتی محمد ﷺ ١٨٨
مۆری ئەنگوستیلەکەی پێغەمبەری ﷺ لە سێ دێر
پێکهاتبوو ١٩٠

هەرکەسێك لەم فیتنانە ڕزگاری ببێت بێگومان ڕزگاری بووە ١٩١
فەزڵی بەنو تەمیم ١٩٥
لە نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت ١٩٦
خەڵکی پێش ڕۆژی قیامەت بە سێ شێوە کۆدەکرێنەوە ١٩٩
بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی و زیندووبوونەوە ٢٠١
لێ پرسینەوەمان لەگەڵ دەکرێت لەسەر هەموو ئەو نیعمەتانەی پێمان
بەخشراوە ٢٠٣
ئەو کەسانەی خوای گەورە قسەیان لەگەڵ ناکات و سەیریان ناکات
ونایان خاتە بەهەشتەوە ٢٠٥
ئەو کەسانەی خوای گەورە دژیانە لە ڕۆژی قیامەت ٢١٢
ئەو کەسانەی ئەهلی بەهەشتن ٢١٣
سێ کەس بەهەشت تامەزرۆیانە ٢١٥
سێ فەزڵی خەلیفەی چوارەم علي بن أبي طالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ٢١٦
ئەو کەسانەی لە ڕۆژی قیامەتدا چاویان ئاگر نابینێت ٢١٨
ئەو کەسانەی دەخرێنە ناو دۆزەخ ٢١٩
ئەو شتانەی لە بەهەشتەوە دابەزیون بۆ سەر زەوی ٢٢١
سەرچاوەکان ٢٢٣
ناوەڕۆك ٢٢٧

کۆکردنەوەی چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوایە ﷺ
کە تێیدا باسی سێ شت دەکات: سێ نیشانەی دوو ڕووەکان، سێ لە
ڕەوشتی پێغەمبەران، سێ کەس نوێژیان وەرناگیرێت، سێ کەس
دوعایان وەرەدەگیرێت، سێ کەس دوعایان وەرناگیرێت، سێ کردەوە
لەناوبەرن، سێ کردەوە تاوانەکانت دەسڕنەوە، سێ کەس خوای گەورە
دەیانپارێزێت، سێ کەس خوای گەورە خۆشیانی دەوێن، سێ کەس
مەلائیکەت نزیکیان نابنەوە، جنۆکە سێ جۆرن، سێ کەس چاویان دۆزەخ
نابینێت، سێ کەس بەهەشت تامەزرۆیانە.